# ئیمان

## بنچینەکانی و حەقیقەت و هۆکاری هەڵوەشانەوەی

نووسینی

د. محمد نعیم یاسین

وەرگێرانی

م. حسێن قادر پێنجوێنی

چاپی سێهەم

# ئیمان

بنچینەکانی و حەقیقەت و هۆکاری هەڵوەشانەوەی

نوسینی:

د. محمد نعیم یاسین

وەرگێڕانی:

م. حسێن قادر پێنجوێنی

بسم الله الرحمن الرحيم

## ناسنامەی کتێب


ناوی پەرتوک: **ئیمان**، بنچینەکانی و حەقیقەت و هۆکانی هەڵوەشانەوەی

نوسینی: د. محمد نعیم یاسین

وەرگێڕانی: م. حسێن قادر پێنجوێنی

بەرگ و دیزانین: کۆمپیوتەری سارا

نوبەی چاپ: دووەم، ٢٠١٥

ژمارەی سپاردن: ( ١٠٤١ )


*مافی لە چاپدانی پارێزراوە*

# پێشکەشە بە:

- ✓ پێغەمبەری ئازیزو خۆشەویست محمد ﷺ.
- ✓ باوك و دایکم و (محبوبە خانی) هاوسەرم و جگەر گۆشەکانم.
- ✓ مامۆستا مەلا عارفی پێنجوێنی کە لە گەڵ یەکەم وانەی قورئان بە ووشەی (لآ إلهَ إلاَّ الله) گۆشی کردم .
- ✓ شەیدایانی حەق و ڕاستی.

# سوپاس و پێزانین

❖ سوپاس و دەست خۆشی و پێزانین ئاراستەی برایانم لە پرۆژەی هیوا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە دەکەم کە هەستان بە چاپ گەیاندنی ئەم کتێبە، بە تایبەت ماموستا مەلا(ناصح محمد شاربازێری) کە سەرپەرشتی چاپ کردنی کرد.

❖ هەروەها ماموستا بەڕێز ماموستا مەلا (ئەبوبەکر پێنجوێنی) کە پێداچونەوەو هەڵە گیری کتێبەکەی کردو پێشەکی بۆ نوسی، خوای گەورە پاداشتیان بداتەوەو نمونەیان زۆر بێت.

وەرگێڕ

# پێشەکی

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

چەمکی ئیمانو بابەتە ئیمانیەکان مێژویەکی قوڵو لە دێر زەمانیان هەیە، هەروەك لە ناو زانستەکانیشدا بە (أشرف العلوم) باسکراوە، جێکەوتەی ئەمەش دیارو ئاشکرایە، چونکە لەسەر دنیای رۆحو دیوی ناوەوەی مرۆڤ کاردەکاتو خوازیاری ئەوەیە مرۆڤ هەمیشە عروج بەرەو ئاسمانەکان بکاتو خەشیەتو رەچا بکاتە کالآی بالآی خۆیو، تەنها داینەمۆو بزوێنەری مرۆڤەکان بێت لە جوڵەو بزاوتی کارو رۆژانەی تەمەنیاندا.

لە دەستەواژەی ئیماندا دنیایەك بەختەوەرییو هەستکردن بە ئارامی دڵو ئاسودەیی خۆی نمایش دەکاتو پێمان دەڵێت : ئیمانو ئینسان دوانەیەکی لێکدانەبڕاونو لەگەڵ یەکەم هەناسەی ئینسانەکاندا بە یەکتری ئاشنا بونو ئیدی بۆ هەمیشە لێکدابڕانیان مەحاڵو نامومکینە، ئاخر ئەوەتە ئیمان لە ئەمنەوە هاتووە، بە مانای ئاسایشو ئارامی واتە : کەسی ئیماندار دڵ ئارامەو دوورە لە هەر دڵەڕاوکەو مەترسیو نائارامییەك، لە ئێستاشدا زانستی نوێ ئەمەی سەلماندووەو شاهیدی لەسەر ئەوە دەدات، کە مرۆڤی باوەڕدار کەسێکی بەختەوەرو ئاسودەیەو لەهەرکەسێکی تر دوور ترە لە مەترسی توشبون بە کردەوەی خۆکوژیو نەخۆشییە دەرونیەکان، بەگشتی زانستی نوێ پێچەوانە لەگەڵ رابردوی خۆی مامەڵە دەکاتو لە ئەمڕۆدا بووەتە سەلمێنەری بنەماکانی ئیمان، ئیلحادو خودا نەناسی رەتدەکاتەوە.

، ئاخر ئەوەتە مەولانا خالید دەڵێت : (ئەگەر بە خۆم بڵێم ئیمانم هەیە دەترسم راستگۆ نەبم لە قسەکەمدا) دواجار پێویستمان بەوە هەیە تا دەکرێت لە کایەکانی ئیماندا مرۆڤێکی هەستۆکبین‌و زیاتر لە چاودێری کردنی گۆڕانی باری کەش‌و هەوا ئاگامان لە زیادو کەمی ئیمان‌و بەرزونزمی حاڵەتە ئیمانیەکەی خۆمان بێت، لە گرنگترینی نەسیمە ئیمانیەکان پاش ئارامی دڵ‌و ئاسودەیی ئەوەیە دەمان کاتە مرۆڤێکی رازی‌و دوور لە دوودڵی‌و ورکگرتن لە خۆمان‌و دەوروبەرمان.

پاشان خوێنەری ئازیز ئەم کتێبەی بەردەستت (ئیمان... بنچینەو حەقیقەت‌و هۆکانی هەڵوەشانەوەی) لە وەرگێڕانی مامۆستای رێزدارو خۆشەویستم مامۆستا (حسین مەلا قادر پێنجوێنی)یە، ئەوەندەی من بزانم لە نێوان دێڕەکانی ئەم کتێبەدا دنیایەك دڵسۆزی‌و بۆ خودابوون‌و ئیستیقامەت بەدیدەکرێت‌و، مامۆستای گەورەم لە سەرەتاییترین رۆژەکانی خوێندنی سەرەتایی ئێمەدا بەرەو ئیمان‌و مزگەوت‌و ئەخلاق بەجوانی دەستی دەگرتین‌و هەڵی دەنایین، ئێستا لە گەورەییدا دەزانم ئەو چ ئاسۆیەکی لێوە دیاربوو، ئێمەیشی بەرەو چ کازیوەیە دەبرد، بۆیە ئەویش‌و ئێمەیش هەر بەرێوەین‌و هەنگاو بەرەو مەنزڵ دەنێین، مەنزڵی ئیمانیش هێندە دوور نیە لەگەڵ دوایین هەنگاوو کۆتا هەناسەدا پێی دەگەین‌و هەردەمیش لەگەڵماندایە .

مامۆستا دەستی خۆش‌و قەڵەمی بە برشتربێت، تۆی خوێنەری هێژاش ئیمانت سەلامەت‌و دڵت ئاسودە بێت، کاری هەموو لایەکمان قبوڵی لای خودا بێت..

أبوبکر پێنجوێنی

٢٠١٠/٢/٢

## بەناوی خوای ڕۆزیدەری میهرەبان

### دەستپێك//

سوپاس و ستایش تەنها شایستەی خودی (الله)یە، ئێمەش سوپاسو ستایشی دەکەینو، داوای لێبوردنی لیٚ دەکەین دەربارەی تاوانو ئاکارە خراپەکانمان ، جا هەرکەس شوێن ڕێنمایی خوای گەورە بکەوێت ئەوا سەرلێشێواو و گومڕا نابێت ، خۆ خوا نەخواستە هەرکەسیش لە ڕێنمایی ئەو لابدات ئەوە بیٚ سەرپەرشتیار و بیٚ ڕێنمایی کار دەمێنێتەوە لە ژیاندا و سەر لێشێواو و گومڕا دەبێت، شایەتی دەدەین کە جگە لە زاتی (الله) هیچ خوایەکی تر نیەو محمدیش بەندەو ڕەوانەکراوی ئەو خوایەیە، لە پاش ئەو سوپاس و ستایش و گەواهیە دەڵێین :

مرۆڤ دروست کراوێکە لە دروست کراوەکانی ئەو خوایە ، جا خۆشی و بەختەوەری مرۆڤ لە ژیاندا وابەستە بە ناسینی ئەو خوایەوە و شوێن کەوتنی ڕێنماییەکانی، وە هۆی تێکچوون و شپرزەبوون و سەرگەردانی لە ژیاندا بە هۆی بیٚ ئاگایی و نەناسینی ئەو خوایە یە و شوێن نەکەوتنی ڕێنمایی و بەرنامەکەیەتی.

کەواتە مادام ڕاستی تەنها بەرنامەی خوایە و فەرمان و ڕێکخستنی ئەو ڕاستی یە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا وابەستە بە بڕوابوونی بە خودی (الله) و خۆبەستنەوە بە پەیڕەو کردنی بەرنامەکەی، بیٚ بڕوایی بە (الله) بەرنامەکەی هۆکاری هەموو خراپە و شپرزە بوونێکە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا .

خوای گەورە دەفەرمویت : ﴿فَمَنِ ٱتَّبَعَ هُدَایَ فَلَا یَضِلُّ وَلَا یَشۡقَىٰ ﴿١٢٣﴾ وَمَنۡ أَعۡرَضَ عَن ذِكۡرِی فَإِنَّ لَهُۥ مَعِیشَةً ضَنكًا وَنَحۡشُرُهُۥ یَوۡمَ ٱلۡقِیَـٰمَةِ أَعۡمَىٰ ﴿١٢٤﴾﴾ طه. واتە : هەرکەسێ شوێن رێنمایی من بکەوێ ئەوا سەرلێشێواو گومرا و دڵ رەق نابێت. وە هەرکەس پشت لە یاد و بەرنامەی من بکات ئەوا لە ژیاندا سەرگەردان و سەر لێ شێواو دەبێت و لە رۆژی دوایشدا بە کوێری حەشر دەکرێت.

بە راستی مرۆڤ لە دونیادا بە دوو شت تاقی دەکرێتەوە، رێگەی سێهەم نی یە بۆ تاقیکردنەوەی ، ئەو دوانەش ئەمانەن :

أ - ژیکر و یادی خودا و شوێن کەوتنی بەرنامەکەی .

ب - لە بیرچونەوەی خودا و نەناسینی و پشت کردنە بەرنامەکەی.

جا لەبەر ئەوەی پیرۆزترین شتێك کە مرۆڤ پێویستە فێری ببێت و خەڵکانی تریش فێربکات ، بنەماکانی باوەڕ و ئاینەکەیەتی ، وە شتێك کە خۆی لێ بپارێزێت بێ باوەڕی یەتی و هۆکانیەتی ، جا وا لەم چەند وانەیەدا ئەم دوو مەبەستەمان روون کردۆتەوە :

بەشی یەکەم / بنەماکانی باوەڕی راستی لە خۆ گرتووە

بەشی دووەم / هۆکانی بێ باوەڕی لەخۆ گرتووە .

لە خوای گەورە دەخوازین کارەکەی لێ وەرگرتبێتێن‌و یارمەتی بەردەوام و رێنمایش هەر لەوەوە یە.

# بەشی یەکەم:

## بنچینەکانی باوەڕ:

یەکەم:  باوەڕ بەخودا

دووەم:  باوەڕ بە فریشتەکانی خودا

سێیەم:  باوەڕ بە پەڕاوەکانی خودا

چوارەم:  باوەڕ بە پێغەمبەرانی خودا

پێنجەم:  باوەڕ بە ڕۆژی دوایی

شەشەم:  باوەڕ بە قەزا و قەدەر

# بنچینەکانی باوەڕ

باوەڕ لە زمانەوانیدا : سەلماندن و بەڕاست زانین و دان پیانان لەگەڵ مل کەچ کردن بۆ خەبەر(گوزارش) .

باوەڕ لـــە شـــەرع دا : بە دڵ بەراست زانین و دان پیانانە بە هەموو ئەوەی کە پێغەمبەر (ﷺ) هێناویەتی لە لایەن زاتی خودای مەزنەوە.. هەروەها بڕیاردان بە زمان و جێ بەجێ کردنی کرداری بە ئەندامەکانی دیکەش ، ئەمە تەواوترین بڕوایە کە خاوەنەکەی دەگەیەنێنە بەختیاری کە بەڕاست زانینە بە دڵ و بڕیاردانە بە زمان و کردارە بە ئەندامەکان، خوای گەورە دەفەرموێت :

﴿ءَامَنَ ٱلرَّسُولُ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيۡهِ مِن رَّبِّهِۦ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَۚ كُلٌّ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ لَا نُفَرِّقُ بَيۡنَ أَحَدٖ مِّن رُّسُلِهِۦۚ وَقَالُواْ سَمِعۡنَا وَأَطَعۡنَاۖ غُفۡرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيۡكَ ٱلۡمَصِيرُ ﴿٢٨٥﴾﴾ البقره.

واتـە: پێغەمبـەر (ﷺ) بـڕوای هێنـا بـەوەی کـە هاتۆتـە خـوارەوە لـە پەروەردگاریـەوە ، بـڕواداران هەریەکـەیان بڕوایـان هێنـا بـە زاتـی (الله) و فریشتەکانی و پەڕاوەکانی و پەیامبەران و جیاوازی ناخەینە نێوان هیچ کام لە پەیامبەرانی. هەروەها پەروەردگار فەرمویەتی :

﴿لَّيۡسَ ٱلۡبِرَّ أَن تُوَلُّواْ وُجُوهَكُمۡ قِبَلَ ٱلۡمَشۡرِقِ وَٱلۡمَغۡرِبِ وَلَٰكِنَّ ٱلۡبِرَّ مَنۡ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ وَٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ وَٱلۡكِتَٰبِ وَٱلنَّبِيِّـۧنَ .. ﴿١٧٧﴾﴾ البقره.

واتە : چاكە ئەوە نیە كە روو بكەنە رۆژهەلات یان رۆژئاوا ، بەلكو چاكەی هەر كەسێك ئەوەیە بڕوای هەبێ بە خوا و رۆژی دوایی و فریشتەكان و پەڕاوەكان و بە پێغەمبەران .

لە فەرموودەی فریشتەی نیگاجبریل (علیە السلام) دا كاتێك كە هاتۆتە خزمەت پێغەمبەر (ﷺ) لە شێوەی عەرەبێكی دەشتەكیدا هاتوو پرسیاری لێكرد لە بارەی :

(أ) ئیسلام . (ب) ئیمان. (جـ) چاكە ( إحسان ).

پێغەمبەر (ﷺ) دەبارەی بڕوا فەرمووی : ﴿ **أن تؤمِنَ باللّه و ملائكتهِ و كُتُبهِ و رُسُلهِ و اليَوم الآخر و تؤمِنَ بالقَدَرِ خَيرِهِ و شَرِّهِ** ﴾

واتە : بڕوا ئەوەیە كە بڕوات هەبێت بە خوا و فریشتەكانی و پەڕاوەكانی و پەیامبەرەكانی و رۆژی دوایی و هەروەها بڕوات هەبێت بە بڕیاری تایبەتمەندی چاكو خراپ .

بەڕاستی بنچینەكانی بڕوا ، ئەو شەش بنچینەیەیە كە پێغەمبەر (ﷺ) رِوونی كردۆتەوە ، جا بڕوای هیچ كەسێك دانامەزرێت و تەواو نابێت مادام بڕوای بە هەموویان نەبێت ، هەروەك لە قورئان و سوننەتدا هاتووە ، وە هەركەس ئینكاری هەر كامێكیان بكات لە بازنەی بڕوا دەچێتە دەرەوە و دەچێتە ریزی كافرانەوە .

# یەکەم: باوەڕ بە خوای گەورە

باوەڕ بەخوا واتە بڕوای پتەو بەوەی کە خودا (ﷲ) پەروەردگاری هەموو شتێکە و خاوەنیەت و بەدیهێنەریەتی و تەنها ئەوە کە شایەنی ئەوەیە بە تەنها بپەرسترێت، وە هەر ئەوە کە خاوەنی سیفەتە تەواوەکانە ، خاوێنە لە هەموو ناتەواوییەك، بڕوا بە زاتی خوا یەکتایی ئەوو لە خۆ دەگرێت لە سێ ڕووەوە[1] :

1. لە پەروەردگارێتیدا . ( خاوەندارێتی ) .
2. لە خوایەتیدا . ( پەرستن ) .
3. لە سیفات و ناوە جوانەکانیدا .

## یەکەم: یەکتایی پەروەردگاریەتی:

**واتە گشتی یەکەی** : بڕوای تەواو بەوەی کە (ﷲ) پەروەردگاری هەموو شتێکە و جگە لەو پەروەردگاری تر نیە .

---

(١) لە شەرحی عەقیدەی تەحاوی وەرگیراوە .

مەبەست لە پەروەردگاریەتی زاتی (ﷲ) لەسەر دروست کراوەکانی یانی یەکتاناسینی و زانینی لە دروست کردنیانو خاوەنداریێتی کردنیانو راپەڕاندنی کاروبارياندا ، کەواتە بە یەکتاناسینی (ﷲ) لە پەروەردگاریەتیدا دان نانە بەوەی کە بە تەنها دروست کاری دروست کراوەکانەو خاوەنیانە و بەدیهێنەریانە، مرێنەریانە و سود پێگەیەنەریانەو زیان پێگەیەنەریانەو، بەدەسەڵاتە بەسەریانداو بەخشندەیە بۆیان، و هەموو کاروبارێکیان دەگەڕێتەوە بۆلای ئەو :

﴿أَلَا لَهُ ٱلۡخَلۡقُ وَٱلۡأَمۡرُۗ تَبَارَكَ ٱللَّهُ رَبُّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ۝٥٤﴾ الأعراف/٥٤ .

بەڵێ بەدیهێنان و کاروبار هەمووی بۆ ئەو دەگەڕێتەوە، پیرۆزی هەر بۆ زاتی (ﷲ) یە کە پەروەردگاری جیهانیانە. هەروەها ئەبێ ئەوەش بزانین کە لەم یەکتاناسینەدا بڕوامان هەبێ بە بڕیارە تایبەتمەندەکانی زاتی (ﷲ).

واتە: دان نان بەوەدا کە (ﷲ) فەرمانڕەوای تەواوە لە بونەوەردا بەوەی کە هەر ئەوە بەدیهێنان و راپەڕاندنو مردن وە کەس لەوانەدا هاوبەشی نی یە .

قورئانی پیرۆز ئەم جۆرە یەکتاناسینەی زاتی خوای بە تەواوی ئاشکرا کردووە، ئەتوانین بڵێین سورەتێك نیە کە تیایدا باسی نەکرابێت، یان ئاماژەی بۆ نەکردبێت ، ئەم جۆرە یەکتاناسینەی زاتی (ﷲ) وەك بەردی بناغە وایە بۆ جۆرەکانی تری یەکتاناسینی زاتی (ﷲ) .کەواتە تەنها کەسێك کە شایانی ئەوە بێت رووی تێ بکرێت بۆ خوا پەرستی و مل کەچ بوون و سوپاس و ستایشی بکرێت و یادی بکرێت بۆ خوا پەرستی و بپەرسترێت تەنها زاتی (ﷲ) یە کە بەدیهێنان و کاروبار هەمووی بۆ ئەو دەگەڕێتەوە .

هەروەها کەسێك کە بەدیهێنەر و خاوەنو راپەڕێنەر بێت تەها ئەوە کە شایستەی سیفەتی بەرزایەتی و جوانی و تەواویە ، کە ئەم سیفەتانە تەنها شایستەی پەروەردگاری جیهانیانە . وە ئەوە شتێکی نەگونجاوە کە پەروەردگاریەتی و خاوەنیەتی بدرێتە پاڵ شتێك کە زیندوو نەبێتو بیسەرو بیناو بەدەستەڵاتو بکەر نەبێت بۆ هەر کارێك کە بیەوێت . لە بەر ئەوە ئێمە دەبینین کە قورئانی پیرۆز ئەم جۆرە یەکتاناسینە لە ئاستی سوپاسگوزاری و خوا پەرستی خوادا دەربڕیوە..

هەروەها لە ئاستی روونکردنەوەی سیفەتە بەرزەکانیدا ، جا ئەوەتە موسوڵمان لە هەموو کاتێکی نوێژدا ئەم ئایەتەپیرۆزە دەخوێنێت :﴿ الحمد لله ربِّ العالَمين ﴾واتە سوپاسو ستایش بۆ پەروەردگاری هەموو جیهانیان .

وەك لە ئاستی رووکردنە خواو دڵسۆزی لە روو تێکردندا ئەم ئایەتە پیرۆزە دەفەرموێت : ﴿قُلْ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحْيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ ﴿١٦٢﴾﴾ الأنعام. واتە :( ئەی محمد ﷺ ئەی بڕوادار ) بڵێ بەڕاستی نوێژو قوربانیو خواپەرستی و ژیانم و مردنم بۆ پەروەردگاری جیهانیانە.

وە لە ئاستی سەرپەرشتی کاری خوادا دەفەرموێت: ﴿قُلْ أَغَيْرَ اللَّهِ أَتَّخِذُ وَلِيًّا فَاطِرِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَهُوَ يُطْعِمُ وَلَا يُطْعَمُ ۗ قُلْ إِنِّي أُمِرْتُ أَنْ أَكُونَ أَوَّلَ مَنْ أَسْلَمَ ۖ وَلَا تَكُونَنَّ مِنَ الْمُشْرِكِينَ ﴿١٤﴾﴾الأنعام. واتە: (ئەی محمد ﷺ ئەی موسوڵمان) بڵێ : " ئایا جگە لە خوا کەسێکی تر بکەم بەسەرپەرشتیار ، کە بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوی یە وە بڵێ من فەرمان

پێدراوم کە یەکەم کەس بم کە ملکەچی فەرمانی خودا بم وە ئێوەش لە کۆمەڵی هاوبەش پەیداکەران مەبن "

وە لە ئاستی خوا پەرستیدا بۆ زاتی (اللهِ) دەفەرموێت :﴿وَمَا لِيَ لَآ أَعۡبُدُ ٱلَّذِي فَطَرَنِي وَإِلَيۡهِ تُرۡجَعُونَ ﴿٢٢﴾﴾یس. واتە : چیم هەیە کە وام لێ ئەکات ئەوەی کە دروستی کردوم و بۆلای ئەویش دەگەڕێمەوە نەیپەرسم ؟!

کەواتە تەنها بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوی یە کە شایستەی ئەوەیە بپەرسترێت و بکرێتە سەرپەرشتیار .

لەلایەکی ترەوە ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین کە قورئانی پیرۆز کۆکارێکی کردوە لە نێوان ناوە جوانەکان و سیفەتە بەرزەکانیدا ئەمەش بە روونی دەردەکەوێت ئەگەر بە وردی سەرنجی ئەم ئایەتە پیرۆزە بدەین:

﴿ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡحَيُّ ٱلۡقَيُّومُۚ لَا تَأۡخُذُهُۥ سِنَةٞ وَلَا نَوۡمٞۚ لَّهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۗ مَن ذَا ٱلَّذِي يَشۡفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذۡنِهِۦۚ يَعۡلَمُ مَا بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ وَمَا خَلۡفَهُمۡۖ وَلَا يُحِيطُونَ بِشَيۡءٖ مِّنۡ عِلۡمِهِۦٓ إِلَّا بِمَا شَآءَۚ وَسِعَ كُرۡسِيُّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَۖ وَلَا يَـُٔودُهُۥ حِفۡظُهُمَاۚ وَهُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡعَظِيمُ ﴿٢٥٥﴾﴾ البقره.

واتە : خودی (اللهِ) یە هیچ خوایەك نیە جگە لەو ، کە هەمیشە زیندوە و بەئاگایە ، وەنەوز و خەو نایباتەوە و ، هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوی دا هەیە هی ئەوە و لە ژێر دەسەڵاتی ئەودایە، کەس ناتوانێت داواکاری لێبوردن یان پاداشت دانەوەبێت بۆ هیچ کەسێك مەگەر بە مۆڵەتی خودی خۆی، ئاگادارە

بەسەر هەموو روداوەکانی پێش‌و پاشیاندا و لە هەموو کاروبارێکی دین‌و دنیا، وە هیچ کەسێك هیچ زانیاری یەك نازانێت لە زانیاریەکانی خوای مەزن مەگەر بە ویستی زاتی خۆی نەبێت ، عەرشی خوای مەزن هەموو ئاسمانەکان‌و زەوی دەگرێتەوە و پاراستن‌و بەڕێوەبردنیان هیچ تەنگژەیەکی تیانی یە بەلای زاتی ئەوەوە و کە زاتی بەرز و بڵندەو بەتوانایە بەسەر هەموو شتێکدا .

لێرەدا بە تەواوی روون دەبێتەوە کە ئەو کەسەی کە بەدیهێنەری ئاسمانەکان‌و زەوی یە تەنها ئەوە کە هەیشە زیندوە و نامرێت‌و بە ئاگاو زانایە بەسەر هەموو شتێکدا، هەموو شتێك لای ئەو پارێزراوە بفەرموو ئەم فەرمودەی قورئانی پیرۆز:﴿أَلَا يَعۡلَمُ مَنۡ خَلَقَ وَهُوَ ٱللَّطِيفُ ٱلۡخَبِيرُ ١٤﴾ الملك.

واتە: چۆن دەبێت بەئاگاو زانا نەبێت بەسەر هەموو شتێکدا ئەو کەسەی کە بەدیهێنەرە وە ئەو زانایە بەسەر هەموو دیار و نادیارێکدا لەناو دروست کراوەکانیدا . لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ، کە هیچ مشت‌ومڕێك نامێنێت لەوەدا کە ئەو کەسەی بەدیهێنەری بەدیهێنراوەکانە هەر ئەویش چاودێریانە و بەئاگاو زانایە بەسەریانەوە .

جا ئەوانەی کە بڕیاری ئەوە دەدەن ، کە زاتی (ﷲ) پەروەردگار و بەدیهێنەری هەموو شتێکە بەڵام بە یەکتای نازانن لە ناو سیفەتەکانیدا و ئەینوێنن بە سیفەتی بەدیهێنراوەکان ، بە راستی ئەم جۆرە یەکتاناسینە لە بازنەی کوفر بەدەریان ناهێنێ و ئاوێزانی بازنەی بڕوایان ناکات، سەرنجێکی ئەم ئایەتە پیرۆزە بدە : ﴿وَمَا يُؤۡمِنُ أَكۡثَرُهُم بِٱللَّهِ إِلَّا وَهُم مُّشۡرِكُونَ ١٠٦﴾ یوسف.

واته : زۆربەی خەڵکی بڕوایان بە خودی (ﷲ) هەیە ، بەڵام هاوبەشی بۆ دائەنێن لە پەرستندا. موجاهید دەربارەی ئەو ئایەتە دەفەرموێت :" بڕوای ئەوانە بەخوا ، دان نانیان بەوەی کە دەڵێن خوا بەدیهێناوین‌و ڕۆزیمان دەدات‌و دەمان مرێنێت‌و ئەمە بڕوایە کە وابەستە بە عیبادەت کردنی غەیری خواوە"

هەروەها کۆمەڵێك لە ( سلف الصالح) دەفەرموون: " لەوانە پرسیار دەکرێت کێ ئاسمانەکان‌و زەوی دروست کردوە ، دەڵێن خوا، لەگەڵ ئەمەشدا کەسانی تر یان شتی تر دەپەرستن، جا لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ، کە زۆربەی بەندەکان نکوڵی بەدیهێنەریەتی‌و پەروەردگاریەتی خودی (ﷲ) ناکەن بەڵام ( کفر) بێباوەڕیەکەیان لەوەدایە کە جگە لەخوا کەسی تر دەپەرستن .

## دووەم: یەکتا ناسینی خودی ﴿ﷲ﴾ لە خوایەتی دا(پەرستن):

واتە بە گشتی بریتی یە لە بڕوایەکی گشتگیر بەوەی کە (ﷲ) خوای ڕاستەقینەیە و، هیچ خوایەکی تر نی یە و تەنها ئەوە شایستەی پەرستن بێت . وە مەبەست لە خوا ئەوەیە کە پەرستراو بێت، وە مەبەستیش لە پەرستن گوێ ڕایەڵی و مل کەچ بوون و خۆبەکەم زانینە بەرامبەر بە پەرستراو (خوا ) هەروەك هەندێك لە زانایانیش دەفەرموون "پەرستن مانای " خۆشەویستی تەواو لەگەڵ مل کەچی تەواودا" .

کـەوا بێـت یەکتاناسـینی خـودی (ﷲ) لـە خوایەتیـدا دائەمـەزرێت لەسـەر دڵسۆزی لە پەرستنی زاتی (ﷲ) دا لە نهێنیو ئاشکرادا . کەواتە بڕوادار تەنها (ﷲ) دەپەرستێتو دڵسۆزی لـە پەرستنیدا دەنوێنێت ، وەخۆشەویستی و ترس و تکاو داواو پشت بەستنی تـەنها رووبەڕووی ئـەو دەکاتـەوە ، لەگـەڵ هەموو جۆرە خواپەرستیەکدا .

بەڵێ ئەم جۆرە یەکتاناسینە هەموو یەکتاناسینەکانی تر لە ئامێز دەگرێت، وەك یەکتاناسینی خودی (ﷲ) لـە پـەروەردگاریو ناوەجوانەکانیـدا، جا ئـەو بەندەیـەی ، کـە خـودی (ﷲ) بـە یـەکتا ئەناسـێ لـە خوایەتیـدا، دان بـەوەدا ئەنێت کە تەنها ئەو شایستەی پەرستنە ، وەجگـە لـەو هـیچ کەسـێك وە هـیچ شتێکی دی شایستەی هیچ جۆرە پەرستنێك نی یە ، وە دان بەوەدا دەنێت کە تـەنها خـودی (ﷲ) پـەروەردگاری جیهانیانـە و خـاوەنی نـاوە جوانـەکان و سیفەتە تەواوەکانـەو لـە هـەموو ناتەواویـەك بـەدورە . ئـالێرەدا ئـەوەمان بـۆ دەردەکەوێت کە شەهادەی (لاَ إلَـهَ إلاَّ الله ) هـەموو چەشـنەکانی یەکتاناسـینی خودی (ﷲ) لەخۆ دەگرێت.

کەوابوو ئەم جۆرە یەکتاناسینەی خودی(ﷲ) سەرەتاو کۆتاییو دیارو نادیاری ئاینە، وە تەنها لەبەر ئەم جۆرە یەکتاناسینە دروست کراوەکان خوا دروستی کردون وەکو خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ۝٥٦﴾ الذاريات.

حەز دەکەم لێرەدا ئاماژە بۆ فەرموودەیەکی ( إبن تیمیه) بکەم لە بارەی ئەم جۆرە یەکتاناسینەوە: (ئەم جۆرە یەکتاناسینە جیاکەرەوەیە لە نێوان

یەکتاپەرستان و هاوبەشی دانەراندا پاداشتو سزا دەکەوێتە سەر ئەم یەکتاناسینە و هەرکەس لەسەر ئەم یەکتاناسینە نەبێت لە کۆمەڵی هاوبەشی پەیداکەراندایە ) هەر لەبەر ئەم یەکتاناسینەیە، کە پێغەمبەران رەوانە کراون و پەڕاوو بەرنامەکانیش دابەزێنراون ، وەکو خوای مەزن لە قورئاندا دەفەرموێت : ﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولاً أَنِ ٱعْبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجْتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَ ... ﴿٣٦﴾﴾ النحل. واتە: بۆ هەموو ئومەتێك پەیامبەرێکمان رەوانە کردووە، کە تەنها زاتی (ﷲ) بپەرستن‌و دور بکەونەوە لە مل هوڕان ..

هەروەها دەفەرموێت : ﴿وَمَآ أَرْسَلْنَا مِن قَبْلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِىٓ إِلَيْهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعْبُدُونِ ﴿٢٥﴾﴾الأنبياء. واتە: ئەی محمد (ﷺ) هیچ پەیامبەرێکمان پێش تۆ رەوانە نەکردووە ، بە دڵنیایی نیگامان بۆ ناردووە ، کە هیچ خوایەکی تر جگە لە من نی یە ، کەوابوو بیپەرستن .

کەوابوو ئەم یەکتاناسینەی خودی (ﷲ) یە کە بنچینە و بنەمای ئاینی ئیسلامەو دوو شەهادەتەکە، یەکەم بنچینەی ئیسلامن. وەك پێغەمبەر ( ﷺ) دەفەرموێت: ﴿ **بُنْيَ الاسْلامُ على خَمْسٍ : شَهَادَةُ أن لا إلَهَ إلاّ الله و أن مُحَمَداً رَسُولُ الله وَ إقَامِ الصَلاَةِ و إيتَاءَ الزَّكاةِ و صَومِ رِمَضَان وَ حَجِّ البَيتِ** ﴾ **رواه (بخاري و مسلم )**..

بە یەکتاناسینی خودی (ﷲ) لە خوایەتیدا ئەوە لەسەر بڕوادار پێویست دەکات، کە لە هەموو خواپەرستیەکدا تەنها روو لەو بکات ، وە ئەم چەشنە خواپەرستیە کۆمەڵێك پێویستی لە خۆدەگرێت :

١.  خۆشەویستی و دڵسۆزی بۆ خوای گەورە بە شێوەیەك كە بەندە هاوبەشی بۆ دانەنێت لە خۆشەویستیدا و ، كەس پێش ئەو نەخات لە خۆشەویستی دا ، هەروەك هاوبەش پەیداكەران دەیكەن ، خوای مەزن دەفەرموێت : ﴿وَمِنَ ٱلنَّاسِ مَن يَتَّخِذُ مِن دُونِ ٱللَّهِ أَندَادًا يُحِبُّونَهُمْ كَحُبِّ ٱللَّهِ ۖ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ أَشَدُّ حُبًّا لِّلَّهِ... ﴿١٦٥﴾ ﴾ البقرە. واتە : هەندێ لە خەڵك هەن كە هاوبەش دا ئەنێن بۆ خودی (ﷲ) و خۆشیان ئەوێن وەك خۆشەویستی خوا ، بەڵام بڕواداران ـ واتە ئەوانەی بڕوایان هێناوە ـ زاتی (ﷲ) یان لە هەموو كەس و شتێك خۆشتر دەوێت ، گومان لەوەدا نیە ئەگەر بەندە جگە لە (ﷲ) هاوبەشێك دابنێت و خۆشی بوێت ، ئەوە بەهاوبەشی گەورە دا دەنرێتو ، هەرگیز زاتی (ﷲ) لێی نابورێت .

جا پێویستە لەسەر بەندە ، كە خۆشەویستی خودی (ﷲ) بدات بەسەر هەموو خۆشەویستیەكدا وە هەرچی یەكی خۆش ویست تەنها لەبەر ئەو خۆشی بوێت .

٢.  پێویستە بەندە داواو پشت بەستن و تكای تەنها رووبەرووی خودی (ﷲ) بكاتەوە و دڵنیا بێت كە تەنها ئەو بەدەستەڵاتە بۆ جێ بەجێ كردنیان . خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَلَا تَدْعُ مِن دُونِ ٱللَّهِ مَا لَا يَنفَعُكَ وَلَا يَضُرُّكَ ۖ فَإِن فَعَلْتَ فَإِنَّكَ إِذًا مِّنَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿١٠٦﴾ ﴾ یونس. واتە جگە خودی (ﷲ) داوا لەكەس مەكە ، جا ئەگەر جگە لەو داواو هانات بۆ كەسێكی تر برد ئەچیتە ریزی ستەمكارانەوە .

٣. پێویسته بەندە تەنها لە زاتی (اللّٰه) بترسێت ، هەر کەسێك بڕوای وابێت کە هەندێك لە دروست کراوەکان توانای زیان پێگەیاندنیان هەیە و لێی بترسێت ئەوە هاوبەشی بۆ خوا داناوە وەك(اللّٰه) خۆی دەفەرموێت : ﴿فَإِيَّىَ فَٱرۡهَبُونِ ﴿٥١﴾﴾النحل. واتە تەنها لە من بترسن .

٤. پێویسته بەندە هەموو خواپەرستیەکانی چ وتە بێت یان کردار وەك رۆژو و نوێژ و فەرزەکانی تر تەنها بۆ خودی (اللّٰه) بێت ، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قُلۡ إِنَّ صَلَاتِي وَنُسُكِي وَمَحۡيَايَ وَمَمَاتِي لِلَّهِ رَبِّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ﴿١٦٢﴾﴾ الأنعام. واتە : ئەی بەندەی خوا، بڵێ: کە خواپەرستن‌و نوێژو دوعاو سەربڕین‌و ژیان‌و مردنم تەنها بۆ پەروەردگاری جیهانیانە ، کە هاوبەشی نی یە وکرداریش تەنها بە فەرمانی ئەو دەکەم .

## سێیەم: یەکتاناسینی خودی﴿اللَّهُ﴾ لە ناوو سیفەتەکانیدا:

مەبەست لە واتە و مەبەستی ئەم یەکتاناسینە بڕوای گشتگیرە بەوەی کە خودی (اللَّهُ) خاوەنی هەموو سیفەتە تەواوەکانە و خاوێنە لە هەموو ناتەواویەك ، وە ئەم جۆرە یەکتاناسینە لەسەر سێ بنەما دائەمەزرێ هەرکەس لێیان لابدات ئەوە یەکتاناسی پەروەردگارەکەی نی یە لە ناو و سیفەتەکانیدا، خوا پەنامان بدات :

**یەکەم** : خاوێن راگرتنی زاتی ﴿اللَّهُ﴾لە چواندنی بە دروست کراوەکان، وە لە هەموو ناتەواوی یەك، وەك خوای مەزن دەفەرموێت: ﴿لَيْسَ كَمِثْلِهِۦ شَىْءٌ ۖ... ﴿١١﴾ الشوری.

ئیمامی ( تەبەری ) لە لێکدانەوەکەیدا دەفەرموێت ، کە (واسیتی) دەفەرموێت: ( هیچ زاتێكو هیچ ناوێكو هیچ ئاکارێكو هیچ سیفەتێك، بەوێنەی زاتو ناوو سیفەتو ئاکاری ئەو نی یە تەنها ناویان وەك یەکە، وە ئەمە رێگەی کۆمەڵی حەقو سوننەتوجەماعەتە). هەروەها (سەید قوتب) دەفەرموێت: ( فیترەت بڕوای بەو راستی یە هەیە کە بەدیهێنەر هیچ شتێك لە بەدیهێنراوەکانی بە وێنەی ئەو نی یە" وە ئەم بنەمایە ئەوە لەخۆ دەگرێت ، کە خودی (اللَّهُ) خاوێنە لەو سیفەتانەی کە پێچەوانەی ئەم سیفەتانەیە کە خۆی وەسفی خۆی پێ کردووە، پێغەمبەرەکەی(ﷺ) وەسفی کردووە، کەوابوو ئەمە وا پێویست ئەکات کە خودی (اللَّهُ) بە خاوێن رابگیرێ لە

هاوبەش بۆدانان و منداڵ بوون و ژنو مێردایەتیو لەبیرچوونو هیلاکیو بێتاقەتیو هەرشتێکی تریش لە سیفەتە ناتەواوەکان .

**دووەم:** بڕوابوون بەو سیفەتانەی کە بە قورئانو سوننەت سەلمێنراوە و لانەدان لەوانە بە هیچ جۆرێك نە بەکەمکردن نە بەزیادکردن.

لەم بنەمایەدا ئەوە پێویست دەبێت لەسەر بڕواداران ، کە تەنها ئەو ناوو سیفەتانە لە بەرچاو بگیرێ، کە لە قورئاندا هاتووە یان بە شێوەی بیستن لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) بیستراوە چونکە خوای گەورە خۆی زاناترە لە هەموو کەسێکی تر وەك دەفەرموێت: ﴿ءَأَنتُمۡ أَعۡلَمُ أَمِ ٱللَّهُۗ ..﴾ البقرە. واتە : ئێوە زاناترن یان زاتی (ﷻ) . کەوابێت مادام خودی(ﷻ) خۆی بەخۆی لە هەموو کەس زاناترە و پێغەمبەرانیش (علیهم السلام) راستگۆنو هیچ گوزارشێك نادەن مەگەر لە رێگەی نیگاوە، کەوابوو پێویستە لەم روانگەوە گەڕانەوە تەنها بۆ ئەو دوو سەرچاوە بێت ، وەکو ئیمامی (أحمد) دەفەرموێت : ( زاتی (ﷻ) بە هیچ سیفەتێك وەسف ناکرێت جگە لەو سیفەتانەی خۆی خۆی پێ وەسف کردووە یان پێغەمبەرەکەی وەسفی کردووە، وە بە هیچ جۆرێك لادان لە قورئان و سوننەت لەم بوارەدا نابێت ) .

**سێیەم:** بنبڕکردنی زیادەڕەوی ، بۆ زانینی چۆنیەتی سیفەتەکانی خودی ﴿ﷻ﴾.

لەسەر ئەم بنەمایە پێویستە کە بەندەی بڕوادار ، کە بڕوای بەو ناوو سیفەتانەی کە لە قورئانو سوننەتدا سەلمێنراوە هەبێت بەبێ ئەوەی پرسیار

بكات له چۆنیەتی ئەو سیفەتانە و گەڕان بە شوێنیا. چونکە ناسینی چۆنیەتی سیفەت ئەکەوێتە سەر ناسینی چۆنیەتی وەسف کراوەکە. ( سلف الصالح) دەفەرموون : (ڕاوەستانی خودی (الله) لەئاسمانی زەوی دا دیارە و چۆنیەتی دابەزینی بۆ ئاسمانی زەوی و ڕاوەستانی نادیارەو بڕواش بەوە پێویستەو پرسیار کردن لە چۆنیەتی یەکەی( بدعە) داهێنراوە ) .. شەوکانی لە ( تحفە) دا هێناویەتی .

جا ئەگەر کەسێك پێمان بڵێت : چۆن پەروەردگارمان دائەبەزێت بۆ ئاسمانی دنیا؟ پێی ئەوترێت ئەو چۆنە ؟ جا ئەگەر وتی من چۆنیەتی ئەو نازانم ، ئینجا پێی دەوترێت ئێمەش چۆنیەتی دابەزینەکەی نازانین ، چونکە شارەزابوون بە چۆنیەتی وەسف کراوەکە نییە .. ئیتر چۆن داوای چۆنیەتی بیستن‌و بینین‌و هاتن‌و ڕاوەستانی پەروەردگارمان لیّ دەکەیت ، لەگەڵ ئەوەدا تۆ چۆنیەتی زاتی(الله) شارەزا بیت، شەوکانی دەفەرموێت: " بەرنامە و پرۆگرامی ( سلف الصالح) لە هاوڕێیانی پێغەمبەر (ﷺ) و بە شوێنا هاتووی ئەوان دەربارەی سیفەتەکانی خودی (الله) ئەوەبوو کە بەڵگەی سیفەتەکانیان هێناوەتەوە بەبێ هیچ گۆڕانکاری و دەستکاری کردنێك و ئەملاو لا پێکردنێك وەك نواندنی لەکار خستنی ... هتد .

جا ئەگەر پرسیار کەرێك پرسیاری شتێکی کردبێ لە سیفەتەکانی خودی(الله) بەڵگەیان بۆ خوێندۆتەوە، جا ئەگەر پرسیارکەرەکە ویستبێتی زیادەڕەوی بکات جگە لەوەی کە لە بەڵگەکەدا دەرکەوتووە ، سەرزەنشتیان دەکرێت لەوەی کە خۆی لە شتێك هەڵبقورتێنێت کە پەیوەندی بەوەوە نی یە، وە هەمیشە بەوەوە خۆیان خەریك کردوە کە خوای گەورە لێی بەرپرسیار

کردووین وەك جێ بەجێ کردنی فەرزەکان وەك بڕوا بە زاتی (ﷲ) و کردنی نوێژەکان‌و ڕۆژووگرتن‌و زەکات دان‌و فەرمان کردن بەچاکە و واز پێهێنان لە خراپە و لێدانی دەستی ستەمکاران .[٢]

## چەشنەکانی سیفات:

ئەو سیفاتانەی کە لەقورئان‌و سوننەتدا هاتوون دوو چەشنن :

( أ ) سیفاتی خۆیی. (ب) سیفاتی کردار .

**سیفاتە خۆییەکان** : ئەوانەن کە لە زاتی (ﷲ)جیا نابنەوە وەك: نەفس‌و زانستی‌و ژیان‌و گەورەیی‌و زیندویەتی‌و .. هتد . کە ئەمانە هەمیشەیین و هەرگیز لە خودی (ﷲ) جیانابنەوە .بەڵام سیفاتە کرداریەکان ئەو سیفەتانەن کە بەستراون بە ویست‌و توانای زاتی(ﷲ)وە ، وەك راوەستان‌و دابەزین‌و سەرسەڕمان‌و زەردەخەنەو...

ناوە جوانەکانی خودی (ﷲ) : ناوەکانی خودی(ﷲ) ئەو ناوانەن کە خودی (ﷲ) خۆی لە قورئانە پیرۆزەکەی دا ، ئاگاداری کردوین لێیان ، یان پێغەمبەر(ﷺ) لە سوننەتدا ئاگاداری کردوین لێیان،جا هەر ناوێك لە ناوەکانی بەڵگەیە لەسەر سیفەتێك یان چەند سیفەتێکی، ئەو ناوەی کە کۆکەرەوەی هەموو ناوو سیفاتەکانیەتی وشەی (ﷲ)یە، ناوەکانی بۆیە

---

(١) التحف من مذاهب السلف – للشوكاني

ناونراون بە ناوە جوانەکان ، چونکە بەڵگەن لەسەر جوانترین ناولێنراوو بەڕێز و گەورەیی .

بە یەکتاناسینی خودی(ﷲ) لە ناوە جوانەکانیدا ئەوەمان لەسەر پێویست دەکات کە بڕوامان هەبێت بە هەموو ناوێك کە خۆی خۆی پێ ناو ناوە بۆنمونە لە قورئاندا ناوی (الرحیم) هاتووە جا پێویستە بڕوامان هەبێت کە ئەم ناوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە خودی(ﷲ) خاوەنی بەزەیی یەو ، بیەوێت بەزەیی بە هەر کەسێکدا بێتەوە بەزەیی پیا دێتەوە .

ژمارەی ناوەکانی خوای گەورە کە دەقی لەسەر هاتووە (٩٩) نەوەدونۆ ناوە، وەك هاتووە لە هەر دوو صەحیحی بخاری و مسلم دا. کە لە ئەبی هورەیرەوە گێڕدراوەتەوە کە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمویەتی:﴿ **لله تسعٌ و تسعُونَ إسماً مائةً إلاَّ واحدة ، مَنْ أَحصَاهَا دَخَلَ الجنَّة**﴾ وە لە فەرمودەیەکی تردا هاتووە : ﴿ **إنهُ وترٌ يُحِبُ الوترَ**﴾ واتە: خودی(ﷲ) نەوەدونۆ ناوی هەیە هەرکەس بیژمێرێت دەچێتە بەهەشتەوە، وە لە فەرمودەکەی تردا دەفەرموێت: زاتی(ﷲ) تاکەو تاکی خۆش دەوێت.

جا زانایان هەموویان بڕوایان لەسەر ئەوەیکە ئەم فەرمودەیە ئەوە ناگەیەنێت کە ناوەکانی خودی (ﷲ) تەنها ئەو نەوەدونۆیەیە، بەڵکو خودی (ﷲ) ناوی دیکەشی هەیە وەك لەم فەرمودەیەی پێغەمبەر(ﷺ) دا هاتووەکە (أحمدوأبوعدانه) گێڕاویانەتەوە : ﴿ **مَا أَصَابَ مُسْلماً قَطٌّ هَمٌّ ولا حَزَنٌ فَقَالَ اللهُمَّ إنّي عَبْدُكَ و ابْنُ عَبْدِك و ابْنُ أَمَتِكَ ناصِيَتي بِيَدِكَ ماضٍ فِيَّ حُكْمُكَ عَدْلٌ فِيَّ قَضَاؤُكَ ، أسأَلُكَ بِكُلِ إسْمٍ هوَ لَكَ سَمَّيْتَ به نَفْسَكَ أَوْ أَنْزَلْتَهُ في كِتَابِكَ أَو عَلَّمْتَهُ أحَداً مِنْ خَلْقِكَ أَو استأثَرتَ بِهِ في عِلْمِ**

**الغَيْبِ عِنْدَك** .. ﴾ واتـه: هـيچ موسـولْمانێك نـی یـه ، كـه توشـی خـه‌م و خه‌فه‌تێك بێت رزگار نه‌بێت كه بڵێ خوایه من به‌نـده‌ی تـۆم و نـه‌وه‌ی به‌نـده‌ی تـۆم گــه‌ردنم به‌ده‌ســت تۆیــه و وام لــه‌ژێر فــه‌رمانڕه‌وایی تــۆدا و كــاره تایبتمه‌ندیه‌كانت له گه‌ڵمدا مایه‌ی دادوه‌ریته‌، داوات لیّ ده‌كه‌م به هه‌موو ناوێك كه خۆت پێ ناونـاوه یـان لـه قورئانه‌كه‌تـدا تۆمـارت كـردووه‌، یـان یـه‌كێك لـه به‌نده‌كانت ئاگادار كردووه لێیان یان به‌خۆت ره‌وا بینیوه له زانیـاری نادیـاردا ( فی علم الغیب).

به‌یهه‌قی له ( الأسماء والصفات) دا ده‌ڵێت :ئه‌م فه‌رموده‌یه به‌ڵگه‌یه له‌سـه‌ر ئـه‌وه‌ی كـه زاتـی ﴿الله﴾ چـه‌ند نـاوێكی تـری هه‌یـه ، كـه تـه‌نها زانینیـان لـه نادیاردا ته‌نها بـه‌خۆی ره‌وای بینیـوه‌، بـه‌ڵام مه‌به‌ست لـه ژمـاردنی ئـه‌و (٩٩) نـه‌وه‌دونۆ نـاوه كـه لـه فـه‌رموده‌ی پێشـودا هـاتبوو ئه‌وه‌یـه كـه هه‌ركه‌سـێك بیانژمێریّ مه‌به‌سته‌كانیان بزانـیّ و له‌بـه‌ریان بكـات و بـڕوای پێیـان هـه‌بێت و پارێزگاریان بكات‌و سنورپارێزیان بكات له هه‌ڵسوكه‌وتیدا له‌گه‌ڵ خودی(الله)دا و به‌و ناوه‌نه داوای لیّ بكات‌و بـه پـیّ‌ی ئـه‌و ناوانـه كـار بكـات ، بـه پیرۆزیـان سه‌یر بكات ئه‌چێته به‌هه‌شته‌وه‌.

## به‌ڵگه‌ی ناوه‌كان و سیفه‌ته‌كان:

به‌ڵگه‌ی ناو و سـیفه‌ته‌كان زۆر زۆره ئـه‌توانین بڵـێین لاپه‌ڕه‌یـه‌ك نـی یـه لـه لاپه‌ڕه‌كانی قورئان، كه ناو وسیفه‌ته‌كانی خودی(الله) ی تیا نـه‌هاتبیّ ، بـه‌ڵام ئێمه سوره‌تێك هه‌ڵده‌بژێرین كه پێغه‌مبه‌ر(ﷺ) له باره‌یه‌وه ده‌فـه‌رموێت كـه یه‌ك له‌سه‌رسیّ‌ی قورئانـه لـه بـه‌ر ئـه‌وه‌ی زۆربـه‌ی واتـه‌كانی یـه‌كتا پـه‌رستی

تێدایە. خوا دەفەرموێت : ﴿قُلْ هوَ اللهُ أَحَدْ اللهُ الصَّمَدْ لَمْ يَلِدْ و لَمْ يُلَدْ و لَمْ يَكُنْ لَّهُ كُفُواً أَحَدْ ﴾ سورە الاخلاص.

ئەم سورەتە گەورەیە سیفەتە تەواوەکانی خودی(اللّٰه) دەسەلمێنێ ولە خۆیانی دەگرێت وهەموو ناتەواویەکی لێ دادەماڵێت.

واتەی (الأَحَدْ)یانی ئەو کەسەی وێنە و نمونەی نی یە ئەم ناوە ئەوە دەگەیەنێت کە هیچ شتێك بە وێنەی خودی (اللّٰه) نی یە .

واتەی (الصَّمَدْ) یانی ئەو گەورە و بەدەستەڵاتە، کە لە هەموو کاروبارو نەبوونیو پێویستی یەکدا پەنای پێ دەبرێت، هەروەك چۆن ناوی (الأَحَدْ) هەموو ناتەواوی یەك لە خودی (اللّٰه) وەلا دەخات ، ناوی (الصَّمَدْ) یش هەموو سیفەتی تەواو بۆ خودی(اللّٰه) دەسەلمێنێت . وە لە ئایەتی (لَمْ يَلِدْ و لَمْ يُلَدْ و لَمْ يَكُنْ لَّهُ كُفُواً أَحَدْ ) دا زاوزێ کردن و لێ چوون لە زاتی (اللّٰه) وەلا دەخات .

# دووەم: باوەڕ بە فریشتەکان

یەکێکی تر لە بنچینەکانی باوەڕ، بڕوابونە بە فریشتەکان. مەبەست بڕوایەکی چڕوپڕە بەوەی کە خودی (ﷲ) کۆمەڵێك فریشتە هەیە کە دروست کراون لە روناکی ، وە ئەمانە هەرگیز یاخی نابن لێی بۆ راپەڕاندنی فەرمانەکانی هەروەك لە قورئانو سوننەتدا هاتووە، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ءَامَنَ ٱلرَّسُولُ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيۡهِ مِن رَّبِّهِۦ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَۚ كُلٌّ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ لَا نُفَرِّقُ بَيۡنَ أَحَدٖ مِّن رُّسُلِهِۦۚ .. ﴿٢٨٥﴾﴾ البقرە.

واتە: پێغەمبەر(ﷺ) بڕوای هێنا بەوەی لەلایەن پەروەردگاریەوە بۆی هاتووە ، هەروەها بڕوادارانیش هەریەکەیان بڕوای هێناوە بە خودی(ﷲ) و فریشتەکانی و پێغەمبەرانی .

لە سوننەتیشدا بڕوا بە فریشتە لەو فەرموودە بەناوبانگەدا هاتووە، کە عومەری کوڕی خەگاب گێراویەتی یەوە لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) کاتێك کە پرسیاری لێکرا دەربارەی باوەڕ فەرموی: ﴿**الإیمان أن تؤمنَ باللهِ و ملائکتهِ**

و كُتُبِهِ و رُسُلِهِ و اليَومِ الآخِرِ تُؤمِنَ بالقَدرِ خَيرِهِ و شَرِّهِ ﴾ "بخاری و مسلم" گێڕاویانەتەوە . واتە : باوەڕ ئەوەیە کە بڕوات هەبێت بە خواو فریشتەکانیو پەڕاوەکانی و پێغەمبەرانی و رۆژی دوایی و بڕیارە تایبەتمەندی یە خێرو شەڕەکانی .

کەوابوو بوونی فریشتە سەلمێنراوە بە بەڵگەی جێگیر و بڕاوە وە هیچ گومانێکی تێدا نی یە. جا باوەڕ نەبوون پێیان کافربوونە بە پێی رای هەموو زانایانی ئیسلام . بەڵکو دەق لەسەر ئەو کافربوونە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە، وەك :﴿ وَمَن يَكۡفُرۡ بِٱللَّهِ وَمَلَٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ فَقَدۡ ضَلَّ ضَلَٰلَۢا بَعِيدًا ﴿١٣٦﴾ ﴾ النساء. واتە : هەرکەسێك بڕوای بە زاتی(اللّٰه) و فریشتەکانیو پەڕاوەکانیوپێغەمبەرانیو رۆژی دوایی نەبێت، ئەوە سەری لێ شێواوە بە سەر لێشێواوی یەکی بێ سنوور .

لێرەدا ئەوە کە بە روونی و بە زۆری لە نیشانە قورئانی و فەرمودەکانی پێغەمبەرەوە(ﷺ) دەردەکەوێت، چۆنێتی پەیوەندی فریشتەکانە بە بەدیهێنەرو بونەوەر و مرۆڤەوە، بەلاّم چۆنێتی دروست بوونو ئەوسافو ئەحوالّیان ، خوای گەورە ئەو زانینانەی تایبەت کردوە بە خۆیەوە، کە ئەمەش تایبەتمەندی یەکی گشتی یە لە تایبەتمەندی بیروباوەڕی ئیسلامی.
بڕوادار دەبێت تەنها بەدوای ئەو راستەقینەیيو چۆنێتی یانەدا بگەڕێت، کە پەیوەندی بە بونەوەرو دەوروبەری خۆیەوە هەیە و مرۆڤ پێویستی پێیەتی، کەوابێت بڕواداری راستەقینە دان بە هەموو ئەو شتانەدا دەنێت ، کەبەدیهێنەر پێ ی راگەیاندووە، نە لێی زیاد دەکاتو نە لێیان کەم دەکات، وە بەرپرسیار

نیه  لەوەی کە بگەڕێت بە شوێن ئەو شتانەدا کە داوای لێ نەکراوە، ئیتر خۆی بەو شتانەوە خەریك ناكات .

## چۆنیەتی دروست بوونیان:

خودی (ﷲ) کەمێك نەبێت لە بارەی چۆنیەتی دروست بونیانەوە، ئاگاداری نەکردوین، جا لەو ئاگادریە کەمە، ئەوەیە کە خوای گەورە ئاگاداری کردوین کە فریشتە لە پێش ئادەم دا دروست کراون، وەك ئەفەرموێت : ﴿وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَٰٓئِكَةِ إِنِّى جَاعِلٌ فِى ٱلْأَرْضِ خَلِيفَةً ..﴾ البقرە. واتە : پەروەردگارت بە فریشتەکانی فەرموو، من لەسەر زەویدا جێ نشینێکم داناوە ـ کە ئادەم و نەوەکانیەتی ـ ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کەپێش دروست بوونی حەزرەتی ئادەم ( **علیە السلام**) دا بوون وە فریشتەکان لە روناکی دروست کراون ، هەروەك ( مسلم و امام احمد ) لە عائیشەوە دەگێڕنەوە، کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمویەتی :

﴿ **خُلِقَتِ الْمَلائِكَةُ مِنْ نور و خُلِقَ الجانُّ مِنْ نار و خُلِقَ آدم مما وصِفَ لَكُم** ﴾. واتە : فریشتەکان دروست کراون لە روناکی، (جن) پەریەکانیش لە پشکۆی ئاگر ، ئادەمیش لەوەی کە بۆتان باس کراوە ، کە گڵە .

لەو دەقانەوە دەردەکەوێت کە فریشتەکان دروست کراوێکی روناکین، هیچ تەنێکی مادییان  نی یە ، کە بە هەستەکانی مرۆڤ هەستیان پێ بکرێت ، وە ئەمانە وەك مرۆڤ  نین ، نە ئەخۆن نە ئەخۆنەوە نەژنو مێردایەتی دەکەن ،

خاوێنن له هەموو ئارەزوویەکی ئاژەڵی و خاوێنن له گوناه. بەڵام لـه تواناياندا هەیه کە خۆیان له شێوەی مرۆڤدا بنوێنن، هەروەك چۆن جبریل بـه شێوەی عـەرەبێکی دەشتەکی هاتـه نـاو مزگـەوتی پێغەمبـەر (ﷺ) و پرسیاری لـه پێغەمبەر (ﷺ) کرد، دەربـارەی ئیسـلامو ئیمـانو ئیحسـان، هـەروەك چۆن چووه سەردانی حەزرەتی مەریەم (عليها السلام).

هەروەها له چۆنیەتی دروست بونیان ئەمانه خاوەنی باڵن، له ژمارەی باڵەکانیشیاندا جیاوازییان هەیه، وەك خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ٱلۡحَمۡدُ لِلَّهِ فَاطِرِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ جَاعِلِ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةِ رُسُلًا أُوْلِيٓ أَجۡنِحَةٖ مَّثۡنَىٰ وَثُلَٰثَ وَرُبَٰعَۚ يَزِيدُ فِي ٱلۡخَلۡقِ مَا يَشَآءُۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٖ قَدِيرٞ ١﴾ فاطر.

واته : سوپاسو ستایش بۆ خـوای گـەورە کـه بەدیهێنـەری ئاسمانـەکانو زەوی یه و فریشتەکانی کردووه به فرستاده ، کە خاوەنی بـاڵن دوانو سیانو چوار هەرچۆن بیەوێت دروست کراوەکان زیاد دەکاتو بەسـەر هـەموو شتێکدا به دەستەڵاته .

## پەیوەندی فریشتەکان بە خودی (ﷲ) وە

پەیوەندیان بە خودی (ﷲ) وە پەیوەندی یەکی پەرستشی دڵسۆزانە و گوێ رایەڵیو مل کەچی تەواوە بۆ فەرمانەکانی. ئەم فریشتانە، نە خوان، نە نەوەی خوان، نە کچی خوان ، هەروەکو هاوبەشی پەیداکەران ئەیڵێن .. خوای گەورەش دەفەرموێت :

﴿.. بَلْ عِبَادٌ مُّكْرَمُونَ ﴿٢٦﴾ لَا يَسْبِقُونَهُۥ بِٱلْقَوْلِ وَهُم بِأَمْرِهِۦ يَعْمَلُونَ ﴿٢٧﴾ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلَا يَشْفَعُونَ إِلَّا لِمَنِ ٱرْتَضَىٰ وَهُم مِّنْ خَشْيَتِهِۦ مُشْفِقُونَ ﴿٢٨﴾﴾ الأنبياء. واتە : فریشتەکان کۆمەڵە بەندەیەکی بەڕێزن، لە گوفتاردا پێش خودی(ﷲ) ناکەون، کار بە فەرمانی ئەو دەکەن، خوای گەورە ئاگادارە بەسەر هەموو حاڵێکیاندا وە تکا بۆ کەس ناکەن مەگەر (ﷲ) خۆی مۆڵەتیان بدات، وە هەمیشە ترسو بیمی زاتی (ﷲ) یان هەیە .

## پەیوەندیان بە بونەوەرەوە:

وەك باس کرا مادام پەیوەندیان لەگەڵ خودی (ﷲ) دا، پەرستنی تەواوە، کەوابێت پەیوەندیان لەگەڵ بونەوەردا بەشێکە لەو پەرستشە .. بە شێوەیەك لە جێ بەجێ کردنی فەرمانەکانی دەگرێتە خۆی ، لە ڕێکخستنی کاروباری بونەوەرو چاودێری کردنی هەموو ئەو دروستکراوانە ، وە ئەوەی کە تیایدایە لە گیاندارو بێگیانەکان و هەموو یاساو قانونەکانی، هەروەها جێ بەجێ کردنی بڕیارە تایبەتمەندی یەکانی لە دروست کراوەکانیدا، جا قورئانو سوننەت بەڵگەیان زۆرە لەسەر جۆرەکانی فریشتە، هەریەکە لەو فریشتانە جێ بەجێ

کردنی ئەرکێکی خراوەتە ئەستۆلە راپەڕاندنی کاروبەشەکانی بونەوەردا، وەك ئەوەی خودی (ﷲ) راپەراندنی کاروباری مانگو رۆژی خستۆتە ئەستۆی فریشتەیەك، هەروەها هەسارەکانو چیاو هەورەکان دراونەتەدەست فریشتەیەکی تایبەتی بەوانەوە، وە بۆ هەموو روداوەکانی بونەوەر فریشتەی تایبەتی دەست نیشان کراوە، وە ئەمەش پێچەوانەی ئەوە نیە کە تێبینی دەکەین،کە لە بونەوەردا کۆمەڵێك یاساو هۆکار هەن هەندێکیان وابەستن بە هەندێکیانەوە، چونکە ئەو یاساو هۆکارانە دروست کراوێکن لە دروست کراوەکانی خودی (ﷲ) و خۆی فریشتەی بۆ دەست نیشان کردوون بۆ راپەڕاندنیان.

## پەیوەندی فریشتە بە مرۆڤەوە:

دەست پێکردنی پەیوەندیان لەگەڵ مرۆڤدا هەر لە سەرەتای کۆرپەلەیی یەوەیە ،ئەویش بەو چاودێریی یەیان کە خوای گەورە خستویەتیە ئەستۆیان، جگە لەم چاودێری یە سەرەتایی یەیان بۆ مرۆڤ ، کۆمەڵێك کاری تریان هەیە لە ژیانی مرۆڤدا . وەك خوای گەورە بۆی دیاری کردون بە شێوەی رێنمایی کردنیانو بەرەو بەختیاری و یارمەتی دانیان لەسەر خواپەرستیو .. هەروەها لێی هەڵبژاردوون بۆ ئەوەی پەیامی خۆییان پیا رەوانە بکات بۆ پێغەمبەران تا ئەوانیش رای بگەیەنن بە مرۆڤ. جا لەوانەی کە ئەم کارەی پێ سپاردووە ( جبریل) ە، خوای گەورە دەفەرموێت :

﴿وَإِنَّهُۥ لَتَنزِيلُ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿١٩٢﴾ نَزَلَ بِهِ ٱلرُّوحُ ٱلْأَمِينُ ﴿١٩٣﴾ عَلَىٰ قَلْبِكَ لِتَكُونَ مِنَ ٱلْمُنذِرِينَ ﴿١٩٤﴾﴾ الشعراء. واتە: ئەو قورئانە لەلایەن پەروەردگاری جیهانیانەوە دابەزیوە و جبریل ( علیه السلام) دای بەزاندۆتە سەر دڵی تۆ ئەی محمد، بۆ ئەوەی تۆش خەڵکی پێ ئاگادار بکەیتەوە.

فریشتەکان بەبەردەوامی لەگەڵ مرۆڤدان ، بە درێژی ژیانیان ، وە لەهەموو هاوڕێ یەتیاندا لەگەڵیاندان، ڕێنمایی کردنو بەرەو بەختیاری بردنیان . پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت : ﴿ **إنَّ للشَّيطان لَمَّةً بابن آدم و للملك لُمَّة ، فأمّا لُمَّةُ الشيطان إيعادٌ بالشَّرِّ و تَكذيبٌ بالحَقِّ و أمّا لُمَّةُ الملك فإيعادٌ بالخَير و تصديقٌ بالحَقِّ** ﴾ ( ترمذی) ریوایەتی کردووە.

واتە : شەیتان دڵەڕاوکێ دەخاتە دڵی مرۆڤەوە ، هەروەها فریشتەش ، جا ئەوەیە کە دڵەڕاوکێی شەیتان هاندانی مرۆڤە بۆ خراپە و بەدرۆ خستنەوەی حەق ، بەلام دڵەڕاوکێی فریشتە مرۆڤ هاندەدان بۆ چاکە و بەراست زانینو دان پیانانی حەقو راستی.

دیسان پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ﴿**ما مِنْ يَومٍ يُصْبِحُ العِبادُ فيه إلاّ مَلَكان يَنْزِلانِ فَيَقولُ أحدُهُما ، اللّهُمَّ أعْطِ مُنفِقاً خَلَفاً و يَقُولُ الآخرُ اللّهُمَّ أعْطِ مُمْسِكاً تَلَفاً**﴾متفق علیه . واتە : هەموو بەیانی یەك كە بەندەكان رۆژ دەكەنەوە ، دوو فریشتە دادەبەزن ، یەكێكیان دەفەرموێت : خوایە ئەو كەسەی بەخشندەیە پێی ببەخشە و زیاتر بەرەكەت بخەرە سامانی، ئەوی تریش دەفەرموێت : خوایە بەرەكەت هەڵگرە لە سامانی دەست قوچاودا .

لێرەدا بە تەواوی ئەوە روون دەبێتەوە، کە فریشتەکانی خوای گەورە هانی بەندەکان دەدەن لەسەر گوێ رایەڵی پەروەردگاریو پەرستنو یادکردنەوەیو و قورئان خوێندن، وە هانی دەدەن بۆ فێربوونی زانستو چاکە و ئامادەی نوێژو قورئان خوێندنی مرۆڤ دەبێ بۆ نزای خێر بۆی . پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت:

**﴿الملائكةُ يتعاقبونَ عليكُم، ملائكةٌ بالليل و ملائكةٌ بالنهار و يجتمعون في صلاة الفجر و صلاة العصر ثُم يعرج عليهِ الذين باتوا فيكم فيسألهم . و هُو أعلمُ بِهِمْ . كَيفَ تَركتُمْ عِبادي ؟ فَقالُوا تَركناهُمْ يُصَلّونَ و آتَيناهُم يُصلَونَ﴾** متفق عليه.

واتە : فریشتەکان سەردانتان دەکەن ، هەندێکیان بە شەو هەندێکیان بە رۆژ ، وە کۆدەبنەوە لە نوێژی بەیانی و عەسردا ، ئینجا ئەوانەی کەلاتان ماونەتەوە سەر ئەکەونەوە بۆلای پەروەردگار و پرسیاریان لێ دەکات ـ هەرچەندە خۆی بەئاگا ترە ـ چۆن بەندەکانی منتان بەجێ هێشت ؟ ئەوانیش لە وەڵامدا دەڵێن : کە بەجێمان هێشتن نوێژیان دەکرد، هەرچۆن کە چووین بۆلایان نوێژیان دەکرد..

هەروەها ئامادەدەبن لە کۆڕی یادکردنەوەیانداو ، هانیان دەدەن لەسەر کرداری چاکە بە تایبەتی خۆگری لە جیهاد لە رێگەی زاتی (اللَّهُ) دا وەك لە قورئاندا خوای مەزن دەفەرموێت :

﴿إِذْ يُوحِي رَبُّكَ إِلَى ٱلْمَلَـٰٓئِكَةِ أَنِّي مَعَكُمْ فَثَبِّتُوا۟ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ۚ سَأُلْقِي فِي قُلُوبِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ٱلرُّعْبَ ..(١٢)﴾ الأنفال .

واته : (ئەی محمد (ﷺ)ئەی موسوڵمانان ) پەروەردگارت فەرمان بە فریشتەکان دەدات، کە من لەگەڵتانم ببنە هۆی خۆگری و جێگیربوونی ئەوانەی بڕوایان هێناوە لە گۆڕەپانی جیهاددا، بە هۆی ئەوەوە ترس‌و بیم دەخەمە دڵ و دەرونی ئەوانەی کە بێ بڕوان .

هەروەها لەو فەرمانانەی کە پەروەردگار ئاگاداری کردووین، کە فریشتەکان ئەنجامی دەدەن و کارتێکردنی گەورەی هەیە لە ژیانی بەندەدا، ئەوەیە کە چاودێری کرداری بەندەکان دەکەن و دەیانژمێرن‌و تۆماریان دەکەن . خوای گەورە دەفەرموێت :﴿كَذَّبَتۡ قَبۡلَهُمۡ قَوۡمُ نُوحٖ وَأَصۡحَٰبُ ٱلرَّسِّ وَثَمُودُ ١٢﴾ ق.

واتە: هیچ قسەیەك بە دەمیدا نایەت چاودێرێکی ژمێریار لە گەڵیەتی لەسەری تۆمار دەکات .

بە کورتی پەیوەندی فریشتەکان لەگەڵ مرۆڤ هەر لەو کاتەوە دەست پێ دەکات، کە کۆرپەلەیە و بە قۆناغەکاندا تێدەپەڕێت، تا لە کۆتاییدا لە بەهەشت یان دۆزەخ جێگیر دەبێت، لەوێش فریشتەی بەهەشت‌و دۆزەخ هەیە.

## ژمارەی فریشتەکان:

ژمارەیان گەلێك زۆرە مەگەر تەنها خودی (اللَّهُ) ژمارەیان بزانێت، خوای گەورە دەفەرموێت :

﴿وَمَا يَعۡلَمُ جُنُودَ رَبِّكَ إِلَّا هُوَۚ وَمَا هِيَ إِلَّا ذِكۡرَىٰ لِلۡبَشَرِ ٣١﴾ المدثر . واتە: هیچ کەسێك ژمارەی سەربازەکانی پەروەردگارت نازانێت جگە لە خۆی .

## باوەڕبوون پێیان ، بە تایبەتی و بە گشتی:

پێویستە باوەڕی تەواومان هەبێت بەو فریشتانەی کە ناویان هاتووە لە قورئان‌و سوننەتدا، لەوانە سێ سەرکردەکانیان (( **جبریل و میکائیل و ئیسرافیل** )) کە جبریل فریشتەی نیگایە ، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿نَزَلَ بِهِ ٱلرُّوحُ ٱلْأَمِينُ ﴿١٩٣﴾ عَلَىٰ قَلْبِكَ لِتَكُونَ مِنَ ٱلْمُنذِرِينَ ﴿١٩٤﴾﴾ الشعراء

واتە: قورئان بە هۆی **جبریلی** ئەمینەوە ، دابەزیوەتە سەر دڵ‌و دەرونت تا بەهۆیەوە خەڵکان ئاگادار بکەیتەوە و بیان ترسێنیت لە بێ فەرمانی پەروەردگار .

وە **میکائیل** سەرپەرشتی باران بارینی خراوەتە ئەستۆ کە مایەو هۆی ژیانی سەر زەوی یە ، بە مرۆڤ و روەك و ئاژەڵەوە .

وە **ئیسرافیل** سەرپەرشتی فووکردن بە (**الصور**) دا خراوەتە ئەستۆی .

**هەروەها** پێویستە بڕوامان **هە**بێت بە گەنجینەداری دۆزەخ وەك قورئان دەفەرموێت : ﴿وَنَادَوْا يَـٰمَـٰلِكُ لِيَقْضِ عَلَيْنَا رَبُّكَ ۖ قَالَ إِنَّكُم مَّـٰكِثُونَ ﴿٧٧﴾﴾ الزخرف. واتە : هاوار دەکەن لە گەنجینەداری دۆزەخ، کە داوا لە پەروەردگارت بکە رزگارمان بکات، ئەویش دەڵێت ئێوە تیایدا دەمێننەوە .

هەروەها دەبێت بڕوامان هەبێت بە فریشتەی گیان کێشان بەڵام ئەو فریشتانەی ، کە ناویان نەبراوە پێویستە بە گشتی بڕوامان بە هەموویان هەبێت وەك (( **کرام الکاتبـین** )) واتە : نوسەرانی نیگا و پارێزەرانی عەرش کە هەشت فریشتەن، هەروەها فریشتەکانی سزادان لە دۆزەخدا، کە نۆزدە فریشتەن، کە لە قورئان‌و سوننەتدا باس کراون .

## کارتێکردنی فریشتە لە ژیانی مرۆڤـدا:

لەو باسانەی پێشوودا ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە خودی (ﷲ) ئاگاداری نەکردوین بەسەر هەموو شتە نادیارەکاندا بە راستی ئەمەش بەهرەیەکی گەورەی خوایە، هەروەها خوای گەورە لوتفی فەرمووە بەوەی کە هەندێك لەو دروست کراوە نادیارانەی پێ ناساندوین، ئێمەش پێویستە بڕوامان پێیان هەبێت چونکە بڕوا بە نادیار سیفەتی پارێزگارانە ( **المتقین** ) ، خوای گەورە دەفەرموێت :

﴿الٓمٓ ۝١ ذَٰلِكَ ٱلۡكِتَٰبُ لَا رَيۡبَۛ فِيهِۛ هُدٗى لِّلۡمُتَّقِينَ ۝٢ ٱلَّذِينَ يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡغَيۡبِ وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَمِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ يُنفِقُونَ ۝٣﴾ البقره . واتە: قورئان ئەو پەڕاوەیە کە هیچ گومانی تێدا نی یە و ڕێنمایی یە بۆ خۆ پارێزان ، ئەوانەی کە بڕوایان بە نادیار هەیە .

جاگومان لەوەدا نیە کە بڕوابوون بە فریشتە، کارتێکردنی گەورەو کاریگەری هەیە لە ژیانی مرۆڤدا، لەوانە :

١. خودی (ﷲ) بەهۆی بڕوا بە فریشـتە دوورمان دەگرێت لەوەی بکەوینە ناو شـتی پڕوپوچو بێ کەڵکو دڵەڕاوکێی بێ سوود بەوەی کە خوای گەورە ئاگاداری کردوین بەوەی لە قورئانی پیرۆزدا هەیە .

٢. بەهۆی ئەو بڕوایەوە فێری دامەزراوی ( الاستقامە) دەبین لەسەر فەرمانەکانی خودی (ﷲ) ، مرۆڤ کە هەستی کرد بە بوونی فریشتەو چاودێری کردنی فەرمانەکانیو وتەکانی ئیتر شەرم دەکات لە خواو سەربازەکانی، چی دی پێچەوانەی ناجوڵێتەوە، نە لە ئاشکراو نە لە نهێنیدا لێی یاخی نابێت

،ئیتر چۆن بێ فەرمانی خوا دەکات ، کە ئەو بزانێت هەمووو شتێکی لەسەر تۆمار دەکرێتو حسابی لەگەڵ دەکرێت .

٣. ئەو بڕوایە مرۆڤی بڕوادار ڕائەهێنێت لەسەر ئارامیو بەردەوام بوونی جیهاد لە ڕێگای خواداو هەرگیز وەڕس نابێت، بەڵکو هەست بە کەسداری و دڵنیایی دەکات، بەراستی کاتێ مرۆڤی بڕوادار لە نیشتمانو خاووخێزانی دووردەکەوێتەوە بەهۆی کۆششو کاری لە ڕێگای خوادا هەست بە تەنهاییو نامۆیی ناکات ، چونکە لە خواپەرستیدایەو بە دڵنیایی یەوە هەست بەوە دەکات، کە بەندەکانی خودی(ﷲ) لە فریشتەکان زۆر زۆرترن لە یاخی بوانو لادەران،لە فەرمانی خوای گەورە ،لەبەر ئەوە هەست بە کەسداری و دڵنیایی دەکاتو بەئارامو جێگیر دەبێت لەو ڕێگەیەدا، واتە ڕێگەی جیهاد لەگەڵ پێغەمبەران و فریشتەکاندا .

سوپاسو ستایش بۆ زاتی (ﷲ) کە چەند بەهرەی بەسەرماندا داوە بە دروست کردنی فریشتەکان و بڕوابوون پێیان ،کە گەورەترین کار دەکاتە سەر دڵ و کردارەکانمان و ڕاست ڕەویمان لە ژیاندا .

## سێیەم: باوەڕمان بە سەرجەم پێغەمبەران و ڕەوانەکراوان [3]:

لە بنچینەکانی بڕوا،بڕوا بوونە بە پێغەمبەران و ڕەوانەکراوانە بە تایبەتی بڕوابوون بە هەموو ئەو پێغەمبەرو ڕەوانەکراوانەی کە خودی (ﷲ) ناوی بردون ، هەروەها بڕوا بەوەی کە جگە لەوانە پێغەمبەران و ڕەوانەکراوی تری ڕەوانە کردووە ، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَلَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلًا مِّن قَبْلِكَ مِنْهُم مَّن قَصَصْنَا عَلَيْكَ وَمِنْهُم مَّن لَّمْ نَقْصُصْ عَلَيْكَ.. ﴿٧٨﴾ ﴾ غافر .

### ئەو پێغەمبەر و ڕەوانەکراوانەی کە لە قورئاندا ناوبراون

---

(١) النبي : بەوە ئەوترێ کە خوای گەورە نیگای بۆ ناردووە، بەڵام فەرمانی پێ نەکردوە بە ڕاگەیاندنی .

الرسول : ئەوەیە کە نیگای بۆ ڕەوانە کراوە و فەرمانیشی پێ کراوە بە ڕاگەیاندنی

ئەو پێغەمبەر و ڕەوانەکراوانەی کە لە قورئاندا ناویان هاتووە (٢٥) پێغەمبەرن کە ئەمانەن:

﴿ آدم ، نوح ، إدريس ، هود ، صالح ، ابراهيم ، لـوط ، اسماعيل ، اسحاق ، يعقوب ، يوسف ، شعيب ، موسى ، هارون ، يونس ، أيوب ، ذو الكفل ، داود ، سليمان ، إلياس، زكريا ، يحيى ، عيسى ، محمد (ﷺ) ﴾ ئەبێت بە گشتی بڕوامان بە هەموو ئەمانە هەبێت، هەروەها پێویستە بڕوامان بەوە هەبێت ، کە خودی (الله) بۆ سەر هەر گەل‌و نەتەوەیەك ڕەوانەکراوێکی ناردووە . خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَإِن مِّنْ أُمَّةٍ إِلَّا خَلَا فِيهَا نَذِيرٌ ﴿٢٤﴾ ﴾فاطر.

واتە: هیچ نەتەوەیەك نیە، کە پێغەمبەرێکی بۆ ڕەوانە نەکرابێت . هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ ..﴿٣٦﴾﴾النحل.

واتە : بۆ هەر نەتەوەیەك ڕەوانەکراوێکمان ناردووە، کە زاتی (الله) بپەرستن‌و دوور کەونەوە لە ستەمکاران‌و بت پەرستان .

## كۆششكار و خاوەن تواناكان لە رەوانەكراوان (( أولو العزم من الرسل )) :

كۆمەڵی( أولو العزم )له رەوانەكراوان لەسەر بەناوبانگترین وتەی زانایان:( **محمد ، نوح ،ابراهیم ، موسی، عیسی**) ن –علیهم السلام– هەروەك چۆن زۆرێك لە زانایان باسیان كردوون و خوای گەورەش دەفەرموێت :

﴿وَإِذۡ أَخَذۡنَا مِنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ مِيثَٰقَهُمۡ وَمِنكَ وَمِن نُّوحٖ وَإِبۡرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ وَعِيسَى ٱبۡنِ مَرۡيَمَۖ .. ﴿٧﴾﴾ الأحزاب . واتە : پەیمانمان وەرگرت لە سەرجەم پێغەمبەران، بە تایبەت لە تۆ و نوحو ابراهیمو موساو عیسای كوڕی مەریەم ( سەلامی خوایان لیّ بێت).

مەبەست لە وشەی (العزم) كۆششو كۆشش كردنە ، وە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە، كە گرنگترین سیفەتەكانی (العزم) ئارام گرتنو تەقوای خوای گەورەیە ، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿فَٱصۡبِرۡ كَمَا صَبَرَ أُوْلُواْ ٱلۡعَزۡمِ مِنَ ٱلرُّسُلِ.. ﴿٣٥﴾﴾ الأحقاف. واتە: ئارام بگرە، هەروەك چۆن كۆمەڵی (أولو العزم) لە ڕەوانە كراوان ئارامیان گرت . هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت :

﴿وَإِن تَصۡبِرُواْ وَتَتَّقُواْ فَإِنَّ ذَٰلِكَ مِنۡ عَزۡمِ ٱلۡأُمُورِ ﴿١٨٦﴾﴾آل العمران. واتە: ئەگەر ئارام بگرنو تەقوای خوا بكەن بەراستی ئەوە لە كارە پێویستو گونجاوەكانە .

**بابەتی پەیام**: خوای گەورە پێغەمبەرانی بۆ دوو مەبەست رەوانە کردووە :

١- لە بەیەکتاناسینی خودی(الله) و پەرستنی، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ ..﴾ النحل. واتە: بۆ هەر ئومەتێك پێغەمبەرێكمان رەوانە كردووە تا خودی(الله) بپەرستن و لە تاغوت و ستەمكاران دوور بكەونەوە.

٢- بۆ ترساندن و مژدە پێدانی خەڵكی، واتە پێغەمبەران - علیهم السلام - ترسێنەری خەڵكن لە دۆزەخ و مژدە پێدەریانن بە بەهەشت، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَمَا نُرْسِلُ الْمُرْسَلِينَ إِلَّا مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ﴾ الأنعام/٤٨ . كە مژدەدەر و ترسێنەرو ئاگادار كەرەوە بن.

## ئەوەی پێویستە لە سەرمان بەرامبەر پێغەمبەران ( علیهم السلام):

١ـ پێویستە لەسەرمان کە پێغەمبەرانی خوا هەموویان بە راست بزانین‌و جیاوازی نەخەینە نێوان هیچیان ، وەك ئەوەی بڕوامان بە هەندێکیان هەبێت‌و بڕوامان بە هەندێکیان نەبێت، هەرکەس ئەو جیایی یە بکات ئەوە دەچێتە ریزی بێبڕوایانەوە ، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿إِنَّ ٱلَّذِينَ يَكۡفُرُونَ بِٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ وَيُرِيدُونَ أَن يُفَرِّقُواْ بَيۡنَ ٱللَّهِ وَرُسُلِهِۦ وَيَقُولُونَ نُؤۡمِنُ بِبَعۡضٖ وَنَكۡفُرُ بِبَعۡضٖ وَيُرِيدُونَ أَن يَتَّخِذُواْ بَيۡنَ ذَٰلِكَ سَبِيلًا ﴿١٥٠﴾ أُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡكَٰفِرُونَ حَقّٗاۚ وَأَعۡتَدۡنَا لِلۡكَٰفِرِينَ عَذَابٗا مُّهِينٗا ﴿١٥١﴾﴾ النساء . واتە: ئەوانەی کە بڕوایان بە خواو پێغەمبەر نی یە، ئەڵێن بڕوامان بە هەندێکیان هەیە و بێ بڕوان بە هەندێکیان ، ئەمانە دەیانەوێت جگە لە ویستی خوای گەورە رێگەیەکی تر پەیڕەو بکەن بەڕاستی ئەمانە بێ بڕوای تەواون .

٢ـ پێویستە لەسەرمان کە بڕوامان هەبێت ، کە هەر پێغەمبەرێك خوا رەوانەی کردووە، سپاردەکەی بە تەواوەتی گەیاندووە، لەبەر ئەوە پێویستە لەسەرمان گوێ رایەڵییان بکەین وە بە پێچەوانەیانەوە نەجوڵێنەوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿مَّن يُطِعِ ٱلرَّسُولَ فَقَدۡ أَطَاعَ ٱللَّهَۖ وَمَن تَوَلَّىٰ فَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ عَلَيۡهِمۡ حَفِيظٗا ﴿٨٠﴾﴾ النساء.

واتە: هەرکەس گوێ رایەڵی پێغەمبەر (ﷺ) بکات ئەوە گوێڕایەڵی خوای گەورەی کردوە .

٣- پێویستە لەسەرمان کە بڕوامان وا بێت کە پێغەمبەران( **علیهم السلام** ) تەواوترین کەسن لە زانین و کردارياندا و هەروەها راستگۆ ترین کەسن لە گوفتاریاندا ، وە خوای گەورە پاراستوونی لە دەست پیسی و شاردنەوە و پشت گوێخستنی لە راگەیاندنی فەرمانەکانیدا، وابووە هەندێکیان شتی سادەی لێ رووداوە لەگەڵ ئەوەشدا کە لە پلەی بەرزدابوون ، وەك ئەوەی لە دەست ئادەم(ﷺ) رویدا .

٤- پێویستە لەسەرمان کە بڕوامان هەبێت کە سەرجەم پێغەمبەران( **علیهم السلام** ) لە پیاوان بوون و هیچ پێغەمبەرێکی ئافرەت رەوانە نەکراوە، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَا قَبۡلَكَ إِلَّا رِجَالٗا نُّوحِيٓ إِلَيۡهِمۡ ..﴾ الأنبياء ٧ واتە : پێش تۆ جگە لە پیاوان کە نیگامان بۆ ناردوون کەسمان رەوانە نەکردووە .

٥- پێویستە لەسەرمان کە بڕوامان هەبێت، کە پێغەمبەران (**علیهم السلام**) هیچ تايبەتمەندی یەکی گەیاندنی سوودو زيانيان بەدەست نیە و کار ناکەنە سەر ویستی خوای گەورە ، هیچ شتێکی نادیار( **الغیب**) نازانن مەگەر خوای گەورە خۆی فێری کردبێتن و ئاگاداری کردبێتن لێی، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿عَٰلِمُ ٱلۡغَيۡبِ فَلَا يُظۡهِرُ عَلَىٰ غَيۡبِهِۦٓ أَحَدًا ٢٦ إِلَّا مَنِ ٱرۡتَضَىٰ مِن

رَّسُولٍ فَإِنَّهُۥ يَسْلُكُ مِنۢ بَيْنِ يَدَيْهِ وَمِنْ خَلْفِهِۦ رَصَدًا ﴿٢٧﴾ الجن. واته: زانا بەسەر نادیارەکاندا و هیچ کەس ئاگادار نابێت بەسەر نادیارەکانیدا، مەگەر خۆی بیەوێت، بۆ هەر کام لە پێغەمبەران .

٦- پێویستە لەسەرمان کە بڕوامان هەبێت، کە پێغەمبەران (علیهم السلام ) ئەمرنو ژن دەهێننو بە ناڕەوا دەکوژرێن، هەروەك چۆن روویدا لەگەڵ (( یحیی کوڕی زەکەریا )) وە ئەبێت بڕوامان هەبێت، کە پێغەمبەران ( علیهم السلام ) خاوەنی هەموو رەوشتە بەرزەکانی مرۆڤایەتین و خوای گەورە لایەنگری کردوون بە موعجیزەی ئاشکراو دیار، ئایا لەمانەدا هەموو پێغەمبەران وەك یەکن بەڵام خوای گەورە فەزڵی هەندێکیانی داوە بەسەر هەندێکی تریاندا، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿تِلْكَ ٱلرُّسُلُ فَضَّلْنَا بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ.. ﴿٢٥٣﴾﴾ البقرە .

واتە : ئەو پێغەمبەرانە، پلەو پایەی هەندێکیانمان داوە بەسەر هەندێکیاندا.

# باوەڕ بە پێغەمبەری ئیسلام (موحەمەدﷺ)

١ـ پێویستە لەسەرمان کە بڕوامان هەبێت بەوەی کە محمدی کوڕی عبداللە(ﷺ) پێغەمبەر و رەوانەکراو و بەندەی خودی(ﷻ) یە ، هەرگیز بتی نەپەرستووە و بە ئەندازەی چاو نوقاندنێك هاوبەشی بۆخوا دانەناوە، وە بڕوامان هەبێت، کە ئەو کۆتایی پێغەمبەرانە (علیهم السلام) خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَلَٰكِن رَّسُولَ ٱللَّهِ وَخَاتَمَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ .. ﴿٤٠﴾﴾الأحزاب. واتە: محمد(ﷺ) رەوانەکراوی خوایە و کۆتایی پێغەمبەرانە، وە لەدوای ئەو پێغەمبەری تر نیە.. وەك خۆی دەفەرموێت:

**﴿سیکون من أمتي ثلاثون كذّابون كلّهم يزعم أنّه نبي و أنا خاتم الأنبياء لا نبيَّ بعدي﴾ مسلم** .

واتە : لە داهاتوودا لەم ئوممەتەی مندا سی درۆزن پەیدا دەبن هەموویان وا رادەگەیەنن کە پێغەمبەرن، بەڵام من کۆتایی پێغەمبەرانم و پێغەمبەر لە دوای من نی یە.

٢ـ پێویستە لەسەرمان کە بڕوامان هەبێت کە محمد پێغەمبەر (ﷺ) رەوانە کراوە بۆ سەر هەموو پەری (جن) و ئادەمیزاد بەبێ هیچ گومانێك ، قورئان لە سەر زمانی (جن) ەوە دەفەرموێت: ﴿يَٰقَوۡمَنَآ أَجِيبُواْ دَاعِيَ ٱللَّهِ وَءَامِنُواْ بِهِۦ يَغۡفِرۡ لَكُم مِّن ذُنُوبِكُمۡ وَيُجِرۡكُم مِّنۡ عَذَابٍ أَلِيمٍ ﴿٣١﴾ وَمَن لَّا

يُجِبۡ دَاعِيَ ٱللَّهِ فَلَيۡسَ بِمُعۡجِزٖ فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَيۡسَ لَهُۥ مِن دُونِهِۦٓ أَوۡلِيَآءُۚ أُوْلَٰٓئِكَ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٍ ﴿٣٢﴾ الأحقاف.

واتە:ئەی گەلەکەمان وەلامی بانگخوازی (اللّٰهُ) بدەنەوە و بڕوای پێ بهێنن لە گوناهەکانتان خۆش دەبێت و لە سزای بەتین ئەتانپارێزێ، وە هەرکەس وەلامی نەداتەوە لە سەر زەوی دا پەنای نابێت و جگە لە خوای بەخشندە کەسانی تر ناتوانن سەرپەرشتیان بکەنو ئەوان بە راستی سەرلێ شێواوی ئاشکران .

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا كَآفَّةٗ لِّلنَّاسِ بَشِيرٗا وَنَذِيرٗا وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ﴿٢٨﴾﴾ سبأ. واتە: تۆمان رەوانە کردوە کە تەنها و تەنها بۆ هەموو جیهانیان مژدەدەر و ترسێنەر بیت .

هەروەها پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت : ﴿ **فُضِلْتُ عَلَى الأنبياءِ بِستٍ ، أعطيتُ جوامعَ الكلم ، و نُصرتُ بالرُّعبِ و أحلَّتْ ليَ الغنائِمُ و جعلت ليَ الأرضُ طهوراً و مسجداً و أُرسِلْتُ إلى الخلقِ كافةً و ختم بيَ النَّبيونَ﴾ متفق عليه.**

واتە : فەزلّم دراوە بەسەر هەموو پێغەمبەراندا بە شەش شت :

أ- قورئانم پێ دراوە کە تەواوکەری هەموو بەرنامەکانە .

ب-سەرکەوتووم بەهۆی ئەو ترسەی کە خوای گەورە خستوویەتیە دلّودەروونی دوژمنانەوە.

ج -( غنائم) م بۆ حەلالّ کراوە .( واتە : دەست کەوتی جەنگ) .

د ــ زەویم بۆ گێڕراوە بەخاوێنو مزگەوت .

هـ ــ رەوانە کراوم بۆ سەر هەموو خەڵك .

وــ کۆتایی زنجیرەی پێغەمبەرانم پێ هاتووە .

٣ـ پێویستە لەسەرمان کە خۆشەویستی محمد پێغەمبەر(ﷺ) بدەین بەسەر خۆشەویستی باوكو جگەرگۆشە و هەموو خەڵکیدا، لەبەر ئەم فەرمودەیەی (ﷺ) کە دەفەرموێت : ﴿ **لا يؤمنُ أحدُكمْ حتى أكونَ أحبَّ إليهِ من والدِهِ و ولَدِهِ و النّاسِ أجمعين** ﴾**متفق علية** .

واتە : هیچ کامێکتان بڕوای تەواو نابێت و بە بڕوادار دانانرێت تاوەکو منی لە باوکیو کوڕیو هەموو خەڵکی خۆشتر نەوێت .

٤ـ پێویستە بڕوامان هەبێت بەوەی کە خوای گەورە کۆمەڵێك موعجیزەی لەسەر دەستی دا ئاشکرا کردووە ، وەك رێز لێنانێك لێی و بۆ قەناعەت پێ کردنی ئەوانەی کە جگە لەو شێوە رێگایە بە رێگای تر قەناعەت ناکەن ، جا لەو موعجیزانە قورئانو زۆرێکیش ، کە لە ژیاننامەیدا بە درێژی باس کراون .

٥ـ پێویستە بڕوامان هەبێت کە خوای گەورە لە رۆژی قیامەتدا پلەی تکاکردن ( الشفاعه)ی پێبەخشیووە، بۆ ئەوانەی کە لە ئوممەتەکەی هەڵەو تاوانیان کردووە و لەسەر ئەو هەڵەو تاوانانە مردون ، بەڵام هاوبەشیان بۆ خوا بڕیار نەداوە .

٦ـ پێویستە بڕوامان هەبێت کە خوای گەورە (( الوسيلة والفضيلة )) ی بۆ بڕیار داوە ، کە ئەوانە پلەو پایەیەکە بۆ هیچ کەسێکی دی نیە جگە لەو، لە

رۆژی قیامەتدا ، لێرەدا ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە محمد پێغەمبەر(ﷺ) لەلای خوا لە هەموو پێغەمبەران ( علیهم السلام) گەورەترە، جا لەبەر ئەوە پێویستە لەسەر ئوممەتەکەی کە بە پێی توانا پەیڕەوی بکەنو لە شەریعەتەکەی لانەدەن، کە لەدوو سەرچاوەی سەرەکی پێك هاتووە ، قورئانو سوننەتەکانی خۆیەتی بەگشتی لە گوفتار و کرداری، ئەو کردارو گوفتارانەیش کە هاوڕێیانی کردوویانە و ئەویش پەسەندی کردوون یان بەرپەرچی نەداونەتەوە .

# چوارەم: باوەڕ بە پەڕاوەکانی خودی (ﷲ)

بڕوابوون بە سەرجەم پەڕاوەکانی خودی (ﷲ) لە بنچینەکانی باوەڕە کە ڕەوانەی کردوون بۆ سەرجەم پێغەمبەرەکانی هەروەکو چۆن خوای گەورە قورئانی ڕەوانە کردوە بۆ محمد پێغەمبەر(ﷺ) هەروەهاش پەڕاوەکانی ڕەوانەکردووە بۆ پێغەمبەرانی تری لە پێش ئەودا .

## ئەو پەڕاوانەی لە قورئاندا ناویان هاتووە:

١ـ **تەورات**: ڕەوانە کراوە بۆ سەر موسا ( علیه السلام) خوای گەورە دەفەرموێت :﴿إِنَّآ أَنزَلۡنَا ٱلتَّوۡرَىٰةَ فِيهَا هُدٗى وَنُورٞۚ يَحۡكُمُ بِهَا ٱلنَّبِيُّونَ ٱلَّذِينَ أَسۡلَمُواْ لِلَّذِينَ هَادُواْ وَٱلرَّبَّٰنِيُّونَ وَٱلۡأَحۡبَارُ.. ﴿٤٤﴾﴾ المائده. واتە : ئێمە تەوراتمان ناردە خوارەوە کە ڕێنمایی و ڕوناکیە بۆ ئەوەی پێغەمبەرانی بەنی

ئیسرائیل پەیڕەوی بکەن و حوکمی پێ بکەن ، بۆ ئەوانەی کە بڕوایان پێی هەبوو، وەکو زاهیدانو زانایان و کاهینەکان .

٢- **ئینجیل** : کە ڕەوانە کراوە بۆ سەر عیسا( علیه السلام) خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ثُمَّ قَفَّيْنَا عَلَىٰٓ ءَاثَٰرِهِم بِرُسُلِنَا وَقَفَّيْنَا بِعِيسَى ٱبْنِ مَرْيَمَ وَءَاتَيْنَٰهُ ٱلْإِنجِيلَ .. ﴿٢٧﴾﴾ الحدید. واتە : بەدوا بەدوای ئەوانەدا پێغەمبەرانمان ڕەوان کرد ، لەوانە عیسا( علیه السلام) کە ئینجیلمان بۆ ڕەوانە کرد.

٣- **زەبور** : کە ڕەوانە کراوە بۆ سەر داود ( علیه السلام) خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَءَاتَيْنَا دَاوُۥدَ زَبُورًا ﴿٥٥﴾﴾ الإسراء. واتە: زەبورمان بۆ داود ( علیه السلام) ڕەوانە کرد .

٤- **الصحف** : کە ڕەوانەکراوە بۆ سەر ابراهیم و موسا ( علیهما السلام) خوای گەورە دەفەرموێت:﴿أَمْ لَمْ يُنَبَّأْ بِمَا فِى صُحُفِ مُوسَىٰ ﴿٣٦﴾ وَإِبْرَٰهِيمَ ٱلَّذِى وَفَّىٰٓ ﴿٣٧﴾ أَلَّا تَزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْرَىٰ ﴿٣٨﴾﴾ النجم. واتە : ئایا ئاگادار نەکراون بەوەی کە لەو پەڕاوانەدا هاتووە، کە ڕەوانە کراون بۆ موسا وابراهیم ( علیهما السلام) بەوەی کە کەس بە گوناهی کەس تاوانبار مەکەن .

بەڵام پەڕاوەکانی تر کە ڕەوانە کراون بۆ سەر پێغەمبەرانی تر ، وە قورئان ناوی نەبردوون ، ئێمە بە گشتی بڕوامان پێیان هەیە بە تایبەت بڕوامان بەوە

هەیە کە هەر پێغەمبەرێك پەڕاوێکی تایبەتی خۆی هەیە . خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿كَانَ ٱلنَّاسُ أُمَّةً وَٰحِدَةً فَبَعَثَ ٱللَّهُ ٱلنَّبِيِّـۧنَ مُبَشِّرِينَ وَمُنذِرِينَ وَأَنزَلَ مَعَهُمُ ٱلۡكِتَـٰبَ بِٱلۡحَقِّ لِيَحۡكُمَ بَيۡنَ ٱلنَّاسِ فِيمَا ٱخۡتَلَفُواْ فِيهِۚ وَمَا ٱخۡتَلَفَ فِيهِ..﴿٢١٣﴾البقرە. واتە : خەڵکی یەك ئۆممەتن ، خودی(ﷲ) پێغەمبەرانی رەوانە کردووە کە مژدەدەر و ئاگادار کەرەوە( ترسێنەر) ن ، وە پەڕاوی بۆ رەوانە کردوون تا فەرمان ڕەوایی پێ بکەن لە نێو خەڵکیدا لەوەی کە تیایدا جیاوازییان هەیە ، واتە هاوهەڵوێستن .

هەروەها پێویستە کە بڕوامان هەبێت کە هەموو ئەو پەڕاوانە بە حەق رەوانە کراون و، رێنمایی کەر و روناکین‌و راگەیەنەری یەکتاناسینی خودی(ﷲ)ن لە پەروەردگاریەتی و ناو و سیفەتەکانیدا . وە هەرچی جگە لەوانە یان پێچەوانەی ئەوانە درابێتە پاڵیان ئەوە گۆڕانکاری دەستی مرۆڤە، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿إِنَّآ أَنزَلۡنَا ٱلتَّوۡرَىٰةَ فِيهَا هُدٗى وَنُورٞۚ..﴿٤٤﴾ المائدە. واتە : ئێمە تەوراتمان رەوانە کردووە ، کە رێنمایی و روناکی کەرەوەیە هەروەها ئینجیل‌و پەڕاوەکانی تریش .

**هەروەها پێویستە بڕوامان هەبێت کە قورئانی پیرۆز جیاوازی هەیە لە باقی پەڕاوەکانی تر بە پێی ئەم خاڵانەی خوارەوە :**

١- پوختەی تەعالیمە خوایی یەکانی لە خۆ گرتووە و، لایەنگیری ئەوەی کردووە کە لەو پەڕاوانەی پێشوودا هاتووە لە یەکتا پەرستی خودی (ﷲ) و گوێڕایەڵی فەرمانەکانی ، هەروەها ئەوەی کە پرش و بڵاو بۆتەوە لە پەڕاوە پێشوەکاندا و خوای گەورە کردوویەتی بە چاودێر و شاهید بە سەریانەوە ، دان دەنێت بەوەی کە حەقیان تێدایە و رونکەرەوەی ئەو دەستکاری و گۆڕانکارییانەیە کە تیایاندا رووی داوە ، خوای گەورە دەفەرموێت :

﴿وَأَنزَلْنَآ إِلَيْكَ ٱلْكِتَـٰبَ بِٱلْحَقِّ مُصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيْهِ مِنَ ٱلْكِتَـٰبِ وَمُهَيْمِنًا عَلَيْهِ ۖ﴾ المائدە. واتە : ئەی محمد بە راستی قورئانمان بۆ رەوانە کردی کە دانپیانەری ئەوەیە ، کە لە پەڕاودا هاتووە بۆ پێغەمبەرانی پێشوو ، وە چاودێر و شاهیدە بەسەریەوە .

٢- قورئان تەنها پەڕاوێکی خوایی یە کە خوای گەورە پەیمانی داوە بە پاراستنی ، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا ٱلذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَـٰفِظُونَ ۝﴾ الحجر. واتە :بەڕاستی ئێمە قورئانمان رەوانە کردووە و ، هەر ئێمە بەڕاستی پارێزەری ئەوین .

٣ـ قورئان تەنها پەڕاوێکە کە هاتووە بۆ هەموو گرۆهی ئادەمیزاد لەسەر رووی زەوی دا .

## ئەو بەڵگانەی کە رونکەرەوەی گۆڕانکارین لە پەڕاوەکانی پێشوودا:

١ـ ئەو پەڕاوانەی لە پێش قورئاندا رەوانە کراون دەقی ئەسڵیان نەماوە و ئەوەی کە لەبەر دەستی خەڵکدایە تەنها راڤە کراوەکانە، بەڵام قورئان بەردەوام پارێزراوە بە سورەت و نیشانەو وشە و بزواوەکانی یەوە .

٢ـ لەو پەڕاوانەدا وتەی مرۆڤ تێکەل بە وتەکانی پەروەردگار کراوە وەك لیکدانەوە و مێژوو و ژياننامەی پێغەمبەران و قوتابیەکانیان‌و بۆچوونی زانایان کە تیایدا تۆمار کراوە ، لەبەر ئەوەی زۆر بە زەحمەت وتنەکانی خوا لە وتەکانی مرۆڤ جیا دەکرێتەوە تیایاندا ، بەڵام قورئان هەمووی وتەی خوای گەورەیە و بەس .

٣ـ ئەو پەڕاوانە هیچ نوسراوێکی تیا نی یە ، کە بدرێتە پاڵ رەوانەکراوێك‌و پاڵپشتێکی مێژوویی باوەڕپێکراوی هەبێت ، بۆ نموونە ئەم ( ئەسفارانە)ی کە ئێستا هەیە و ناو دەبرێت بە (العهد القديم)وە ئێستا ناوی تەوراتیان لیٚ ناوە لە دوای موسا(عليه السلام)بە چەند سەدەیەك تۆمار کراوە ، محمد فريد وەجدی لە ( **دائره المعارف**) لە لاروس دەگێڕێتەوە : کە ئەمە پوختەیەکی ( زانستی تازە بە تایبەت رەخنەی ئەڵمانی لە لێکۆلینەوەیەکی فراواندا کە لەبەجێماوە کۆنەکان و مێژوو و زانستی زمانەکاندا کردوویەتی ئەوەی

سەلماندووە کە تەورات موسا ( علیه السلام) نەینووسیوەتەوە، بەڵکو کاری هەندێ لە کاهین و ئەحبارەکان بووە ، کە ناوی خۆیان دەست نیشان نەکردووە و یەك لە دوای یەك تۆماریان کردووە ) .

٤- لەو بەڵگانەی کە گۆڕانکاری و دەست تێ بردن دەسەلمێنێت لەو پەڕاوانەدا زۆری و جیاوازی نوسخەکانیانە، بەتایبەتی جیاوازی ئەو وتە و رایانەی کە تیایاندا تۆمار کراوە .

سید سابق دەفەرموێت : ( بوونی چوار جۆر ئینجیل ، کە لە نێوان حەفتا ئینجیل دا هەڵبژێرراوە بەسە بۆ دروستی بەڵگە هێنانەوە لەسەر ئەو گۆڕانکارییانەی کە کراوە لەو ئینجیلانەی کە ئەمڕۆ لە بەر دەستی نەساراکان دایە، هەروەها رەخنە گرانی مەسیحی خۆیان دانیان ناوە بەوەدا کە بیروباوەڕی ئینجیلەکان تەنها رای پۆلسە ).

٥- لەو شتانەی کە بەڵگە نەویستە لەسەر ئەو گۆڕانکاریانەی کە لەو پەڕاوانەدا رووی داوە ، ئەوەیە کە پڕە لە بیروباوەڕی خراپ و بۆچوونی کاڵ لەبارەی خوای گەورە و پێغەمبەرە بەڕێزەکانیەوە، وەك ئەوەی کە هاتووە ، وەك نموونەیەك لە خەروارێك لە ( سفر التکوین ) دا لە تەوراتدا : ( قال الرب الاله هوذا الانسان قد صار کواحد منا عارفاً بالخیر والشر ). (العقائد الاسلامیه) سید سابق ، واتە : پەروەردگارت ئەڵێت ـ هوژا ـ کە مرۆڤە وەك یەکێك لە ئێمە وایە کە زانایە بە خێر و شەڕ " .

جا نمونە زۆرن لەمانە، کە لە تەورات و ئینجیل دا خراونەتە پاڵ پێغەمبەران( علیهم السلام) هەروەك چیرۆکی زۆریان دەربارەیان هەڵبەستووە،

تانەیان لیٚ داون و شتیان بە ناڕەواو بیٚبەڵگە بۆ دروست کردوون ، لەوانە: زیناکردنی داود لەگەڵ ژنی کوڕەکەی کە مردووە ، زیناکردنی لوگ لەگەڵ دووکچەکەی پاش ئەوەی خوای گەورە لە تیاچوون رزگاری کردن، خوا پەنامان بدات لەوەی کە کاری خراپو ناڕەوا بدەینە پاڵ پیٚغەمبەران .

جا لیٚرەدا پیٚویستە بڕوامان بەوە هەبیٚت کە قورئان پەڕاوی ژیانو یاسای ئوممەتە و دەستوری دەوڵەتە، لەسەر موسوڵمان پیٚویستە بیخویٚنیٚتەوە بەپیٚی یاساکانی جوان خویٚندن، وە بەڕیٚزەوە سەیری بکات لەبەر ڕیٚز و گەورەیی رەوانەکەرەکەی ، وە بڕوامان وابیٚت کە (عجاییات) ی قورئان دوایی نایەت، وە قورئان تکا دەکات بۆ خاوەنەکەی لە ژیانی بەرزەخو قیامەتدا ، وە قورئان روناکی یە لەسەر زەوی دا و مایەی سەرفرازی دنیاو دواڕۆژە .

# پێنجەم: باوەڕ بە رۆژی دوایی

مانــای بڕوابــوون بــە هــەموو ئــەو شــتانەی کــە خــوای گــەورە و پێغەمبەرەکەی(ﷺ) هەواڵیان لە بارەیەوە داوە ، کە لەدوای مردن لە فیتنەی گۆڕو سزاو بەهرەکانی، بوژاندنەوە و حەشرو لاپەڕەی کردار حساب کردنو تـەرازوو و حـەوزی کـوپر و رێگـەی پەڕینـەوە ( الصـراط ) و تکـا کـردنو بەهەشـتو دۆزەخ ، ئـەوەی کـە خـودی (اللّٰه) ئامـادەی کـردووە بـۆ ئـەهلی هەردوکیان ، هەروەها بڕوابوون بـەوەی کـە فیتنـەی گـۆڕ و سـزاو بـەهرەکانی ئەمانە لە کاروباری رۆژی دوایی نین، بەڵکو ئەمانـە هـەموو پـێش رۆژی دوایـی روودەدات لەگەڵ پرسیاری دوو فریشتەکە لەناو گۆڕدا .

## گرنگی دانی قورئان بەم رۆژە و حیکمەتەکەی:

قورئانی پیرۆز پڕە لە یادکردنەوەی ئەم رۆژە، گرنگی یەکی زۆری پێداوە و لە هەموو شوێنێکدا ناوی بردوەو لە هەموو بۆنە (مناسبە) یەکدا ئاگاداری لـە بارەیەوە داوە و ، بە هەموو شێوەیەك جەختی روودانی کردووە و خەڵکی لـە ناڕەحەتیەکانی ترساندووە .

قورئان بە زۆری بڕوابوونی بەم رۆژە بەستوە بە بڕوابوون بە خودی (اللّٰه) وە ، لە نموونەی ئەوانە خوای گەورە دەفەرموێت:﴿ وَلَـٰكِنَّ ٱلْبِرَّ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ ﴾البقره/١٧٧ .

واتە:چاکە ئەوەیە هەرکەس بڕوای بێت بە خودی (اللّٰه) و ڕۆژی دوایی و کرداری چاك ئەنجام بدات ، هەروەها دەفەرموێت :﴿قَٰتِلُوا ٱلَّذِينَ لَا يُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَلَا بِٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِ﴾التوبە/٢٩ .

واتە : بجونگێن لەگەڵ ئەوانەی کە بڕوایان بە خودی(اللّٰه) و ڕۆژی دوایی نیە ،نموونەی ئەم نیشانە زۆرن لە قورئانی پیرۆزدا .

هەروەها قورئانی پیرۆز زۆر ناوی ڕۆژی دوایی دووبارە کردۆتەوە بە شێوەیەك کە لاپەڕەیەك لە لاپەڕەکانی نی یە کە چەند جارێك ناوی ڕۆژی دوایی تیا دوبارە نەکرابێتەوە .

قورئانی پیرۆز ناوی ڕۆژی دوایی بە چەند ناوێکی تر دەست نیشان کردوە کە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە هەر ناوێك لەو ناوانە وێنەی سیفەتێکە لە سیفەتەکانی ئەو ڕۆژە، لەو ناوانە: (( القيامة، الحاقة ، الساعة ، يوم الدين ، يوم الجمع ، الطّامة ، الصّاخة ، الغاشية))هەروەها.

## حیکمەتی گرنگی دان بەم بنچینە ئیمانی یە

بە ڕاستی بڕوابوون بە ڕۆژی دوایی کارتێکردنێکی گەورەی هەیە لە ژیانی مرۆڤدا ، لەبەر ئەوەی کە ئەمانەی لەخۆ گرتووە ، وەك: بەهەشتو دۆزەخو حسابو سزاو پاداشت ، بەهێز ترین کار دەکاتە سەر ڕێنمایی مرۆڤ و وابەستەبوونی بە کرداری چاکە و تەقوای خوای گەورە ، لە ڕاستیدا جیاوازیەکی تەواو هەیە لە نێوان دووکەس دا ، کە یەکێکیان بڕوای بە زیندوبونەوە و حساب نەبێت وە وابەست نەبێت بە هیچ شتێکەوە جگە لە بەرژەوەندی یە خۆیی یەکانی . ئەوی تریان بڕوای هەبێت بە ڕۆژی

بوژاندنـەوە و حسـاب لەسـەر کردارەکـانی و دادوەری کـردن لەسـەر کـرداروو گوفتارەکانی لەلایەن دادوەر ترین دادوەرەوە کە خودی(ﷲ) یە ، وەلەلایـەن ئـەوەوە پاداشـت ئەدرێتـەوە لەسـەر چـاکەکانی و لەسـەر خراپـەکانی سـزا دەدرێت.

جا گومان لەوەدا نـی یـە کـە یەکـەمیان لـە ژێـر هـەموو یاسـاو دەسـتورێك دەردەچێت، جگـە لـە ئـارەزوو و شـەهوەتبازی و ویسـتی تایبـەتی خـۆی کـە ویستێکی خۆپەرستی یە ، وە بۆ ئەوەیش هەموو هۆکارێـك بـە رەوا دەزانێـتو بەکاری ئەهێنێت بۆ گەیشتن بەو مەبەستەی . بەڵام ئـەوی تریـان وابەسـتە بـە سنورەکانی حەقو خێـرو چـاکەکردنو خواپـەرسـتی یـەوە، کـە ئەمانـە جـۆرە کارێکن لەلای خودی (ﷲ) لە رۆژی دواییدا نرخو کێشـی هەیـە، خـوای گـەورە دەفەرموێت :

﴿وَٱلۡوَزۡنُ يَوۡمَئِذٍ ٱلۡحَقُّۚ فَمَن ثَقُلَتۡ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُوْلَٰٓئِكَ هُمُ ٱلۡمُفۡلِحُونَ ۝٨ وَمَنۡ خَفَّتۡ مَوَٰزِينُهُۥ فَأُوْلَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ خَسِرُوٓاْ أَنفُسَهُم..﴾ ۝٩ الأعـراف. واتـــە : لەرۆژی دواییدا کێشو نرخ بۆ حەقو راستی یە ، جا هەرکـەس تـای تـەرازووی پـڕ بێـت لـە چـاکە و حـەقو راسـتی ، ئـەوە ئەوانـە سـەرکەوتووەکانن ، وە هەرکەس تای تەرازووی سوك بێت ئەوە ئەوانەن کە خۆیان زەرەرمەنـد کـردوە .

وە قورئانی پیرۆز دەست رادەکێشێت بۆ ئەو حیکمەتە لە وابەستەیی کە لە نێوان بڕوابوون بە رۆژی دوایی و کرداری چاکەدا هەیە لە زۆربەی ئایەتەکاندا ، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿أَرَءَيْتَ ٱلَّذِى يُكَذِّبُ بِٱلدِّينِ ﴿١﴾ فَذَٰلِكَ ٱلَّذِى يَدُعُّ ٱلْيَتِيمَ ﴿٢﴾

وَلَا يَحُضُّ عَلَىٰ طَعَامِ ٱلْمِسْكِينِ ﴿٣﴾﴾ الماعون. واته: نابینی ئەوەی کە درۆ دەکات لەگەڵ خواو دینەکەیدا ، ئەوە ئەوکەسەیە کە بەزەیی بە هەتیودا نایەتەوە و ئەشکەنجەی دەدات ، هەروەها بەزەیی بە هەژارو برسیاندا نایەتەوە و ئاستەنگی ژیانیان بۆ دروست دەکات لە جیاتی ئاسانکاری.

**هەروەها دەفەرموێت :**

﴿إِنَّمَا يَعْمُرُ مَسَٰجِدَ ٱللَّهِ مَنْ ءَامَنَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ. ﴿١٨﴾﴾ التوبه.

واتە: ئەوەی کە مزگەوتەکان ئاوەدان دەکاتەوە ،ئەوەیە کە بڕوای بە خودی(ﷲ)و ڕۆژی دوایی هەیە، هەروەها دەفەرموێت :

﴿لَّا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ يُوَآدُّونَ مَنْ حَآدَّ ٱللَّهَ

وَرَسُولَهُۥ.. ﴿٢٢﴾﴾ المجادله. واته :هیچ قەومێك شك نابەیت کە بڕوایان هەبێت بە خودی (ﷲ)و ڕۆژی دوایی کە دۆستایەتیان هەبێت لەگەڵ ئەو کەسەی کە سنوری بەرنامەی خوای گەورە دەشکێنێت .

جا لەبەر ئەوەی کە مرۆڤ هەر لە فیترەتدا حەزی لە بەرژەوەندی خۆیەتی ، هەوڵی ئەوەیەتی لە خراپە و ئاستەنگ بەدوور بێت ، بڕوابوون بە ڕۆژی دوایی ڕاست کەرەوەی ئەو هاندەرە نەفسیـیە یەتی، ئەو هاندەرەی کە ئارەزووی دابین کردنی خێر و خۆشی هەیە و هەوڵی ئەوەیەتی کە لە شەڕو ئاستەنگ بەدوور بێت ، وا دەردەکەوێت کە حیکمەتێکی تر لە گرنگی پێدانی قورئان بەڕۆژی دوایی زۆری لەبیرچوونەوەی بەندەکان بێت بۆ ئەو ڕۆژە بەهۆی

خەریك بوونیان بە كاروباری ژیانو لەزەتە دنیایی یەكانەوە ، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مَا لَكُمۡ إِذَا قِيلَ لَكُمُ ٱنفِرُواْ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱثَّاقَلۡتُمۡ إِلَى ٱلۡأَرۡضِۚ أَرَضِيتُم بِٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا مِنَ ٱلۡأٓخِرَةِۚ فَمَا مَتَٰعُ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا فِي ٱلۡأٓخِرَةِ إِلَّا قَلِيلٌ ٣٨﴾التوبه.

واتە : ئەی ئەوانەی كە بڕواتەن هێناوە بۆچی كاتێك بانگ دەكرێن بۆ كۆشش لە ڕێگای خوادا تەمەڵی داتان دەگرێت لەسەر زەوی دا ، ئایا ڕازین بە ژیانی دنیا لە جیاتی ئاخیرەت ، لەگەڵ ئەوەشدا كە لەزەتی ژیانی دنیا لەچاو لەزەتی ئاخیرەتدا زۆر زۆر كەمە .

# بەڵگەکانی رۆژی دوایی، رەواندنەوەی گومانی بێبڕوایانن

قورئانی پیرۆزو سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ)بەڵگەن لەسەر بڕوابوون بە رۆژی دوایی، هەرچەندە ژیری و سروشتی ساغ بەڵگەن لەسەری ، ئەوەتا خوای گەورە لە زۆربەی سورەتو ئایەتەکانیدا ناوی بردووە وگومانی بێ بڕوایانی لەو بارەیەوە پوچەڵ کردۆتەوە ، لەگەڵ ئەوەدا هەموو پێغەمبەرێکی رەوانە کردووەکە مژدەدەر و ترسێنەرو ئاگادارکەرەوەی گەلەکەی بێت دەربارەی ئەو رۆژە مەزنە، جا هەر کەس بڕوای پێی نەبێت ئەوە پێی کافر دەبێت . خوای گەورە دەفەرموێت :

﴿وَٱللَّهُ أَنۢبَتَكُم مِّنَ ٱلۡأَرۡضِ نَبَاتٗا ﴿١٧﴾ ثُمَّ يُعِيدُكُمۡ فِيهَا وَيُخۡرِجُكُمۡ إِخۡرَاجٗا ﴿١٨﴾﴾ نوح. واتە :خودی (ﷲ) لە زەوی دروستی کردوونو ئەتانگێڕێتەوە بۆ ئەوێ و سەر لە نوێ جارێکی تر لە زەوی بەدەرتان دێنێتەوە و زیندوتان دەکاتەوە .

جا ئەوانەی کە ملەجیڕێی بوژاندنەوە دەکەن سەرجەم پێغەمبەرانی زاتی(ﷲ) بەدرۆ دەخەنەوە. ملەجیڕێ کەرانی بوژاندنەوە هیچ بەڵگەیەکیان بۆ ئەوە بەدەستەوە نی یە، چونکە ئەوە شتێکی نادیارەوکەس نایزانێ جگە لە خودی (ﷲ) وە هیچ شتێكو رێگایەك نىیە بۆ سەلماندنو ملەجیڕێکردنی ئەو کاروبارە نادیارانە جگە لە گەڕانەوە بۆلای پێغەمبەرانی خوا. بەڵام ئەوەی کە بێبڕوایان لەو بارەوە بڵاویان کردۆتەوە هیچ شتێك نی یە جگە لە کۆمەڵێ گومانی بێ نرخ نەبێت هەروەکو خوای گەورە لەبارەیانەوە ئاگادارمان دەکاتەوە و دەفەرموێت :

﴿أَءِذَا مِتۡنَا وَكُنَّا تُرَابٗاۖ ذَٰلِكَ رَجۡعُۢ بَعِيدٞ ٣﴾ ق. واتە: بەڵێ کاتێك کە ئێمە مردین‌و بووین بەخۆڵ بەراستی ئەوە زۆر دوورە کەبگەڕێینەوە بۆ ژیان.

**هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت :**

﴿وَقَالُواْ مَا هِيَ إِلَّا حَيَاتُنَا ٱلدُّنۡيَا نَمُوتُ وَنَحۡيَا وَمَا يُهۡلِكُنَآ إِلَّا ٱلدَّهۡرُۚ وَمَا لَهُم بِذَٰلِكَ مِنۡ عِلۡمٍۖ إِنۡ هُمۡ إِلَّا يَظُنُّونَ ٢٤﴾ الجاثية. واتە: بێبڕوایان ئەڵێن ئەوەی کە هەیە تەنها ژیانی ئەم دنیایەیە ، کە تیایدا دەمرین‌و دەژین ئەوەی کە هۆی تیاچوونمانە تەنهاو تەنها ڕۆژگارو زەمانەیە بۆئەمەش هیچ زانیاریەکی بەڵگەداریان بەدەستەوە نی یە، بەڵکو تەنها شوێن گومان دەکەون.

خوای گەورە بەرپەرچی ئەم گومانەی بێبڕوایان و بێنرخیەکەی لە زۆر شوێن لە قورئانی پیرۆزدا دەداتەوە و ئەوە روون دەکاتەوە کە کەسی ژیری ساغ ملەجیڕێی بڕوابوون بە ڕۆژی دوایی ناکات‌و بەڵکو لایەنگیری دەکات ، بۆ ئەمەش نمونە و رووداو زۆرە لە ژیانی خەڵکیدا لەوانە ، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَقَالُوٓاْ أَءِذَا كُنَّا عِظَٰمٗا وَرُفَٰتًا أَءِنَّا لَمَبۡعُوثُونَ خَلۡقٗا جَدِيدٗا ٤٩ ۞قُلۡ كُونُواْ حِجَارَةً أَوۡ حَدِيدًا ٥٠ أَوۡ خَلۡقٗا مِّمَّا يَكۡبُرُ فِي صُدُورِكُمۡۚ فَسَيَقُولُونَ مَن يُعِيدُنَاۖ قُلِ ٱلَّذِي فَطَرَكُمۡ أَوَّلَ مَرَّةٖۚ فَسَيُنۡغِضُونَ إِلَيۡكَ رُءُوسَهُمۡ وَيَقُولُونَ مَتَىٰ هُوَۖ قُلۡ عَسَىٰٓ أَن يَكُونَ قَرِيبٗا ٥١﴾ **الإسراء.**

واتە: ئێمە کە بووینە ئێسقانی پواو و رزیو ، ئایا ئێمە سەر لەنوێ زیندوو دەکرێینەوە ؟! تۆش ئەی محمد (ﷺ) پێیان بڵێ ببنە بەرد یا ئاسن یان

هەر شتێك کە بە دڵتانا بێتو بەلاتانەوە گەورە بێتو مایەی رزگاربوونتان بێت لە مردن و زیندوبوونەوە، لە دەستی زیندوبوونەوە رزگاریان نابێت ، جا ئەوسا بێ بڕوایان پێت دەڵێن ، کێ زیندومان دەکاتەوە ، تۆش بڵێ ئەوە زیندوتان دەکاتەوە کە یەکەمجار بەدی هێناون، ئینجا سەر دەلەرزێنن ودەڵێن ئەوە ... کەی؟ تۆش ئەی محمد (ﷺ) بفەرموو ئومێد وایە بەم نزیکە بێت .

بەوردی بڕوانە بۆ ئەو گومانە کە بێبڕوایان بڵاویان کردۆتەوە هەمان گومانی بێ نرخە کە درۆزنان لە هەموو چەرخێکدا بڵاویان کردۆتەوە ، ئەویش ئەوەیە کە بەلایانەوە شتێکی گەورە و نەگونجاوە کە خوا بتوانێت ئەو ئێسقانە رزیوانە زیندوو بکاتەوەو پێستو گۆشت بکاتەوە بەبەریانداو زیندوویان بکاتەوە کە خاوەنی هەستو هۆش بن، ئەمەیان بەلاوە شتێکی زۆر نەگونجاوە و بە دووری ئەزانن چونکە نازانن کەی ئەو زیندوکردنەوەیە روودەدات ، بەڕاستی ئەم گومانانە بەڵگەن لەسەر نەفامی ئەو بێبڕوایانە ، بە سروشت ئەو دروستکراوانەی خوای گەورە دروستی کردوون ،چونکە ئەوەی لە نەبوون ئەوانی هێنابێتە بوون ، زۆر بەلایەوە ئاسانەجارێکی تر زیندوویان بکاتەوە ، وە زۆربەلاشیەوە ئاسانە، بەم فەرموودەیە خوای گەورە بەرپەرچیان دەداتەوە: ﴿.. ٱلَّذِى فَطَرَكُمْ أَوَّلَ مَرَّةٍ .. ﴿٥١﴾﴾ الإسراء. واتە: ئەوە زیندووتان دەکاتەوە کە یەکەمجار بەدیهێناون .

نەزانی ئەو رۆژە لەلایەن خەڵکی یەوە بەڵگە نی یە لەسەر روونەدانی ئەو رۆژە، وە ئەو زیندووکردنەوەیە بەڵکو تەنها ملەجیڕێ و بێئاگایی بێبڕواکان

ئەو گومانانەیان بۆ دروست دەکات ، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿وَضَرَبَ لَنَا
مَثَلاً وَنَسِيَ خَلْقَهُۥ ۖ قَالَ مَن يُحْيِ ٱلْعِظَـٰمَ وَهِيَ رَمِيمٌ ﴿٧٨﴾ قُلْ يُحْيِيهَا ٱلَّذِيٓ
أَنشَأَهَآ أَوَّلَ مَرَّةٍ ۖ وَهُوَ بِكُلِّ خَلْقٍ عَلِيمٌ ﴿٧٩﴾ ٱلَّذِي جَعَلَ لَكُم مِّنَ ٱلشَّجَرِ
ٱلْأَخْضَرِ نَارًا فَإِذَآ أَنتُم مِّنْهُ تُوقِدُونَ ﴿٨٠﴾ أَوَلَيْسَ ٱلَّذِي خَلَقَ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ
وَٱلْأَرْضَ بِقَـٰدِرٍ عَلَىٰٓ أَن يَخْلُقَ مِثْلَهُم ۚ بَلَىٰ وَهُوَ ٱلْخَلَّـٰقُ ٱلْعَلِيمُ ﴿٨١﴾﴾ يس.

واتە: نموونەمان بۆ دەهێنێتەوە لەکاتێکدا کە بەدیهێنانی خۆی لەبیرچۆتەوە ، دەپرسێت کێ ئێسقانەکان زیندوو دەکاتەوە کە بوون بە خۆڵەمێش ؟ تۆش ئەی محمد (ﷺ) بفەرموو : ئەو کەسە زیندووبیان دەکاتەوە کە یەکەمجار بەدیهێناون وە هەر ئەو بەسەر هەموو شتێکدا زانایە، ئەو کەسەیە کە لە درەختی تەڕ ئاگر دەکاتەوە[1] ، و ئێوەش ئاگری پێ دەکەنەوە ، وە ئایا ئەو کەسەی کە ئاسمانەکان و زەوی بەدیهێناوە بە توانا نی یە ؟ نموونەی ئەوانە بەدی بهێنێتەوە ، بەڵێ گومان لەوەدا نی یە ، ئەو کەسەیە کە بەدیهێنەری زانایە کە ئەویش خودی ( ﷲ) یە .

ڕوونکەرەوەی ( عقیدة طحاوی) دەفەرموێت : ئەگەر زاناترین و ڕەوانبێژترین مرۆڤ بیەوێت بەڵگەیەکی ئاوەها بەوشتانە بهێنێتەوە بەو کورتی و ڕوونی یە ، هەرگیز ناتوانێت ، خوای گەورە ئەم بەڵگەیەی بەو پرسیارە

---

(١) مەبەست لە مەرەخ و عەففارە کە دوو لقی تەڕن کە ئەیاندەی لەیەك ئاگر فڕێ دەدات

دەست پێ دەکات کە بێبڕوایەك بەدیهێنانی خۆی لەبیرچوو، وەڵامەکەی بە تەواوی لەو فەرمودەیەی خوای گەورەدا کە دەفەرموێت: ﴿وَنَسِيَ خَلْقَهُۥ﴾بە روونی دیارە بەڵام خوای گەورە بۆ زیاتر دڵنیابوون و روونکردنەوە ، ئەم فەرمودەیە دەهێنێتەوە کە دەفەرموێت ﴿ قُلْ يُحْيِيهَا ٱلَّذِىٓ أَنشَأَهَآ أَوَّلَ مَرَّةٍ﴾ جا هەموو ژیرێك بە ناچاری ئەوە دەزانێت کەسێك کە بەتوانا بێت بەسەر بەدیهێنانلدا لە نەبوون زیندووکردنەوەی ئەو بەدیهێنراوانەی لە دوای مردنیان زۆر بەلاوە ئاسانە، کەوابوو کەسێك بێ توانا بێت بەسەر حاڵەتی دووەمدا ئەوە زۆر بێ توانا ترە بەسەر حاڵەتی یەکەمدا .

خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَٰكُمْ عَبَثًا وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ ﴿١١٥﴾ المؤمنون. واتە: وا بەخەیاڵتانا دێت کە ئێمە بەهەوانتە ئێوەمان دروست کردووە و وە ئێوە بۆلای ئێمە ناگەڕێنەوە . هەروەها دەفەرموێت :

﴿أَيَحْسَبُ ٱلْإِنسَٰنُ أَن يُتْرَكَ سُدًى ﴿٣٦﴾﴾ القیامە. واتە: مرۆڤ وادەزانێت کە بە هەوانتە وازی لێ دەهێنرێت.

ئەم دووئایەتە ئەوە روون دەکەنەوە و دەست نیشانی دەکەن کە بڕوابوون بە رۆژی دوایی لە پێویستیەکانی بڕوابوونە بە خودی (اللّٰه) بەڵام لە پێویستیەکان بێبڕوایی( کفر) ئەوەیە کە مرۆڤ نرخی خۆی لەدەست بداتو وەها خۆی بە کەم بزانێت ، کەوا بەبێ سوود بەدیهێنراوەو بوونی لەسەر

زەویدا هیچ حیکمەتێکی تیا نیە و بوونەکەی تەنها بەسراوە بە تەمەنە کەمە نادیاریکراوەکەیەوە ، کە هەمووی خەمو خەفەتو ناسۆرە .

کەوابوو بڕوابوون بەزیندوبوونەوە لە پێویستیەکانی بڕوابوونە بە خودی (الله) و دادوەری و حیکمەتی ئەوەوە ، وە ئەمەش ژیری و سروشتی ساغ فەرمانی پێ دەکاتو پێی دڵنیا دەبێت .

## درێژەی بڕوابوون بە ڕۆژی دوایی:

بڕوابـوون بـە ڕۆژی دوایـی یەکێکـە لـەو بنچـینە سـەرەکی و گرنگانـەی کـە باوەڕی لەسەر دائەمەزرێت ، جا باوەڕ جێبەجێ نابێتو تەواو تۆکمە نابێت تـا ئەم دووخاڵە جێ بەجێ نەبێت :

**یەکەم** : بەندە دەبێت بەتایبەتی بڕوای بە ڕۆژی دوایی هـەبێت، کەئەمـەش لای خوارووی باوەڕە .

**دووەم** : بڕوای بە هەموو ئەو شتانە هەبێت کە ڕوودەدەن لە پاش مـردن ، وە پێغەمبـەر (ﷺ) لـەو بارەیـەوە خەبـەری داوە و ئاگـادری کـردوین ، لەوانە :

### ١- فیتنەی گۆڕو پرسیاری دوو فریشتەکە :

پێویستە بڕوای تەواومان هەبێت بـەو گوزارشـەی کـە پێغەمبـەر (ﷺ) لـە بارەی فیتنەی گـۆڕو پرسـیاری دوو فریشـتەکە داویـەتی لـەبارەی دینەکـەی و پێغەمبەرەکەیەوە کە شوێنی کەوتووە :

بوخاری و موسلیم لە ئەنەسی کـوڕی مالیکـەوە دەگێڕنـەوە کـە پێغەمبـەر (ﷺ) فەرمویەتی : **« حَدَّثَنَا عَيَّاشُ بْنُ الْوَلِيدِ حَدَّثَنَا عَبْدُ الأَعْلَى حَدَّثَنَا سَعِيدٌ عَنْ قَتَادَةَ عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ (رضي الله عنه) أَنَّهُ حَدَّثَهُمْ أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ (ﷺ)قَالَ « إِنَّ الْعَبْدَ إِذَا وُضِعَ فِى قَبْرِهِ ، وَتَوَلَّى عَنْهُ أَصْحَابُهُ ، وَإِنَّهُ لَيَسْمَعُ قَرْعَ نِعَالِهِمْ ، أَتَاهُ مَلَكَانِ فَيُقْعِدَانِهِ فَيَقُولاَنِ مَا كُنْتَ تَقُولُ فِى هَذَا الرَّجُلِ ؟ فَأَمَّا الْمُؤْمِنُ فَيَقُولُ أَشْهَدُ أَنَّهُ عَبْدُ اللَّهِ وَرَسُولُهُ . فَيُقَالُ لَهُ انْظُرْ إِلَى مَقْعَدِكَ مِنَ النَّارِ ، قَدْ أَبْدَلَكَ اللَّهُ بِهِ مَقْعَدًا مِنَ الْجَنَّةِ، فَيَرَاهُمَا جَمِيعًا**

، **وَأَمَّا الْمُنَافِقُ وَالْكَافِرُ فَيُقَالُ لَهُ مَا كُنْتَ تَقُولُ فِى هَذَا الرَّجُلِ ؟ فَيَقُولُ لَا أَدْرِي !! كُنْتُ أَقُولُ مَا يَقُولُ النَّاسُ . فَيُقَالُ لَا دَرَيْتَ وَلَا تَلَيْتَ! وَيُضْرَبُ بِمَطَارِقَ مِنْ حَدِيدٍ ضَرْبَةً ، فَيَصِيحُ صَيْحَةً يَسْمَعُهَا مَنْ يَلِيهِ ، غَيْرَ الثَّقَلَيْنِ ﴾ .**

واتـه: بەنـدەی مـردوو کـە دەخرێتـە گۆڕەکـەی و خـزمو دۆسـتانی بـەجێی دەهێڵن ، لە کاتێکدا کە ئـەو گـوێی لـە خشـەو دەنگـی پێڵاوەکانیانـە ، ئالـەو کاتـەدا دوو فریشـتە دێنـە لای و لای دادەنیشـن و لێـی دەپرسـن چـی دەڵێـی دەبارەی محمـدی کـوڕی عبـدالله ؟ بـڕوادار دەڵێـت :شـاهیدی دەدەم کـە ئـەو بەندە و ڕەوانەکراوی خودی (ﷲ)یە ، کـە ئـەم وەڵامـەی دایـەوە فریشـتەکان پێی دەڵێن بڕوانە بۆ شوێنەکەت لـە دۆزەخ دا بـەڵام خـوای گـەورە لەبـەر ئـەو شـاهیدیەت بـۆی گۆڕیـت بـە شـوێنێك لـە بەهەشـت دا ، پێغەمبـەر (ﷺ) دەفـەرموێت هـەموویان بەهەشـتو دۆزەخ دەبیـنن، ئینجـا بـە کـافر و دووڕوو دەڵێن : ئێوە چی دەڵێن دەربارەی محمـدی کـوڕی عبـدالله ؟ وەڵامـی ئەوەیـە دەڵێ نازانم خەڵکی چی دەڵێن منیش ئـەوە دەڵێم لەبارەیـەوە، ئینجـا پێـی دەڵێن نەزانیوتە و نەخوێندوتە ، جا لێی دەدرێت بە چەکوشێك، لێدانێك کـە هاوارێکی لێ پەیدا ئەکات کە هەرچی بەدوایدا دێت دەیبیسێت جگە لە ( جن و إنس) پەری و ئادەمیزاد .

## ٢ـ سـزا و بەهرەکانی گـۆڕ :

لە پاش فیتنەی گۆڕ پێویستە بڕوامان هەبێت بە سزای ناو گۆڕ، کە بەڵگەکانی قورئان و سوننەت روونیان کردۆتەوە ، خوای گەورە دەفەرموێت :

﴿ وَحَاقَ بِـَٔالِ فِرۡعَوۡنَ سُوٓءُ ٱلۡعَذَابِ ۝ ٱلنَّارُ يُعۡرَضُونَ عَلَيۡهَا غُدُوّٗا وَعَشِيّٗاۖ وَيَوۡمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ أَدۡخِلُوٓاْ ءَالَ فِرۡعَوۡنَ أَشَدَّ ٱلۡعَذَابِ ۝ ﴾ غافر. واته : خوای گەورە بڕیاری دا فیرعەون و شوێنکەوتووانی تووشی دوو جۆر سزا بکات!

**یەکەم :** ﴿ ٱلنَّارُ يُعۡرَضُونَ عَلَيۡهَا غُدُوّٗا وَعَشِيّٗا ﴾ واتە : لە بەرزەخدا بە ئاگری دۆزەخ سزا دەدرێن، بەیانیان و ئێواران.

**دووەم :** ﴿ وَيَوۡمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ أَدۡخِلُوٓاْ ءَالَ فِرۡعَوۡنَ أَشَدَّ ٱلۡعَذَابِ ﴾ واتە: دوا بەدوای سزای گۆڕ ، لەڕۆژی بوژاندنەوەدا فیرعەون و دەست و پێوەندەکەی دەخرێنە خراپترین سزا کە زۆر زۆر خراپتر لە سزای ناو گۆڕ .

بزانە : کە فەرموودەی دروست لەم بارەیەوە زۆر هاتووە ، کە گەیشتوەتە سنووری ( تواتُر) ، ئەوەوی لە روونکردنەوەکەیدا ، لەسەر (صەحیحی موسلیم)کردویەتی دەفەرموێت : (کە بۆچوونی ئەهلی سوننەت و جەماعەت سەلماندنی سزای ناو گۆڕە ، وە بەڵگەی زۆریان بەدەستەوەیە لە قورئان و سوننەتی دروست ، کە کۆمەڵی هاوڕێیانی پێغەمبەر (ﷺ) ریوایەتیان کردووە و ئەو مەبەستەی روونکردۆتەوە ) .

بەڵام دەربارەی چۆنیەتی سزای گۆڕ و بەهرەکانی و گەڕاندنەوەی رۆح بۆ لای مردوەکە جگە لەوەی کە لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) بە دروستی پێمان گەیشتووە نابێت زیادە رەوی بکەین ، یان لێ ی کەم بکەینەوە ، روونکەرەوەی عەقیدەی گحاوی دەفەرموێت : " خەبەرەکان بە ( تواتُر) لە

پێغەمبەرەوە (ﷺ) هاتووە دەربارەی سەلماندنی سزای گۆڕو بەهرەکانی بۆ ئەوەی کە شایستەی هەرکامێکیان بێت ، هەروەها دەربارەی پرسیاری دوو فریشتەکە ، جا پێویستە ئەوە بسەلمێنین و بە هیچ جۆرێك قسە لە چۆنیەتی ئەو نەکەین ، چونکە مرۆڤی ژیر بەدوای ئەو چۆنیەتەدا ناگەڕێت لەبەر ئەوەی لە سنووری توانای ژیری ئەو بەدەرە ، بزانە کە سزای گۆڕ سزای بەرزەخە ، هەرکەسێك مردو و شایستەی سزابوو بەشی خۆی لە سزای گۆڕ دەچێژێت ، جا ئایا بنێژرێت یا نەنێژرابێت لەدوای مردنی، هەتا ئەگەر دڕندەش بیخوات یان بسوتێت و خۆڵەمێشەکەی بدرێت بەدەم باوە .

## ٣ـ نیشانەکانی ڕۆژی دوایی (( القیامە )) :

پێویستە لەسەرمان کە باوەڕمان هەبێت بەوەی کە ڕۆژی دوایی دێت بەبێگومان ، وە جگە لە خودی (اللّٰه) کەس کاتەکەی نازانێت ، خوای گەورە لەبەر حیکمەتی خۆی مرۆڤی بێئاگا کردوە لە کاتەکەی، بەڵام پێویستە بڕوامان هەبێت بەو نیشانانەی کە پێغەمبەر (ﷺ) لە فەرموودەکانیدا دەست نیشانی کردوون ، وە بە دروستی لێوەی گەیشتووە، کە ڕۆژی دوایی دووجۆر نیشانەی هەیە، بچووکەکان و گەورەکان . جا نیشانە بچووکەکان زۆربەیان لەبارەی خراپ بوونی خەڵك و دەرکەوتنی فیتنەو ئاژاوەیە لە نێوان خەڵکیدا .

(١) بوخاری وموسلیم لە پێغەمبەرەوە(ﷺ)دەگێڕنەوە کە فەرمویەتی: ﴿ **بُعِثْتُ أَنَا والسَّاعَةَ كَهَاتَيْنِ** ﴾ واتە :ڕەوانە کردنی منو ڕۆژی دوایی وەك

ئەم دوو پەنجەیە وایە، ئەم فەرموودەیە بەلگەیە لەسەر ئەوەی کە ڕەوانەکردنی پێغەمبەر (ﷺ) لە نیشانەکانی ڕۆژی دوایی یە .

(٢) لە فەرمووده بەناوبانگەکەی جبریل کاتێك پرسیاری کرد دەربارەی کاتی ڕۆژی دوایی پێغەمبەر (ﷺ)فەرمووی : ﴿ **مَا المَسؤُلُ عَنهَا بِأعْلَمَ مِنَ السَّائِل ، قَالَ فَأخبِرني عَن امَاراتِها** ﴾

واتە: پرسیار لێکراو زاناتر نی یە لە پرسیار کەر ، ئینجا جبریل فەرمووی : ئاگادارم بکە لەبارەی نیشانەکانیەوە، ئینجا پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: ﴿ **أنْ تَلِدَ الأمَةُ رَبَّتَها و أنْ تَرى الحَفاة العُراة العَالَة رعاءِ الشَّاءِ يَتطَاولُونَ في البُنْيَان**﴾ واتە: کەنیزەك نەوەکەی دەبێتە خانم بەسەریەوە و پێ خاوس و شوان و گاوان دەبینی وایان لێ دێت کۆشك و تەلار دروست دەکەن و زیادە ڕەوی تیا دەکەن .

(٣) بوخاری دەگێڕێتەوە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) کە فەرمویەتی ﴿ **لاَ تَقُومُ السَّاعَةُ حَتَّى تَقْتَتِلَ فِئَتَانِ عَظِيمَتَانِ ، يَكُونُ بَيْنَهُمَا مَقْتَلَةٌ عَظِيمَةٌ ، دَعْوَتُهُمَا وَاحِدَةٌ ، وَحَتَّى يُبْعَثَ دَجَّالُونَ كَذَّابُونَ ، قَرِيبٌ مِنْ ثَلاَثِينَ ، كُلُّهُمْ يَزْعُمُ أَنَّهُ رَسُولُ اللَّهِ ، وَحَتَّى يُقْبَضَ الْعِلْمُ ، وَتَكْثُرَ الزَّلاَزِلُ ، وَيَتَقَارَبَ الزَّمَانُ ، وَتَظْهَرَ الْفِتَنُ ، وَيَكْثُرَ الْهَرْجُ وَهُوَ الْقَتْلُ** ... ﴾ واتە : ڕۆژی دوایی دەست پێ ناکات و ڕوونادات تا ئەمانە ڕوونەدەن :

١ـ دووکۆمەڵی گەورە بەشەڕ دێن و شەڕێکی خوێناوی گەورە لە نێوانیاندا ڕوو دەدات و یەك مەبەست و داوایان هەیە .

٢ـ نزیکەی (٣٠) دەجالی درۆزن پەیدا دەبن ،کە هەریەکەیان وا پیشان دەدات کە پێغەمبەرە.

٣ــ زانستو زانیاری دەپێچرێتەوە و نەفامی ئایینی پەیدا دەبێت و بومەلەرزە زۆر دەبێت و بەرەکەت لەکاتدا نامێنێت.

٤ــ فیتنە و ئاژاوەو کوشتار زۆر دەبن .

(١) ئەنەسی کوڕی مالیك لە پێغەمبەرەوە (ﷺ)دەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی : ﴿ **مِنْ أَشْرَاطِ السَّاعَةِ أَنْ يَقِلَّ الْعِلْمُ ، وَيَظْهَرَ الْجَهْلُ ، وَيَظْهَرَ الزِّنَا ، وَتَكْثُرَ النِّسَاءُ وَيَقِلَّ الرِّجَالُ ، حَتَّى يَكُونَ لِخَمْسِينَ امْرَأَةً الْقَيِّمُ الْوَاحِدُ**﴾ .

واتە: بەراستی لە نیشانەکانی رۆژی دوایی یە ، کە زانستی و زانیاری ئایینی بەرز دەبێتەوە و نامێنیو نەفامی دەردەکەوێت و زینا بڵاودەبێتەوەو عارەق خواردنەوە زۆر دەبێتو، ژنان زۆر دەبن و پیاو کەم دەبێتەوە تا وای لیٚ دێت یەك پیاو سەرپەرشتی(٥٠) ئافرەت دەکات .

(٢) ئەبی هورەیرە دەگێڕێتەوە ، کە پیاوێك پرسیاری لە پێغەمبەر(ﷺ) کرد کەی قیامەت بەرپا دەبیٚ؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی : ﴿ **إذا ضُيِّعَتِ الأَمَانَةُ فَانْتَظِرِ السَّاعَةَ**﴾ واتە : **هەرکاتێك سپاردە لەناوچوو** ، واتە پارێزگاری نەکرا چاوەڕێی قیامەت بن .

## نیشانە گەورەکان:

لـە داهـاتوودا گـرنگترین ئـەو نیشـانە گەورانـە روون دەکەینـەوە کـە لـە فەرموودە دروستەکاندا هاتووە :

**١. هەڵهاتنی رۆژ لە رۆژئاواوە** : ئەوە یەکەم گۆڕانکاریە کە لە یاسای بوونەوەردا روو دەدات. هەروەك خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا باسی کردووە، هەروەها لە هەندێ فەرموودەدا هاتووە کە ئەوە یەکەم نیشانەیە کە دەردەکەوێت ، کوڕی عەمرۆی کوڕی عاص دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر (ﷺ)فەرموویەتی : ﴿ **إِنَّ أَوَّلَ الآيَاتِ خُرُوجًا طُلُوعُ الشَّمْسِ مِنْ مَغْرِبِهَا أَوِ الدَّابَّةُ عَلَى النَّاسِ ضُحًى فَأَيَّتُهُمَا كَانَتْ قَبْلَ صَاحِبَتِهَا فَالأُخْرَى عَلَى أَثَرِهَا** ﴾[٥].

واتە : یەکەم نیشانەیەك کە دەردەکەوێت هـەڵهاتنی رۆژە لـە رۆژئـاواوە وە دەرچوونی(دابە )[٦] یە بۆ سەر خەڵکی ، لـە چێشـتەنگاودا، ئـیتر هـەرکامێکیان پێش بکەوێت ئەوی تریان لە ماوەیەکی نزیکدا بە دوای دا دێت .

جا کاتێك ئەم نیشانەیە دەرکەوت خەڵکی هەموو بڕوا دەهێنن، کە هیچ کەسێك ئەو جۆرە بڕواهێنانە سودی پێ ناگەیەنێت ، چونکە لەوەو پێش بڕوای نەهێناوە ، قورئانی پیرۆز لەو بارەیەوە دەفەرموێت :

---

٥- اخرجه أبو مسلم و أبو داود

٦- جۆرە گیان لەبەرێکە ، کە بە زۆر جۆر لێکدەرەوان باسیان کردووەو هەندێکیش دەڵێن هەر وەك مرۆڤ وایە ، کە بڕوادار و بێبڕوا دەناسێ .

﴿هَلۡ يَنظُرُونَ إِلَّآ أَن تَأۡتِيَهُمُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ أَوۡ يَأۡتِيَ رَبُّكَ أَوۡ يَأۡتِيَ بَعۡضُ ءَايَٰتِ رَبِّكَۗ يَوۡمَ يَأۡتِي بَعۡضُ ءَايَٰتِ رَبِّكَ لَا يَنفَعُ نَفۡسًا إِيمَٰنُهَا لَمۡ تَكُنۡ ءَامَنَتۡ مِن قَبۡلُ أَوۡ كَسَبَتۡ فِيٓ إِيمَٰنِهَا خَيۡرٗاۗ قُلِ ٱنتَظِرُوٓاْ إِنَّا مُنتَظِرُونَ ﴾الأنعام.

واته: بێبڕواکان چاوەڕێی چی دەکەن ! چاوەڕێی ئەوە دەکەن کە فریشتەی گیان کێشان بێتو گیانیان بکێشێت یان بڕیاری پەروەردگارت بێت بە سزادانیان یان نیشانەکانی پەروەردگارت دەرکەون لەسەر ڕوودانی ڕۆژی دوایی ، کەلەو کاتەا هەرکەس بڕوا بێنێت مادام لەوەو پێش بڕوای نەهێنابێتو خوا پەرستی نەکردبێت هیچ سود لەو بڕواهێنانە وەرناگرێت ، جا پێیان بڵێ ئەی موحەمەد چاوەڕێی ئەو نیشانە گەورانە بکەن، ئێمەش چاوەڕێ دەکەین ، ئەوسا سەرفرازی و بەهەشت چاوەڕێی ئێمەیە و زەلیلی و دۆزەخ چاوەڕێی ئێوەیە .

### ٢. دەرچوونی (( الدابە )) :

ئەم نیشانەیە قورئان لە بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿وَإِذَا وَقَعَ ٱلۡقَوۡلُ عَلَيۡهِمۡ أَخۡرَجۡنَا لَهُمۡ دَآبَّةٗ مِّنَ ٱلۡأَرۡضِ تُكَلِّمُهُمۡ أَنَّ ٱلنَّاسَ كَانُواْ بِـَٔايَٰتِنَا لَا يُوقِنُونَ ﴾ النمل.

واتە : کاتێک بڕیارمان هاتە سەر ڕۆژی دوایی و ئامادەکردنی سزا بۆ بێبڕوایان(دابە) لە زەوی بەدەردەهێنین یاخود بە واتەیەکی تر مرۆڤەکان زیندوو دەکەینەوە و، ئەوسا بڕواداران بە بێ بڕوایان دەڵێن : ئێوە بڕواتەن بەبەڵگە و نیشانەکان نەبوو ، دەبینن ئەوە ڕۆژی دوایی یەو وا سزاش ئامادەیە

جا فەرموودە زۆر هاتووە کە باسی دەرچوونی دابە دەکاتو هەندێکیشیان فەرمودەی دروستن، بەلاّم ئەوەی شایانی باسە هیچ گوزارشتێکی دروست نەهاتووە، دەربارەی چۆنیەتیو وەسفیان ، ئەوەندە هەیە بڕوادار چۆنیەتی و ئەوسافی (دابە) ی بەلاوە گرنگ نی یەو،مەبەستی نی یە کە لە نیشانە قورئانیەکەدا هاتووە کە (دابە) ئەو گیان لەبەرەیە کە گفتوگۆ لەگەڵ خەڵك دەکاتو بڕوادار و بێبڕوا دەناسێو لە یەکیان جوێ دەکاتەوە .

## ٣.دەرکەوتنی دەجال :

دەجال واتە درۆزن ، دەجال لە رووی زمانەوانی یەوە بەوە دەوترێت کە بە درۆ راستیەکان دادەپۆشێت ، جا لە نیشانە گەورەکانی رۆژی دوایی دەرکەوتنی کەسێکە کە بانگەوازی خوایەتی دەکاتو هەوڵ دەدات کە خەڵکی توشی فیتنە و ئاژاوەی بێباوەڕی بکاتو لە دین وەریان بگێڕێت بە ئەنجامدانی هەندێك کاروباری لە عادەت بەدەر و سەرسوڕهێنەر بە مۆڵەتی خوای گەورە، جا عیسا( علیه السلام) دادەبەزێتەوە سەر زەوی و دەیکوژێت .

نەوەوی لە روونکردنەوەیدا لە سەر صەحیحی موسلیم دەفەرموێت لە بارەی دەجالەوە :

( ئەو فەرمودانەی کە موسلم و هی تریش باسیان کردووە دەربارەی دەجال ، بەڵگەی بۆچوونی ئەهلی حەققە لەسەر بوونو دروستی دەجال ، کە کەسێکە خوای گەورە بەندەکانی خۆی پێ تاقی دەکاتەوە ، وە توانای دەداتێ بە کردنی هەندێك شتی سەرسوڕهێنەر ، لەوانە زیندوکردنەوەی ئەوەی کە خۆی دەیکوژێت، هەروەها توانای دەداتێ کە سەرزەوی پڕبکات لە سەوزە و

بەروبومو بەرەكاتی رووەكیو داوا بكات باران ببارێت، ئەمانە هەمووی بە ویستی زاتی (ﷲ) یە لەسەر دەستیدا روودەدات . ئەمەو دەربارەی دەجال فەرموودەی دروستی زۆر هاتووە لەوانە : عبدالله ی كوڕی عومەر لە باوكیەوە دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەر (ﷺ)فەرموویەتی :

﴿ **قَامَ رَسُولُ اللَّه (ﷺ)فِي النَّاسِ فَأَثْنَى عَلَى اللَّهِ بِمَا هُوَ أَهْلُهُ ثُمَّ ذَكَرَ الدَّجَّالَ فَقَالَ « إِنِّي لأُنْذِرُكُمُوهُ ، وَمَا مِنْ نَبِيٍّ إِلاَّ وَقَدْ أَنْذَرَ قَوْمَهُ ، وَلَكِنِّي سَأَقُولُ لَكُمْ فِيهِ قَوْلاً لَمْ يَقُلْهُ نَبِيٌّ لِقَوْمِهِ ، إِنَّهُ أَعْوَرُ وَإِنَّ اللَّهَ لَيْسَ بِأَعْوَرَ** ﴾.

واتە: پێغەمبەر (ﷺ) دەستی بەوتاردان كرد بۆ خەڵكی ، پاش ئەوەی سوپاس و ستایشی خودی (ﷲ) ی وەك پێویست كرد ، كە شایانی ئەو بێت ، ئینجا باسی دەجالی كرد و فەرمووی : بە راستی ئەی خەڵكینە ئەتانترسێنم و ئاگادارتان دەكەمەوە دەربارەی دەجال ، چونكە هیچ پێغەمبەرێك نەبووە كە ئوممەتەكەی لەو بارەیەوە نەترساندبێت و ئاگاداری نەكردبنەوە ، بەڵام من شتێكتان پێ دەڵێم لەو بارەیەوە بۆ ئەوەی بیناسن ، كە هیچ پێغەمبەرێك لە پێش مندا ئەوەی نەوتووە، ئەویش ئەوەیە كە ئاگادارتان دەكەمەوە كە دەجال **كوێرە**، بەڵام (ﷲ ) كوێر نی یە .

جا ئەگەر بوترێت چۆن خودی (ﷲ) ئەو نیشانە و كارە سەرسوڕهێنەرانە لەسەر دەستی دەجال دا بەدی دەهێنێت لەگەڵ ئەوەدا كە نیشانە و بەڵگەن تەنها بۆ پێغەمبەران؟

خەتابی كە (إبن الحجر)ە لە پەڕاوی (الفتح) دا لێوەی دەگێڕێتەوە، ئاوا وەڵامی دەداتەوە: ( خوای گەورە بۆ تاقیكردنەوەی بەندەكانی ئەو كارانە بۆ

دەجال ئاسان دەكات، چونكە بەندە راستەقینەكانی خوای گەورە بە دڵنیاییەوە بەڵگەی تەواویان لایە، كە دەجال لە بانگەوازەكەیدا بەتاڵە و حەقی لانی یە ، ئەیناسن كە كوێرەو لەسەر تەوێڵی نوسراوە ( كافر) كە هەموو موسوڵمانێك دەیخوێنێتەوە، كەوایە بانگەوازەكەی پوچەو لەگەڵ ئەوەشدا كە نیشانی كوفرو ناتەواوی خۆی و بێتوانایی بەردەوام ئەمانە هەموو بەڵگەن لەسەر ئەوەی كە خوا نی یە ئەگەر وابێ واتە خوا بێ ئەو هەموو ناتەواویەی لە ناوچەوانی لادەبرد .

## ٤ ـ دابەزینی حەزرەتی عیسا ( علیه السلام ):

سوننەتو رای زانایان بە گشتی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی كە عیسا( علیه السلام ):لە ئاخر زەماندا لەكاتی بوونی دەجالدا ، دادەبەزێتە سەر زەوی و دەجال دەكوژێتو بە شەریعەتی خوا حوكم دەكات بە تەواوی ، ئینجا دەمرێتو موسوڵمانان نوێژی لەسەر دەكەن جا لەو فەرموودانەی كە دەربارەی دابەزینی حەزرەتی عیسا( **علیه السلام** ) هاتووە، ئەم فەرمودەیەیە كە موسلم و بوخاری لە پێغەمبەرەوە (ﷺ)گێڕاویانەتەوە :

**﴿ وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ ، لَيُوشِكَنَّ أَنْ يَنْزِلَ فِيكُمُ ابْنُ مَرْيَمَ حَكَمًا عَدْلاً ، فَيَكْسِرَ الصَّلِيبَ ، وَيَقْتُلَ الْخِنْزِيرَ ، وَيَضَعَ الْجِزْيَةَ ، وَيَفِيضَ الْمَالُ حَتَّى لاَ يَقْبَلَهُ أَحَدٌ، حَتَّى تَكُونَ السَّجْدَةُ الْوَاحِدَةُ خَيْرًا مِنَ الدُّنْيَا وَمَا فِيهَا ﴾**

واتە: بەو كەسەی كە گیانی منی بەدەستە، نزیكە كە عیسای كوڕی مەریەم دابەزێتە ناوتانو ئەوسا فەرمانڕەواییەكی دادوەرانە دەكات و سەلیب

دەشکێنێت‌و بەراز دەکوژێت‌و سەرانە دادەنێت لەسەر ئەهلی کیتاب‌و ، ماڵ‌و سامان بە شێوەیەك زۆر دەبێت کەس لێ ی ناپرسێتەوە، تا وادەبێت کە یەك سوجدە بردن بۆ خودی (ﷲ) چاکتر دەبێت لە دنیاو ئەوەی کە تیایدایە .

## ٥ ـ دەرکەوتنی یەئجوج و مەئجوج :

ئەم نیشانەیە لە قورئانی پیرۆزدا بە روونی ناو براوە، خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿حَتَّىٰٓ إِذَا فُتِحَتۡ يَأۡجُوجُ وَمَأۡجُوجُ وَهُم مِّن كُلِّ حَدَبٖ يَنسِلُونَ ۝ وَٱقۡتَرَبَ ٱلۡوَعۡدُ ٱلۡحَقُّ فَإِذَا هِيَ شَٰخِصَةٌ أَبۡصَٰرُ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يَٰوَيۡلَنَا قَدۡ كُنَّا فِي غَفۡلَةٖ مِّنۡ هَٰذَا بَلۡ كُنَّا ظَٰلِمِينَ ۝﴾ الأنبياء.

واتە: تا کاتێك کە بەربەستی( السد)ی یەئجوج‌و مەئجوج دەکرێتەوە بە ویستی خوا ، ئینجا یەئجوج‌و مەئجوج لە هەموو بەرزایی‌و گردۆڵکە و دۆڵێکەوە دەردەچنە دەرەوە بە خێرایی ، ئەوە ئیتر رووداني رۆژی دوایی یە ، کە بێبڕوایان لە ترس‌و بیمی ئەو رۆژە چاویان دەکرێتەوە و زەق دەڕوانن‌و دەڵێن : ئەی هاوار بەڕاستی ئێمە لە بێ ئاگاییدا بووین دەربارەی ئەم رۆژە، وا بە چاوی خۆمان بینیمان، بەراستی ئێمە ستەمکاربووین .

(سەید قوتب) دەفەرموێت :( یەئجوج‌ومەئجوج کێن؟ وەئێستا لەکوێن؟ وە چی دەربارەیان دەزانین و سەرەنجام چۆن دەبن؟ .

بەراستی ئەمانە کۆمەڵە پرسیارێکن کە وەڵام دانەوەیان بە شێوەیەکی دیاریکراو زۆر تەنگژەیە، جگە لەوەی کە لە قورئان‌و هەندێ فەرمودەی دروست دا پێمان گەیشتووە) .

بوخـــاری و موســـلم لـــه زەینـــەبی کچـــی جـــەحش وە دەگێڕنـــەوە کـــە پێغەمبەر(ﷺ) ڕۆژێکیان گەڕایەوە لای زۆر بێتاقەت بوو ، فەرمووی:

**﴿ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ ، وَيْلٌ لِلْعَرَبِ مِنْ شَرٍّ قَدِ اقْتَرَبَ ، فُتِحَ الْيَوْمَ مِنْ رَدْمِ يَأْجُوجَ وَمَأْجُوجَ مِثْلُ هَذِهِ } . وَحَلَّقَ بِإِصْبَعَيْهِ الإِبْهَامِ وَالَّتِى تَلِيهَا . قَالَتْ زَيْنَبُ ابْنَةُ جَحْشٍ فَقُلْتُ يَا رَسُولَ اللَّهِ أَفَنَهْلِكُ وَفِينَا الصَّالِحُونَ قَالَ :( نَعَمْ إِذَا كَثُرَ الْخُبْثُ )﴾ .**

واتە : پێغەمبەر(ﷺ) وەك پەنا گرتن بە زاتـی (اللّه) لـە کـاتی تەنگژەدا فەرمووی : جگە لە خودی(اللّه) **هیچ خوایەکی تر نی یە** ، **هاوار بۆ عەرەب** ــ مەبەستی گشت موسوڵمانانە ــ لە شەڕی ڕۆژێك کە نزیك بووەتەوە، ئەویش ئەو ڕۆژەیە کە بەربەستی( سد) ی یەئجوجو مەئجوج دەکرێتەوە، ئاماژەی بۆ ئەو کردنەوەیە لە نیوە بازنەیەکدا کرد ، کە بە پەنجە گەورەو ئەوی تەنیشتی کردی ، ئینجا زەینەب فەرمووی ئەی پێغەمبەری خوا ئایا ئێمەش کە پیاوچاکانو ساڵحانمان لە ناودایە هەر تیا دەچین ؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی: بەڵێ کاتێك خراپە وخراپەکارن زۆر دەبن .

## ٤ ـ سەرەتای رۆژی دوایی :

لەپاش ئەو روونکردنەوانە دەربارەی نیشانەکانی رۆژی دوایی پێویستە بڕوامان هەبێت بەو هەواڵانەی کە (الله) لە قورئانی پیرۆزدا پێی راگەیاندوین لەبارەی ئەوانەی کە روودەدەن لەو رۆژەدا ، جا کۆی بەڵگە قورئانیەکانو فەرمودەکانی پێغەمبەر (ﷺ) بەڵگەن لەسەر ئەوە کە رۆژی دوایی بە گۆڕانکارییەکی هەمە لایەنە لە بونەوەردا دەست پێ دەکات ، ئاسمان لەتو پەت دەبێت، ئەستێرەکان پرشو بڵاو دەبنەوە و ، زەوی دەگۆڕێت و هەموو شتێك تێك دەچێت ، خوای گەورە دەفەرموێت :

﴿يَوْمَ تُبَدَّلُ ٱلْأَرْضُ غَيْرَ ٱلْأَرْضِ وَٱلسَّمَٰوَٰتُ ۖ وَبَرَزُوا۟ لِلَّهِ ٱلْوَٰحِدِ ٱلْقَهَّارِ ﴿٤٨﴾﴾ ابراهيم. واتە : ئەو رۆژەی کە زەوی بە زەوی یەکی تر دەگۆڕێتو هەروەها ئاسمانەکانیش ، جا ئەوسا مرۆڤەکان هەموو دەردەچن لە زەوی و لەبەردەم خودی(الله) دا ئامادە دەبن .

ئەمە لە ئەنجامی فووکردنی یەکەمە کە ئیسرافیل بە فەرمانی خودی(الله) فوو دەکا بە صوردا و هەرچی وا لەسەر زەوی و ئاسمانەکان دەمرن مەگەر یەکێك کە خوا ویستی وابێت لەو مردنە رزگاری بکات ،خوای گەورە دەفەرموێت :

﴿وَنُفِخَ فِى ٱلصُّورِ فَصَعِقَ مَن فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَن فِى ٱلْأَرْضِ إِلَّا مَن شَآءَ ٱللَّهُ ۖ ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخْرَىٰ فَإِذَا هُمْ قِيَامٌ يَنظُرُونَ ﴿٦٨﴾﴾ الزمر. واتە : فوو دەکرێت بە (صور)دا هەرچی لە ئاسمانەکانو زەوی دایە دەمرن ، مەگەر یەکێك خوا

ویستی وابێت کە ئەو لەوکۆ مردنە رزگاری بێت ، جارێکی تر فوو دەکرێت بە صوردا ئینجا دەبینیت هەموو مرۆڤەکان زیندوو دەبنەوە و دەڕوانن .

ئەبو هورەیرە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی: «**یقبض الله الأرض و يطوي السماء بيمينه ثمَّ يقول أنا الملك أين ملوك الأرض**» **رواه البخاري** .

واتە: زاتی(الله) بەروبوومو بەرەکەت لە زەوی دەگرێتەوە و ئاسمان دەپێچێتەوە بە دەستی راستی و ئینجا دەفەرموێت : من پادشاو خاوەنم ، لەکوێن پادشا و خاوەنانی سەر زەوی .

## ٥ ـ بوژاندنەوە ( البعث ) :

پێویستە کە بڕوامان هەبێت بەوەی کە خوای گەورە فەرمان دەکات بە فوو کردنی دووەم کەبەو فوو کردنە ، مردووەکان گیان دەکرێتەوە بەبەریاندا و زیندوو دەبنەوە ، هەرچۆن لە دنیادا بووین ، ئینجا کافرو دوو رووەکان دەڵێن:

﴿قَالُواْ يَٰوَيۡلَنَا مَنۢ بَعَثَنَا مِن مَّرۡقَدِنَاۜ ... ﴿٥٢﴾﴾ يس.

واتە : ئەی هاوار بۆ ئێمە ، کێ یە وا لە گۆڕەکانماندا زیندوومان دەکاتەوە، دیارە ئەو هاوارە نیشانەی رۆژ رەشی و سزایانە ، بەڵام بڕوادار دەڵێت :

﴿هَٰذَا مَا وَعَدَ ٱلرَّحۡمَٰنُ وَصَدَقَ ٱلۡمُرۡسَلُونَ ﴿٥٢﴾﴾ يس.

واتە : ئا ئەمە بوو کە خوای رۆزیدەر پەیمانی پێ دابووین و پێغەمبەرانیش( عليهم السلام) راستیان فەرموو، وە راستیان لەگەڵ کردین .

له فەرمووده دروستەکاندا هاتووه ، کە یەکەم کەسێك لـە گۆڕەکـەی دێتـە دەرەوه پێغەمبـەری سـەروەر (ﷺ) ، بوخـاری ریوایـەتی کـردووه کـە پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت :

﴿ **فَإِنَّ النَّاسَ يَصْعَقُونَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ ، فَأَكُونُ أَوَّلَ مَنْ تَنْشَقُّ عَنْهُ الأَرْضُ ، فَإِذَا أَنَا بِمُوسَى آخِذٌ بِقَائِمَةٍ مِنْ قَوَائِمِ الْعَرْشِ ، فَلاَ أَدْرِي أَكَانَ فِيمَنْ صَعِقَ ، أَمْ حُوسِبَ بِصَعْقَةِ الأُولَى** ﴾ .

واتـە : کاتێـك خـەڵی دەمرێنـرێن ، یەکـەم کەسێك کـە لـە گۆڕەکـە دێتـە دەرەوه منم ، دەبینم کە موسا دەستی بـە عەرشـەوه گرتـووه ، ئـیتر نـازانم ئەویش لەوانە بوو کە مرێنران یان نەو .

## ٦ ـ کـۆ کـردنـەوه ( الحـشـر ) :

بڕوامان هەیە بەوەی کە خەڵکی دوای بوژاندنەوه کۆ دەکرێنەوه خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿يَوْمَ نَحْشُرُ ٱلْمُتَّقِينَ إِلَى ٱلرَّحْمَٰنِ وَفْدًا ﴿٨٥﴾ وَنَسُوقُ ٱلْمُجْرِمِينَ إِلَىٰ جَهَنَّمَ وِرْدًا ﴿٨٦﴾﴾ مریم.

واتـە : ئـەو ڕۆژەی کـە خواناسـانو خواپەرسـتان لـەلای پـەروەردگار کۆدەکرێنەوه ، وەك نوێنەرێك بەو پەڕی ڕێزەوه ، وه تاوانکاران بەڕێ دەکرێن بەرەو دۆزەخ بەوپەڕی زەلیلی و تینوو بێتاناوه کە پێـی دەوتـرێ مەحشـەر ، بۆ ئەوەی خوای گەورە دادگاییان بکات ، کۆبوونەوه و ڕاوەستانەکەشیان وەك یەکەم جار وایە کە بەڕووتی و پێ خاوسی، خەتەنەنەکراوی دروست کراون .

موسلیم لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) دەگێڕێتەوە کە فەرمویەتی:﴿ يُحْشَرُ النَّاسُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ حُفَاةً عُرَاةً غُرْلاً﴾ واتە: خەڵکی لە ڕۆژی دواییدا پاش بوژاندنەوەیان بە رووتی و پێ خاوسی و خەتەنە نەکراوی کۆدەکرێنەوە .

جا لەو وێستگەیەدا خەڵکی هەریەکە بە پێی تاوانەکانی توشی تەنگژەیەکی بەهێز دەبێت ، جا هەرکە تەنگژە و هیلاکی زۆری بۆ خەڵکەکە هێنا ، هاوار بۆ پێغەمبەران دەبەن ، تا تکا بکەن لە پەروەردگار لەو ئاستەنگە رزگاریان بکات ، تا لە ئاکامدا دەگەنە خزمەت پێغەمبەری ئیسلام(ﷺ) تا تکایان بۆ بکات ، خوای گەورە تکای پێغەمبەر پەسەند دەکاتو وئیتر خەڵکی رەوانە دەکرێن بۆ دادگاییو جیاکردنەوەیان .

## ٧ ـ پاداشتی کردەوەکان :

بڕوامان هەیە بە پاداشتی کردەوەکان لە ڕۆژی دواییدا ، بەندەکان پاداشت دەدرێنەوە لەسەر هەموو ئەو کردەوانەی کە لەژیاندا کردویانە ، خوای گەورە دەفەرموێت :

﴿مَن جَآءَ بِٱلْحَسَنَةِ فَلَهُۥ خَيْرٌ مِّنْهَا ۖ وَمَن جَآءَ بِٱلسَّيِّئَةِ فَلَا يُجْزَى ٱلَّذِينَ عَمِلُوا۟ ٱلسَّيِّـَٔاتِ إِلَّا مَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٨٤﴾﴾القصص. واتە : هەرکەسێك چاکەیەك بکات بەباشتر پاداشتی دەدرێتەوە ، وە هەرکەس خراپەیەك ئەنجام بدات هەر بەپێی خراپەکەی سزای دەدرێتەوە .

## ٨ ـ خستنەڕوو و لێپرسینەوە (العرض و الحساب ) :

بڕوامان هەیە بەوەی کە پاداشت پاش دادگایەکی دادوەرانە دەبێت، کاتێك خەڵکی دەخرێنە روو لەبەردەم پەروەردگاریاندا و، بەبەڵگە حیسابیان لەگەڵ دەکرێت ،هەروەکو لە قورئاندا هاتووە، دەفەرموێت :

﴿يَوْمَئِذٍ تُعْرَضُونَ لَا تَخْفَىٰ مِنكُمْ خَافِيَةٌ ﴿١٨﴾﴾ الحاقه. واتە: لەو رۆژەدا خەڵك دەخرێنە روو هیچ شتێك لە کردارەکانتان ون نابێت هەرچەندە بچوکیش بێت .

پێویستە بڕوامان هەبێت، کە هەموو بەندەیەك دەخرێنە روو لە بەردەم پەروەردگارەکەیدا ، پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت : ﴿ **مَا مِنْكُمْ مِنْ أَحَدٌ إلاَّ سَيُكَلِّمُهُ رَبُّهُ ، لَيْسَ بَيْنَهُ وَبَيْنَهُ تَرْجُمَانٌ ، فَيَنْظُرُ أَيْمَنَ مِنْهُ فَلاَ يَرَى إلاَّ مَا قَدَّمَ مِنْ عَمَلِهِ ، وَيَنْظُرُ أَشْأَمَ مِنْهُ فَلاَ يَرَى إلاَّ مَا قَدَّمَ ، وَيَنْظُرُ بَيْنَ يَدَيْهِ فَلاَ يَرَى إلاَّ النَّارَ تِلْقَاءَ وَجْهِهِ ، فَاتَّقُوا النَّارَ وَلَوْ بِشِقِّ تَمْرَةٍ** ﴾ **رواه البخاري** .

واتە: هیچ کامێکتان نامێننەوە کە خوای گەورە رووبەڕوو بەبێ وەرگێڕ راقە و قسەی لەگەڵ نەکات، ئینجا دەڕوانێت بەلای راستیدا هیچ شتێك نابینێت جگە لە کردەوەکانی، دیسان تەماشای چەپ دەکات ، هیچ شتێك نابینێك ، ئینجا سەیری نێوان دوودەستی دەکات رووبەڕووی ئاگری دۆزەخ دەبێتەوە، جا کێتان دەتوانێت خۆی بپارێزێت لە دۆزەخ ئەگەر بە دەنکە خورمایەکیش بووە با خۆی بپارێزێت .

لەو رۆژەدا دەرخستن و ئاشکراکردنی کردارەکان لەبەردەم پەروەردگاردا دەخرێتە روو ، کە هەرکەسێك بە تاوان‌و کردەوەکانی دەناسرێتەوە، جا ئەگەر

خاوەن کردارەکە لە کۆمەڵی رزگاربوان بێت لە لێپرسینەوەدا ملەجیڕێی لەگەڵدا ناکرێت ، بەڵام ئەگەر لە کۆمەڵی تاوانباران بێت ئەوە لە حساب کردندا ملەجیڕێی لەگەڵدا دەکرێت و لەسەر هەموو گوناهێکی بچوك و گەورە پرسیاری لیٚ دەکرێت .

بوخاری لە عائیشەوە دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر(ﷺ) فەرمویەتی: ﴿لَيْسَ أَحَدٌ يُحَاسَبُ إِلاَّ هَلَكَ﴾ . واتە: هیچ کەسێك نیە لە رۆژی دواییدا لێپرسینەوەی لەگەڵ بکرێت و رزگاری بێت ،بەڵکو سزا ئەدرێت.

عائیشە ئەفەرمویٚ : وتم بە پێغەمبەر(ﷺ) ئەی پێغەمبەری خوا(ﷺ) ، ئایا خوای گەورە نەیفەرمووە : ﴿**فَأَمَّا مَنْ أُوتِـيَ كِتَابَهُ بِيَمِينِـهِ * فَسَوْفَ يُحَاسَبُ حِسَاباً يَسِيراً ؟ فقال رسول الله** (ﷺ) : "**إنّما ذلك العرض و ليس أحد يناقِش يوم القيامَةِ إلاّ عذبْ**﴾

واتە: عائیشە فەرمووی خوای گەورە نەیفەرمووە ، هەرکەسێك نامەکەی بدرێتە دەستی راستی یەوە ، موحاسەبەیەکی ئاسان دەکرێت ؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی : ( ئەمە تەنها خستنە رووە ، هەرکەسێك لە رۆژی دواییدا و لەکاتی لێپرسینەوەدا ملەجیڕێی لەگەڵدا بکرێت سزا ئەدرێت) .

وە دەربارەی لاپەڕەکانی کردار و وەرگرتنیان لەلایەن بەندەکانەوە و خوێندنەوەیان ، ئەوە شتێکی حەق و راستەو هەرکەس دژایەتی بکات کافر دەبێت ،خوای گەورە دەفەرموێت :

﴿وَكُلَّ إِنسَٰنٍ أَلۡزَمۡنَٰهُ طَٰٓئِرَهُۥ فِي عُنُقِهِۦۖ وَنُخۡرِجُ لَهُۥ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ كِتَٰبٗا يَلۡقَىٰهُ مَنشُورًا ﴿١٣﴾ ٱقۡرَأۡ كِتَٰبَكَ كَفَىٰ بِنَفۡسِكَ ٱلۡيَوۡمَ عَلَيۡكَ حَسِيبٗا ﴿١٤﴾﴾ **الإسراء**.

واتە: هەموو مرۆڤێك كردەوەكانی چاك یان خراپ بێت بەڕوونو ئاشكرا دەست لەملانی دەبێت، وە لەو رۆژەدا نامە و لاپەڕەی كردارەكانی بە كراوەیی دەدرێتە دەست و پێی دەوترێت نامەكەت بخوێنەرە. ئەگەر نەخوێندەواریش بێت دەیخوێنێتەوە ـ ئەمڕۆ تۆ بە پێی ئەو كردارانەت دادگایی دەكرێیت ، مەبەست لەو پەڕانە كە بەندەكان دەیخوێننەوە ئەو نامەی كردارانەیە كە فریشتە كردارەكانیانی لە دنیادا تۆمار كردووە .

بەڵام حساب كردن : مەبەست ئەوەیە كە خوای گەورە بەندەكانی رادەگرێتو لێیان دەپرسێتەوە لەسەر كردار وگوفتار وبیروباوەڕەكانیان جاچاك بوبێت یان خراپ ،پێش ئەوەی كە مەیدانی حەشر بەجێ بهێڵن ، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ثُمَّ لَا إِلَىٰ رَبِّهِم مَّرْجِعُهُمْ فَيُنَبِّئُهُم بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ ﴿١٠٨﴾﴾ الأنعام. واتە: دووبارە گەڕانەوەیان بۆلای پەروەردگاریانە ،ئەو ئاگادارییان دەكاتەوە لەوەی كە كردویانە .

ئینجا خەڵكی لە لێپرسینەوەدا جۆ جۆرن ، هەیانە ئاسان لێی دەپرسرێتەوە، وە هەیشیانە دادگاییەكەی پڕە لە ملەجیڕیو سەرەنجامی خراپە، وەك لە پێشەوە باسمان كرد . زۆر فەرموودەی دروست هەن كە بەڵگەن لەسەر ئەوەی كە بەشێك لە ئوممەتی پێغەمبەری ئیسلام (ﷺ) خوای گەورە سۆزی دەڕێژێت بە سەریاندا بێ حساب كردن لەگەڵیاندا دەیانخاتە بەهەشتەوە .

موسلیم لە ئەبی هورەیرەوە گێڕاویەتی یەوە كە پێغەمبەر(ﷺ)فەرموویەتی : ﴿ **یدخل من أمتي الجنة سبعون ألفاً**

**بغَيرِحساب﴾** واتە: حەفتا هەزار كەس لە ئوممەتی من بەبێ لێپرسینەوە دەچنە بەهەشتەوە .

بەڵام چۆنیەتی حساب كردن هەروەك چۆن لە قورئانو سوننەتدا هاتووە ، هەر بەو شێوەیە بڕوامان پێیەتی بەبێ زیادوكەم، وەبڕوامان بەوەهەیە كە چۆن خوای گەورە و بەبەزەیی ، بەزەیی بە بڕواداراندا دێتەوە وسۆز و خۆشەویستیان لەگەڵ دەنوێنێت ، كە بە هیچ جۆرێك ئەوە لەگەڵ بێبڕوایاندا ناكات ، هەروەك چۆن پێغەمبەر(ﷺ) لە فەرمودەیەكدا كە ( متفق علیە ) یە دەفەرموێت:

﴿ **يَدْنُو أَحَدُكُمْ مِنْ رَبِّهِ حَتَّى يَضَعَ كَنَفَهُ عَلَيْهِ فَيَقُولُ أَعَمِلْتَ كَذَا وَكَذَا فَيَقُولُ نَعَمْ . وَيَقُولُ عَمِلْتَ كَذَا وَكَذَا فَيَقُولُ نَعَمْ . فَيُقَرِّرُهُ ، ثُمَّ يَقُولُ إِنِّي سَتَرْتُ عَلَيْكَ فِي الدُّنْيَا ، وَأَنَا أَغْفِرُهَا لَكَ الْيَوْمَ** ﴾ .

واتە: هەریەكێكتان لە پەروەردگار ئەوەندە نزیك دەبێتەوە، جا خوای گەورە دەفەرموێت ئەی بەندەی من ئا ئەمە و ئەوەت كرد ؟ ئەویش دەڵێ بەڵێ . دیسان خوای گەورە دەفەرموێت ئایا ئا ئەوە و ئەوەت نەكرد ؟ دیسانەوە ئەمیش دەڵێ بەڵێ ، تا وای لێ دەكات دان بە گوناهەكانیدا دەنێت ، ئینجا خوای گەورە دەفەرموێت : ئەی بەندەی من من گوناهەكانتم لە دونیادا داپۆشی .. وا ئەمڕۆش لە گوناهەكانت ئەبورم .. مەبەست ئەوەیە خوای گەورە حساب لەگەڵ بڕواداراندا دەكات، بە شێوەیەك كە گوناهەكانی لە ناو خەڵكدا ئاشكرا ناكات بەراستی ئەوە ئەو پەڕی لێبوردنو بەزەیی یە " .

## ٩ـ حــەوز ( الـحــوض ) :

پێویستە لەسەرمان کە بڕوامان هەبێت بەو گوزارشتەی کە پێغەمبەر(ﷺ) داویەتی دەربارەی حەوز، کە خوای گەورە سۆزی نواندوە بە پێغەمبەر(ﷺ)و ئوممەتەکەی ، ئەو فەرمودانەی کە لەو بارەیەوە هاتوون گەیشتونەتە ئاستی ( تواتر) کە زیاتر لە (٣٠) هاوڕێی پێغەمبەر(ﷺ) گێڕاویانەتەوە، یەکەم کەس کە دەچێتە سەر ئەو حەوزە ئاوە پێغەمبەرە(ﷺ) وە هەرچی بێبڕواو ئەوانەش کە دوایی گۆڕانیان بەسەر هاتووە لەوێ دەردەکرێن، ئەمە لەپاش دەرخستن‌و حیساب کردنە.

پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت :﴿ **أَنَا فَرَطُكُمْ عَلَى الْحَوْضِ ، مَنْ وَرَدَهُ شَرِبَ مِنْهُ ، وَمَنْ شَرِبَ مِنْهُ لَمْ يَظْمَأْ بَعْدَهُ أَبَدًا ، لَيَرِدُ عَلَيَّ أَقْوَامٌ أَعْرِفُهُمْ وَيَعْرِفُونِي ، ثُمَّ يُحَالُ بَيْنِي وَبَيْنَهُمْ . فَيَقُولُ(ﷺ) : إِنَّهُمْ أُمَّتِي فَيُقَالُ إِنَّكَ لاَ تَدْرِي مَا عَمِلُوا بَعْدَكَ فَأَقُولُ سُحْقًا لِمَنْ بَدَّلَ بَعْدِي**﴾رواه مسلم.

واتە: من یەکەم کەستانم کە پێشتان دەکەوم بۆ سەر حەوزەکە ، هەرکەس هاتە سەری لێی دەخواتەوە ، وە هەرکەس لێی بخواتەوە هەرگیز تینووی نابێت ،هەندێك قەوم دێنە لام کە دەیانناسم‌و دەمناسن ، ئینجا بەربەستێك دەکەوێتە نێوانمان ، منیش دەڵێم : ئەوانە ئوممەتی منن، پێم دەوترێت : بەراستی تۆ نازانیت کە ئەوان لەدوای تۆ چییان کردووە ، ئینجا ئەفەرموێت: ئەڵێم تیاچوون‌و سزاو ڕووڕەشی بۆ ئەوانەی کە دوای من گۆڕان‌و لایاندا .

## ١٠ ـ تـــرازوو ( الـمـيـــزان ) :

پێویستە لەسەرمان کە بڕوامان بەو گوزارشتە هەبێت کە خوا و پێغەمبەری خوا(ﷺ) داویانە ، کە کرداری بەندەکان لە چاکە و لە خراپە لە رۆژی دواییدا بە ترازوو دەکێشرێت ، ئەمەش نیشانەی دادوەری خوای گەورەیە ،خوای گەورە دەفەرموێت :

﴿وَنَضَعُ ٱلۡمَوَٰزِينَ ٱلۡقِسۡطَ لِيَوۡمِ ٱلۡقِيَٰمَةِ فَلَا تُظۡلَمُ نَفۡسٞ شَيۡـٔٗاۖ وَإِن كَانَ مِثۡقَالَ حَبَّةٖ مِّنۡ خَرۡدَلٍ أَتَيۡنَا بِهَاۗ وَكَفَىٰ بِنَا حَٰسِبِينَ ٤٧﴾ الأنبياء.

واتە : ترازووی دادوەری دادەنرێت لە رۆژی دواییدا هیچ کەسێك هیچ شتێك ستەمی لـێ ناکرێـت ئەگـەر بەقـەدەر گەردیلـەی دەنکـە خـەردەلێکیش بێـت ئەیهێنن‌و دەیکێشن‌و حسابی بۆ دەکەن.

ئینجا دەمێنێتەوە سەر شێوە و چۆنیەتی ئـەو تـرازووە ، ئەمـە تـەنها لـە زانیاری خـوای گەورەدایـەو لـە ئاسـتی زانیـاری ئێمـە بـەدەرە ، بـەڵام هێنـدە دەزانین کە چاکە و خراپـەکانی پـێ دەکێشـرێت بـە پێـی ئـەو کێشـانە خـوای گەورە خـۆی بڕیـار دەردەکـات ، هـەر ئـەو زانایـە و چـاکترین سەرپەرشـتیارو یارمەتیدەرە بۆ بەندەکانی .

## ١١ـ پـــــــرد ( الصــــراط ) :

پێویسته بڕوامان هەبێت که له دوای دادگـایی و تـرازوو خـەڵکی وێستگەی حەشر بەجێ دەهێڵن بۆ ئەوەی بەسـەر پردێکدا تێپـەڕن ، کـه لەسـەر دۆزەخ دامەزراوە، که پێی دەوترێت (( الصراط )).

تێپـەڕبوون بەسـەر(( الصـراط ))دا بـۆ هـەموو خـەڵکی یـه . پێغەمبـەران ، ڕاستگۆیان،و بڕواداران و بێبڕوایان و هەتا ئەوانەش که دادگایی دەکرێن یـان ئەوانەی که دادگایی ناکرێن .

جا هەرکەس ( استقامه) ڕاوەستاو و پەیڕەوکاری دینی خوا بووبێت ، ئەوا کاتێك لەسەر ئەو پردە ڕاوەستا ئەوا بە ئاسانی لێی دەپەڕێتەوە، جا هەرکەس بە پێی چاکی و جۆری کردەوەکانی لەسەر ئەو پردە دەپەڕێتەوە ، هەیە هەروەك بروسکە ، هەیە هەروەك با، هەیە هەروەك ئەسپی چالاك ،هەیە بەهێواشی، هەندێك بە گاگۆڵکێ ، هەیە بە سکە خشێ خۆی بەسەریدا ڕادەکێشێت .

بوخـاری و موسـلیم لـه ئـەبی سـەعیدی خـودری یـەوە دەگێڕنـەوە، کـه پێغەمبەر(ﷺ) فەرمویەتی : ﴿**يمر الناس على جسر جهنم و عليه حسك و كلاليب و خطاطيف الناس يميناً و شمالا على جنبيه الملائكة يقولون اللّهم سلَم اللّهم سلّم ، فمن الناس من يمر مثل البرق و منهم من يمر كالريح ، و منهم من يمر كالفرس المجري ومنهم من يسعى سعياً و منهم من يمشي مشياً و منهم من يحبوا حبواً و منهم من يزحف زحفاً ، فأمّا أهل النار الذين هم أهلها فلا يموتون ولا يحيون ، و أمّا**

**الناس فيؤخذون بذنوبٍ و خطايا فيحترقون فيكونون فحماً ثم يؤذن في الشفاعة ﴾ .**

واتە : خەڵكی بەسەر پردی دۆزەخدا تێ دەپەڕن کە لەسەر ئەو پردە دڕكو دالّو قولاپی تیژی هەمەجۆرەو دڕندەی چڕنوکدار هەیە ، کە بەلای راستو چەپدا بە چڕنوکەکانیان خەڵکی رادەکێشن، لەکاتێکدا کە لەسەر ئەملا و ئەولای ئەو پردە فریشتە هەنو بەردەوام دەڵێن خوایە خەڵکی سەلامەت کەیت ، خوایە خەڵکی سەلامەت کەیت .جا خەڵکی وا هەیە وەك بروسکە و هی وایان هەیە وەك با هی وایان هەیە وەك ئەسپی تیژڕەو دەپەڕێتەوە ، هی واشیان هەیە بە هێواشی و بە پیادە دەڕوات هی وایان هەیە بە گاگۆڵکێ و هی واشیان هەیە بە سکە خشێ تێدەپەڕێت ..

بەڵام ئەوانەی کە ئەهلی دۆزەخن خوا پەنامان بدات نە تیایدا دەمرنو نە تیایدا دەژین وەك ژیانێکی ئاسایی ، هەروەها خەڵکانێك هەن کە گیرۆدەی گوناه و تاوانەکانیان دەبن بە هۆی ئەوەوە دەسوتێن تا دەبنە خەڵوز سەرلەنوێ چاك دەکرێنەوە ، ئینجا رێگایان پێ دەدرێ کە داوای تکا (شفاعە ) بکەن. خوای گەورە باسی تێپەڕبوونو پەڕینەوەی بەسەر ئەو پردەدا کردووە و دەفەرموێت :

﴿وَإِن مِّنكُمْ إِلَّا وَارِدُهَا ۚ كَانَ عَلَىٰ رَبِّكَ حَتْمًا مَّقْضِيًّا ﴿٧١﴾﴾ مريم.

واتە : هیچ کەس لە ئێوە نامێنێتەوە ، کە بەسەر ئەو پردەدا تێنەپەڕێ ، ئەوە فەرمانێکەو لەلایەن پەروەردگارتەوە بڕیاری کۆتایی لەسەر دراوە .

## ١٢ ـ بـەهـەشـــت و دۆزەخ :

لە پاش ئەوانە پێویستە بڕوامان هەبێت بە بوونی بەهەشتو دۆزەخ کە دوو دروست کراون لە دروست کراوەکانی خودی(ﷲ) کە ئامادەی کردوون بۆ پاداشتو سزا ئێستا هەنو بەردەوام بە هەمیشەیی دەمێننەوە، خوای گەورە دەفەرموێت :

﴿يَوْمَ نَقُولُ لِجَهَنَّمَ هَلِ ٱمْتَلَأْتِ وَتَقُولُ هَلْ مِن مَّزِيدٍ ﴿٣٠﴾﴾ ق. واتە: ئەو ڕۆژەی بە دۆزەخ دەڵێین : ئایا پڕبوویت ، ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت : ئایا زیاتر هەیە ؟

پێغەمبەر(ﷺ) لە بارەی دۆزەخەوە دەفەرموێت:﴿ **نارُكُمْ جُزْءٌ مِنْ سَبْعِينَ جُزْءاً مِنْ نارِ جهَنَّم**﴾**بخاري**.واتە : ئەم ئاگرەی ئێستاتان بەشێکە لە حەفتا بەش لە ئاگری دۆزەخ ـ خوا پەنامان بدات— .

هەروەها دەفەرموێت: ﴿ **إنَّ أهونَ أهلِ النَّارِ عذاباً يومَ القِيامَةِ الرَّجلُ تُوضَعُ فِي أخمَيسِ قَدَمَيهِ جُمرةٌ يَغلى منها دَماغه** ﴾**رواه البخاري** .

واتە: کەمترین کەسێکی سزادراو لە ئەهلی دۆزەخ لە ڕۆژی دواییدا ، پیاوێکە کە پشکۆیەك دەخرێتە ژێر پێیەکانی ، کە مێشکی بەهۆیەوە دەکوڵێت ـ خوای گەورە پەنامان بدات ـ

بەڵام خوای گەورە بە زۆری باسی بەهرەکانی بەهەشتی کردووە لە پەڕاوە پیرۆزەکەیدا ، کە دەفەرموێت : ﴿إِنَّ ٱلْمُتَّقِينَ فِى مَقَامٍ أَمِينٍ ﴿٥١﴾ فِى جَنَّـٰتٍ وَعُيُونٍ ﴿٥٢﴾ يَلْبَسُونَ مِن سُندُسٍ وَإِسْتَبْرَقٍ مُّتَقَـٰبِلِينَ ﴿٥٣﴾ كَذَٰلِكَ وَزَوَّجْنَـٰهُم بِحُورٍ عِينٍ ﴿٥٤﴾ يَدْعُونَ فِيهَا بِكُلِّ فَـٰكِهَةٍ ءَامِنِينَ ﴿٥٥﴾ لَا

يَذُوقُونَ فِيهَا ٱلْمَوْتَ إِلَّا ٱلْمَوْتَةَ ٱلْأُولَىٰ ۖ وَوَقَىٰهُمْ عَذَابَ ٱلْجَحِيمِ ﴿٥٦﴾
فَضْلًا مِّن رَّبِّكَ ۚ ذَٰلِكَ هُوَ ٱلْفَوْزُ ٱلْعَظِيمُ ﴿٥٧﴾ ﴾الدخان(٥١-٥٧) .

واته :بەراستی خواپەرستان واتە خۆپارێزان لە بێفەرمانی خوای گەورە ، وان لە شوێنێکی دڵنیادا ، لەناو بەهەشتو سەرچاوەکاندا لە سوندوسو ئیستەبرەق لەبەر دەکەن و ڕووبەڕووی یەك دەبنەوە هەروەها هاوجوتمان بۆ دابین کردوون لە حورون عەین ، هەر میوەیەك داوابکەن بۆیان ئامادەیە ، ئیتر لەوێدا مردن ناچێژن ، خوای گەورە لە سزای دۆزەخ دەیانپارێزێت، ئەمە سۆزو لوتفی پەروەردگارتە ،ئەی بەندەی خواناس بەراستی هەر ئەوەیە سەرکەوتنی گەورە .

هەروەها پێویستە بڕوامان هەبێت بەو گفتوگۆیەی لە نێوان ئەهلی بەهەشتو ئەهلی دۆزەخ دا ڕوودەدات، فەرموو سەیرێکی ئەم تابلۆیە لە سورەتی ( الأعراف ) بکە: ﴿وَنَادَىٰٓ أَصْحَـٰبُ ٱلْجَنَّةِ أَصْحَـٰبَ ٱلنَّارِ أَن قَدْ وَجَدْنَا مَا وَعَدَنَا رَبُّنَا حَقًّا فَهَلْ وَجَدتُّم مَّا وَعَدَ رَبُّكُمْ حَقًّا ۖ قَالُوا۟ نَعَمْ ۚ فَأَذَّنَ مُؤَذِّنٌۢ بَيْنَهُمْ أَن لَّعْنَةُ ٱللَّهِ عَلَى ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴿٤٤﴾﴾ الأعراف.

واته:هاوڕێیانی بەهەشت بانگ لە هاوڕێیانی دۆزەخ دەکەن ،بەراست ئێمە ئەوەی پەروەردگارمان پەیمانی دابوینێ ، پێی گەیشتین‌و بینیمان ، ئایا ئێوەش ئەوەی کە پەروەردگارتان پەیمانی پێ دابوون، دیتانەوە و پێی گەیشتن ؟ وەڵام دەدەنەوە و دەڵێن : بەڵێ، پاشان بانگ کەرێك بانگ دەکات

نەفرەتی خوا لە ستەمکاران ، ـ خوایە لە هاوڕێیانی بەهەشت دامانبنێیتو پەنامان بدەیت لە هاوڕێیانی دۆزەخ ـ

بڕواداران لە بەهەشتدا بە هەمیشەیی دەمێننەوە و کافرانیش بەهەمان شێوە لە دۆزەخدا دەمێننەوە، ئەمەش لە قورئانو فەرموودەکانی پێغەمبەر(ﷺ)زۆر باسی کراوە ، پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت :

**﴿ إذَا صَارَ أَهْلُ الْجَنَّةِ إلَى الْجَنَّةِ ، وَأَهْلُ النَّارِ إلَى النَّارِ ، جِيءَ بِالْمَوْتِ حَتَّى يُجْعَلَ بَيْنَ الْجَنَّةِ وَالنَّارِ ، ثُمَّ يُذْبَحُ ، ثُمَّ يُنَادِي مُنَادٍ يَا أَهْلَ الْجَنَّةِ لاَ مَوْتَ ، يَا أَهْلَ النَّارِ لاَ مَوْتَ ، فَيَزْدَادُ أَهْلُ الْجَنَّةِ فَرَحًا إلَى فَرَحِهِمْ . وَيَزْدَادُ أَهْلُ النَّارِ حُزْنًا إلَى حُزْنِهِمْ ﴾ رواه البخاري.**

واتە : کاتێك خەڵکی بەهەشت رەوانە دەکرێنو دەچنە بەهەشت ، وەخەڵکی دۆزەخیش رەوانە دەکرێنو دەچنە دۆزەخ ، مردن دەهێنرێتە نێوان بەهەشتو دۆزەخ ، ئینجا سەری دەبڕن ، ئینجا بانگ کەرێك بانگ دەکات : ئەی خەڵکی بەهەشت ئیتر مردن نی یە ، وە ئەی خەڵکی دۆزەخ ئیتر مردن نی یە، بەمە دڵشادی ئەهلی بەهەشت زیاد دەبێتو ئەهلی دۆزەخیش زیاتر غەمبار و خەفەتبار دەبن .

بێگومان ئەم فەرموودە پیرۆزە نیشانەیە لەسەر مانەوەی بڕواداران بۆ هەمیشەیی لە بەهەشتدا و مانەوەی کافرانیش بۆ هەمیشەیی لە دۆزەخ دا .

## شەشەم: باوەڕ بە قەزا و قەدەری خودی (ﷲ)

باوەڕ بە قەدەر یەکێکە لە بنچینەکانی بیروباوەڕی ئیسلامی، بنچینەی شەشەمە لە بنچینەکانی باوەڕ، هەرکەس باوەڕی بە قەدەری خودی (ﷲ) نەبێت لە بازنەی ئیسلام دەچێتە دەرەوە .

### پێناسەی قەزاو قەدەر:

زانایانی ئیسلام بۆچوونی جیاوازیان لە پێناسەی قەزاو قەدەر هەیە ، هەیانە بۆ هەردووکیان یەك پێناسە دەکاتو بە یەك شت دایان دەنێت ، هەشیانە قەزا بە شێوەیەك پێناسە دەکات، کە جیاوازە لە پێناسەی قەدەر ، ئەوانەی کە بە شێوەیەکی جیاواز پێناسەی قەدەر و قەزا دەکەن ئاوا دەفەرموون :

قەدەر : زانیاری و ئاگایی خوای گەورەیە بەوە کە لە داهاتوودا دروست کراوەکان لەسەرینو ئەنجامی دەدەن .

**قـەزا** : بـەدیهێنانی هـەموو شـتەکانە لەلایـەن خـودی (ﷲ) وە تـەنها بـە ویستی ئەو .

ئەوانەی کە یەك پێناسەی قەدەر و قەزا دەکەن ، ئاوا دەفەرموون : ( ئەو (نیزامە) رژێمە دامەزراوەیە ، کە خودی(ﷲ) دایناوە بۆ ئەم بوونە ، وە ئەو یاسا گشتی و سوننەتانەیە ، کە بە هۆیەوە هۆکانی بەستووە بە هۆکارەکانەوە .) جا ئەو مەبەستەی کە لەو پێناسەیەدا هاتووە قورئانی پیرۆز لەزۆر لە نیشانەکانی دا ئاماژەی پێ کردووە ، نموونە : خوای گەورە دەفەرموێت :

﴿وَكُلُّ شَىْءٍ عِندَهُۥ بِمِقْدَارٍ ﴿٨﴾﴾ الرعد. واتە : هەموو شتێك لای پەروەردگار بە ئەندازەیەکی دیاریکراوە، لەوە زیادو کەم ناکات .

کاتێك کە پرسیار لە پێشەوا ئەحمەدی کوڕی حەنبەل کرا ، دەربارەی ( قەدەر ) جوانترین وەڵامی دایەوە و فەرمووی : ( قەدەر واتە توانایی بێ سنووری زاتی رەحمان) بەراستی پێناسەیەکی تەواو ئارام بەخشە ، چونکە قەدەر مانای ئەوەیە کە خوای گەورە تەقدیرو دەست نیشانی کردووە ، وەك دەفەرموێت :

﴿قُلْ إِنَّ ٱلْأَمْرَ كُلَّهُۥ لِلَّهِ .. ﴿١٥٤﴾﴾ آل العمران. واتە: هەموو کاروبارو فەرمانو سەرکەوتنێك لەلایەن زاتی (ﷲ) وەیە.

دیسان دەفەرموێت : ﴿وَإِلَيْهِ يُرْجَعُ ٱلْأَمْرُ كُلُّهُۥ.. ﴿١٢٣﴾﴾ هود. واتە : هەموو شتێك بۆ لای خوای گەورە دەگەڕێتەوە .

لە راستی دا باوەڕ بەقەدەر لەسەر باوەڕ بە سیفاتو ناوەجوانەکانی خودی (ٱللَّهُ) دامەزراوە، لەوانە : زانیاریو ویستو توانا، وەك دەفەرموێت:

﴿وَهُوَ بِكُلِّ شَيۡءٍ عَلِيمٌ ۝﴾البقره. واتە: خودی (ٱللَّهُ) بە هەموو شتێك زانایە .

هەروەها دەفەرموێت : ﴿وَهُوَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٍ قَدِيرٌ ۝﴾الحديد. واتە : خودی (ٱللَّهُ) بەسەر هەموو شتێکدا بە دەستەڵاتە .

هەروەها لە شوێنێکی تردا دەفەرموێت : ﴿فَعَّالٌ لِّمَا يُرِيدُ ۝﴾ هود. واتە: زاتی (ٱللَّهُ)ئەنجامدەری هەر شتێکە کە بیەوێت .

## مانای باوەڕ بەقەدەر :

مانای باوەڕ بەقەدەر ئەوەیە بەندە باوەڕی بە قەدەری خێرو شەر، شیرینو تاڵ هەبێت، وە مەبەست لەو باوەڕە ئەوەیە کە باوەڕی هەبێت بە زانیاری ئەزەلی خودی (ٱللَّهُ) بەسەر هەموو شتێکدا جێبەجێ کراوەو تواناو دەستەڵاتی ئەو هەمەگیرە، لەم بارەیەوە شێخی ئیسلام ئیبنوتەیمیە دەفەرموێت : باوەڕ بە قەدەر لەسەر دوو پلە دامەزراوە :

پلەی یەکەم : باوەڕ بە زانیاری (علم) ی زاتی(ٱللَّهُ) دەگرێتە خۆ کە دروست کراوەکان هەرچی دەیکەنو کردویانە لە زانیاری خوای گەورە بەدەر نی یە، واتە : بە زانیاری ئەزەلی خوادا تێپەڕیوە، هەروەها زانایە بەسەر کاروباریاندا ، لە خواپەرستی و یاخی بوونو خراپە. ئینجا خوای گەورە لە

تەختەی پارێزراودا (لوح المحفوظ) دروست کراوەکان چۆن دەبن‌و چی دەکەن تۆماری کردووە، کەوابوو ئەوەی کە توشت دەبێت شتێك نیە کە توشت نەبێت ، وە ئەوەی کە توشت نەبێت ئەوە نەبوو کە توشت بێت .

پلەی دووەم : باوەڕ بوون بە ویستی جێبەجێ کراوی خودی(الله) و دەستەڵاتی هەمەگر و هەمەلایەنەی ، ئەوەش بڕوابوونە بەوەی کە ئەوەی خودی(الله) ویستی لەسەر بووە ئەبێ‌و بووە ، وە ئەوەی کە نەیویستبێت‌ونەیەوێت نابێت ، هەروەها باوەڕبوونە بەوەی کە هەرچی لە ئاسمانەکان‌و زەویدا هەیە لە جموجۆڵ‌و بێدەنگی و ئارامی هەمووی بە ویستی خودی(الله) یە .

لەگەڵ ئەوەشدا خوای گەورە فەرمانی بەبەندەکانی داوە بە گوێڕایەڵی خۆی‌و پێغەمبەرەکانی (عليهم السلام)، وە قەدەغەی کردوون لە یاخی بوون لە فەرمانەکان ، خوای گەورە چاکەکاران‌و خواپەرستانی خۆش دەوێت و بێبڕوایان‌و خراپەکارانی خۆش ناوێت ، وە هەرگیز خوای گەورە فەرمانی بە خراپە و داوێن پیسی و دەست پیسی نەداوە .وە هەرگیز بێباوەڕی لە بەندەکانی پەسەند ناکات .

لە راستیدا بەندەکان بکەرن، خوای گەورەش بەدیهێنەری کارەکانیانە ، بەندە وا دەبێت ، بڕوادارو چاکە یان کافرو خراپە ، وە هەریەکەشیان بە توانان بەسەر کارەکانیانداو ویستی تایبەتیشیان هەیە، بەلام خوای گەورە

بەدیهێنەری ویستو تواناکانیانە [٧] پوختەی فەرمودەکەی ئیبنوتەیمیە ئەوەیە کە باوەڕ بە قەدەر لەسەر چوار پلەو پایەدایە :

١. باوەڕ بوونە بە زانیاری ئەزەلی زاتی(ﷲ) لە زانینی کرداری بەندەکانی پێش ئەوەی ئەنجامی بدەن .

٢. تۆمارکردنی ئەو کارانە لە تەختی پارێزراودا ، چونکە بە زانیاری ئەزەلی خودی (ﷲ)دا تێپەڕیان کردووە .

٣. ویستی خودی (ﷲ) جی بەجێ کراوە و دەستەڵاتیشی هەمەگرو هەمەلایەنە .

٤. خودی (ﷲ) هەموو دروست کراوەکانی بەدیهێناوە لەگەڵ کردارەکانیان وە شێوەیان و بەدیهێنەری هەمووشتێکە .

سەرباری ئەمە پێویستە باوەڕمان بەوە هەبێت ، کە قەدەر دابەش دەبێت بۆ خێرو شەڕ، وە ئەم قەدەری خێرو شەڕە دەدرێتە پاڵ خەڵکی و دروست کراوەکان .

بە نیسبەت خودی (ﷲ) وە، هەموو خێرو شەڕێك لەقەدەر نادرێتە پاڵ خوای گەورە، بەڵام واپەسەندە کە شەڕ بخرێتە ناو گشتی یەتیەوە وەك خوای گەورە دەفەرموێت :

﴿ٱللَّهُ خَـٰلِقُ كُلِّ شَىۡءٍ﴾ الزمر. واتە : خودی (ﷲ) بەدیهێنەری هەموو شتێکە..

---

(٧) لە رونکردنەوەی ( عەقیدەی واسطية ) وەرگیراوە .

هەروەها شیاوە بدرێتە پاڵهۆکار، وەك خوای گەورە دەفەرموێت :

﴿قُلْ أَعُوذُ بِرَبِّ ٱلْفَلَقِ ۝١ مِن شَرِّ مَا خَلَقَ ۝٢﴾ الفلق. واتە: بڵێ پەنادەگرم بە پەروەردگاری بەدیهێنەری بەرەبەیان یان روناکی ، لە خراپەی دروست کراوەکانی .

هەروەها شیاوە کە ناو ببرێت بە لابردنی بکەرەکە، وەك دەفەرموێت : کە لەسەر زمانی (جن)ەوە دەگێڕێتەوە :

﴿وَأَنَّا لَا نَدْرِىٓ أَشَرٌّ أُرِيدَ بِمَن فِى ٱلْأَرْضِ أَمْ أَرَادَ بِهِمْ رَبُّهُمْ رَشَدًا ۝١٠﴾

الجن. واتە: بەراستی ئێمە نازانین ویستی شەڕ هەیە بەو خەڵکەی لەسەر زەوی یە یان پەردەردگاریان رێنمایی خێرو چاکەی مەبەستە بۆیان .

ئەبێ لەوە دڵنیابین کە زاتی(الله) شەڕی دروست نەکردووە لە هەموو روویەکەوە، دانایی خوای گەورە ئەوە وەلا دەخات ، بۆ نمونە: نەخۆشی بۆ مرۆڤ وەك شتێکی کات و رواڵەتی شەڕە، بەڵام هەر ئەو نەخۆشیە لە داهاتوودا لە کاتێکدا کە نەخۆشەکە بە ئارام بێتو یادی خوا لەبیرنەکات و وەك بڕواداریکی راستەقینە روویەڕووی نەخۆشی و ئێش و ئازارەکە بێتەوە ، ئەوە ئەو نەخۆشیە هۆی لێخۆش بوون و پاك بوونەوەی دەرونە.

هەروەها بەند کردن و ئازاردانی بڕواداران لەلایەن دوژمنانی خواوە لە رواڵەتدا شەڕو ناڕەحەتی یە چونکە پڕە لە ئازارو دەردی سەری بەڵام خۆی بۆ خۆی پتەوکردنی رێزی بڕوادارانە و پاك کردنەوەی دەرونەکانە، پەروەردەکردنی گیانەکانە، لەسەروئەمانەشەوە پاداشتێکی زۆرو خێرێکی گشتی یە لە رۆژی دوایی دا .

## بەڵگە هێنانەوەی بێ بڕواکان بەقەدەر

موشریکەکان ویستویانە کە بە قەدەرو ویستی خودی(ﷲ) بەڵگە بهێننەوە لەسەر هاوبەش پەیداکردنەکەیان ، واتە ئەیان ووت : ئەگەر ویستی ئەو نەبوایە ئەوان شەریکیان بۆ خوا بڕیار نەئەدا و نەئەکەوتنە ناو ئەو تاوانەوە ، خوای گەورەش لە قورئانی پیرۆزدا ئەو بەڵگەیەیان بەتاڵ دەکاتەوە و بە درۆیان دەخاتەوە ، وەك دەفەرموێت :

﴿سَيَقُولُ ٱلَّذِينَ أَشۡرَكُواْ لَوۡ شَآءَ ٱللَّهُ مَآ أَشۡرَكۡنَا وَلَآ ءَابَآؤُنَا وَلَا حَرَّمۡنَا مِن شَيۡءٖۚ كَذَٰلِكَ كَذَّبَ ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِهِمۡ حَتَّىٰ ذَاقُواْ بَأۡسَنَاۗ قُلۡ هَلۡ عِندَكُم مِّنۡ عِلۡمٖ فَتُخۡرِجُوهُ لَنَآۖ إِن تَتَّبِعُونَ إِلَّا ٱلظَّنَّ وَإِنۡ أَنتُمۡ إِلَّا تَخۡرُصُونَ ١٤٨﴾ الأنعام.

واتە : ئەوانە کە هاوبەشی بۆ خوا بڕیار دەدەن ، ئەڵێن : ئەگەر خودی(ﷲ) بیویستایە ئێمە هاوبەشمان دانەئەنا، هەروەها باووباپیرانیشمان ، هەروەها هیچمان لە خواردن لە خۆمان قەدەغە نەدەکرد ،هەربەو شێوەیەش پێشینانیان درۆیان کردو پێغەمبەرانیان بە درۆ خستەوە، تا سزای ئێمەیان چەشت، ئەی موحەممەد پێیان بڵێ : ئایا هیچ زانیاریەکتان هەیە کە پشتی پێ ببەستن، کە خوا لە هاوبەش دانان و یاخی بوونتان رازی یە ؟ نەخێر هیچتان بەدەستەوە نی یە و بەڵکو تەنها شوێن گومان کەوتوون و لە بەڵگە هێنانەوەتاندا درۆدەکەن ، ئەی موحەممەد پێیان بڵێ : بەڵگەی بەڵگەنەویست تەنها لای خوای گەورەیە، ئەگەر بیەوێت رێنمایی هەمووتان دەکات ئەمە وەڵامی خوای گەورەیە بۆ هاوبەش دانەران ، وە بەڵگەی بەڵگەنەویستی هەیە

له رۆژی دواییدا ، که لەسەر دووبنەما دامەزراوە ، که هیچ کام له موشریکان گومانیان لەودا نی یه و ناتوانن ملەجیڕێی بەرامبەر بکەن، که ئەمانەن :

**یەکەم**: خوای گەورە سزای بێ باوەڕانی پێشووی داوە ، جا ئەگەر ئەوان خاوەنی ویستو ئیختیار نەبونایه خوای گەورە سزای نەئەدان ، چونکه خوا پەروەردگارە و ستەم لەکەس ناکات .

**دووەم** : ئەوی بەڵگه به قەدەر دێنێتەوە لەسەر بێبڕوایی و تاوانو یاخی بوونەکانی ، ئەوە بەبێ هیچ زانیاری یەك قسه بەدەم خواوە هەڵدەبەستێت ، چۆن دروسته که بێبڕوا یان یاخی و تاوانکار بەڵگه بهێنێتەوە که خودی(ﷲ) بێ بڕوایی و یاخی بوون تاوانی لەسەر نوسیووەو واجبی کردووە پێش ئەوەی که ئەو بێبڕواییو یاخی بوونو تاوانانەی لێوە ئەنجام بدرێت ، لەگەڵ ئەوەدا که قەدەری خودی(ﷲ) پێش روودانی شتێکی نادیارەو جگه له خودی خۆی کەسی تر نایزانێت..

بۆ نمونه ئەوەی که دەڵێت : لەبەر ئەوەی خودی(ﷲ) لەسەری نوسیوم که دزی بکەم، ئەوا من دزیم کرد ، ئایا ئەو ئاگاداربوو بەسەر تەختەی پارێزراودا و ئەو تەختەیەی خوێندبووەوە کەچی لەسەر نوسراوە ؟.

ئەم بەڵگه نەویستەی خودی(ﷲ) وەڵامه بۆ ئەو خەڵکانەی یاری به قەدەری خودی(ﷲ) دەکەن، وە داوای ئەو له قورئاندا ئەوەیه ، که خەڵکی فەرمانەکانی خودی (ﷲ) جێبەجێ بکەنو له قەدەغەکراوەکانی دوور بکەونەوە ، وە واز له شتی نادیارو رۆچوون بەبێ بەڵگەی زانستی لەو بوارەدا بهێنن .

## شاردنەوەی قەدەر و کەراهیەتی ڕۆچوون تیایدا

ئەوەی کە موسوڵمان پێویستی پێیەتی لە باسی قەزاو قەدەردا ، ئەوەیە کە لە واتەکەی بگات و پلەوپایەکەی بزانێت ، ئیتر لەوە زیاتر لەو باسەدا پێویستی بە هیچی تر نییە ، وە ئەوەی کە خودی (الله) ئەزانێت پێویستمان پێیەتی لەو باسەدا بۆی روون کردوینەتەوە ، ئیتر لەوە زیاتر پێویست ناکات ئێمە خۆمانی پێوە خەریك بکەین‌و تیایدا هیلاك بین.

وەنەبێ قەزاو قەدەر شتێکی نادیار بێت کە تا ئێستا زانیاری مرۆڤ تیایدا سەراسیما بێت و دەرکی چۆنیەتی نەکردبێت ، بەڵکو دەبینیت سیفەتەکانی خودی(الله) ئاسارەکانیان دەرك دەکرێت ، بەڵکو چۆنیەتییان دەرك ناکرێت و نازانرێت ، هەروەها چۆنیەتی خودی خوایەتی (الله) کە ژیری مرۆڤ پەی پێ نابات‌و نایزانێت ، هەر لەبەر ئەوە پێغەمبەر(ﷺ) نەهی کردووە لە ڕۆچوون لە زانینی چۆنیەتی قەدەردا ، پێشەوا أحمدی کوڕی حەنبەل لە عەمری کوڕی شوعەیبەوە و ئەویش لە باوکی‌و باپیریەوە دەگێڕێتەوە ، کە :

**﴿ خَرجَ رَسُلَ الله (ﷺ) ذاتَ يَومٍ و النَّاسُ يَتَكَلَّمُونَ فِي القَدرِ و قَالَ لَهُمْ : مَا لَكُمْ تَضْرِبُونَ الكتَابَ بَعضَهُ بِبَعْضٍ بِهَذَا هَلَكَ مَنْ كَانَ قَبْلَكُمْ ﴾**

واتە: ڕۆژێك پێغەمبەر(ﷺ)هاتە دەرەوە بینی خەڵك گفت‌وگۆ دەربارەی (قەدەرو قەزا) دەکەن ، پێی فەرمون : ئەوە چیتانە ، بە هەندێ لە قورئان دەدەن لە هەندێکی تری ، ئا بەم کارە بووە کە نەتەوەکانی پێش ئێوە تیاچوون .

بەراستی جوانترین وەڵامێك كە لەم بوارەدا درابێتەوە وەڵامی پێشەوا (عەلی) كوڕی ابی (تالب)ە كاتێك كە پرسیاریان لێكرد دەربارەی قەدەر فەرموی : ( رێگایەكی تاریكە مەیگرنەبەر) دیسان لێیان پرسی ئاگادارمان كە لەبارەی قەدەرەوە ، فەرموی:(دەریایەكی قوڵە تێیدا رۆمەچۆ ) دیسان لێیان پرسی یەوە ئاگادارمان بكەرەوە دەربارەی قەدەر، فەرموی : ( خۆت ماندوو مەكە بۆ زانینی نهێنی خودی (ﷲ)) .

## دیاردەو و شوێنی قەدەر لە بیروباوەڕی موسوڵماندا

ئایینی پیرۆزی ئیسلام لەسەر خۆبەدەستەوەدان دامەزراوە، بۆ دانایی و ویستی خودی(ﷲ)و، پرسیار نەكردن لە درێژەی دانایی یەكانی خوای گەورە لە فەرمان و نەهیەكانیدا، هاوڕێیانی پێغەمبەر(ﷺ) بەو شێوەیە بوون هەرگیز پرسیاریان نەكردووە لە حیكمەتەكانی خوای گەورە ، بەو شێوەیە هاوڕێیانی پێغەمبەر(ﷺ) زۆر وابەستە بوون لەگەڵ خواو پێغەمبەری خواداو هەمیشە بێتوانایی و ئاتاجی خۆیان نواندوە و بەبێ ملەجیڕێ تەسلیمی فەرمان و نەهیەكان بوون، عبدالله ی كوڕی عباس دەفەرموێت:( هەرگیز كۆمەڵێكم نەدیوە چاكتر بووبێتن لە هاوڕێیانی پێغەمبەری خوا(ﷺ) چونكە جگە لە سیانزە مەسەلە زیاتر پرسیاریان لێ نەكردووە تا گیانی بەخشیوە ) ( لە اعلام الموقعین دا هاتووە ) .

ئەوە بزانن كە لە مەسەلەی قەدەردا هەموو هاوڕێیانی پێغەمبەر(ﷺ) وتابعین و هەموو زانایانی ( سنة و حدیث )یەكدەنگن لەسەر ئەوەی كە هەموو زیندەوەرێك تۆماركراوە لە ( لوح المحفوظ) دا، كە تا رۆژی دوایی چی بەسەر

دێت، بەڵام ئەوە ناگەیەنێت کە مرۆڤەکان لە ناوچاوانیان یان چارەنووسیان نوسراوە چی بکەن و چی نەکەن، بەڵکو مەبەستمان ئەوەیە ئەوەی کە بەسەر مرۆڤەکاندا دێت بە زانیاری ئەزەلی خوادا تێپەڕ بووە و تۆمار کراوە .

ئەبو داود لە عوبادەی کوڕی سامتەوە دەگێڕێتەوە ، لە سەرەمەرگدا بە کوڕەکەی وت :( ئەی کوڕی من بە راستی تامی ئیمان ناچێژیت ، تا وا نەزانیت بەبێ گومان کە ئەوەی توشت دەبێت شتێك نیە کە توشت نەبێت یان بە هەڵە توشت نابێت، وە ئەوەی کە توشت نەبووە شتێك نیە کە توشت بێت وە ئەوەی کە گومانی تێدا نی یە ئەوەیە کە ئەم جۆرە باوەڕە گەورەترین کارتێکردنی هەبوو لە دەرونی هاوڕێیانی پێغەمبەردا، هەر بەم بیروباوەڕەوە، زەوی یان تەی کرد و هەڵگری باوەڕی قەدەر بوون بەو شێوەیەی کە پێغەمبەر(ﷺ) بە عبداللە ی کوڕی عباسی فەرموو :

**﴿ يَا غُلَامُ إِنِّي أُعَلِّمُكَ كَلِمَاتٍ احْفَظِ اللَّهَ يَحْفَظْكَ احْفَظِ اللَّهَ تَجِدْهُ تُجَاهَكَ إِذَا سَأَلْتَ فَاسْأَلِ اللَّهَ وَإِذَا اسْتَعَنْتَ فَاسْتَعِنْ بِاللَّهِ وَاعْلَمْ أَنَّ الأُمَّةَ لَوِ اجْتَمَعَتْ عَلَى أَنْ يَنْفَعُوكَ بِشَيْءٍ لَمْ يَنْفَعُوكَ إِلاَّ بِشَيْءٍ قَدْ كَتَبَهُ اللَّهُ لَكَ وَلَوِ اجْتَمَعُوا عَلَى أَنْ يَضُرُّوكَ بِشَيْءٍ لَمْ يَضُرُّوكَ إِلاَّ بِشَيْءٍ قَدْ كَتَبَهُ اللَّهُ عَلَيْكَ رُفِعَتِ الأَقْلَامُ وَجَفَّتِ الصُّحُفُ ﴾.**

واتە : ئەی رۆڵە ! چەند وشەیەکت فێر دەکەم ، خوای گەورە بپارێزە بەبەجێ هێنانی فەرمانەکانی ئەویش تۆ دەپارێزێت ، لە خوای گەورە نزیک بەرەوە بەبەجێ هێنانی فەرمانەکانی ئەویش بەرەو رووت دێت ، کە پرسیارت کرد پرسیار تەنها لە خودی(ﷻ) بکە ، کە پشتت بەست تەنها پشت بە خوا

ببەستە، وە بێگومان بزانە کە ئەگەر هەموو خەڵکی کۆببنەوە ، کە سودی شتێکت پێ بگەیەنن ناتوانن مەگەر شتێك کە خوای گەورە بە عیلمی ئەزەلی خۆی بۆی تۆمار کردبێتی وە ئەگەر کۆش ببنەوە کە زیانی شتێکت پێ بگەیەنن ناتوانن هیچ زیانێکت پێ بگەیەنن مەگەر خوای گەورە بەپێی زانیاری ئەزەلی خۆی لەسەری تۆمار کردبێتی ، کار تەواو بووە و پێنوس لە نوسینی کۆتایی هاتووە ، لاپەڕەکانیش وشك بوونەتەوە واتە نیشانەی تەڕی مەرەکەبی پێوە نەماوە .

بەراستی ئەم جۆرە باوەڕە لە دڵەکانیاندا جێگیر بووەو دڵ ئارامی و دڵنیایی لە دەرونیاندا دامەزراوە و شکۆمەندی پێ بەخشیون بە شێوەیەك کە هەرچی هێزی دونیا هەبووە لەبەر چاویاندا بێبەهاو لاواز بووە ، بەهۆی باوەڕیانەوە بە قەدەری زاتی(ﷲ) . چ بەختیارییەو دڵنیاییەو ئازایەتیەك لەوە بەرزترە کە باوەڕێك دروستی بکات ، کە دروشمەکەی ئەمە بێت :

﴿ما أصابَكَ لَمْ يَكُنْ لِيُخْطِئَكَ وَ مَا أَخْطَئَكَ لَمْ يَكُنْ لِيُصِبَكَ﴾ واتە : ئەوەی کە توشت دەبێت شتێك نی یە کە توشت نەبێت ، وە ئەوەی کە توشت نابێت شتێك نی یە کە توشت بێت .

ئا لێرەدا دەبینین هۆی ئەو هەموو کارانەی کە لەسەر دەستی کۆمەڵێك بڕواداراندا رووی داوە و جێبەجێ بووە ئەم دینەی پێ سەرکەوتووە ، تەنها ئەو باوەڕبوونە بووە بە قەدەر ، جا ئەو کەسەی کە هەڵگری ئەو جۆرە بیروباوەڕەیە ، لەدەست هەموو جۆرە کۆیلەییەك رزگاری دەبێت لەسەر زەوی دا و تەنها بە تەنها خوای تاكو تەنها دەپەرستێت نە لە ستەمکارانو نە لە کەموکوڕی رۆزی و جگەرگۆشە باکی هەیە ، چونکە دەزانێت بە یەقینو بەبێ

گومان ئەمانە هەموو بەزانیاری ئەزەلی خوای گەورەدا تێپەڕیوە ، لەبارە ئەم جۆرە تێگەیشتنە ( ابن رجب ) لە پەڕاوی (جامع العلوم والحكم) دا دەفەرموێت : ( هەرکەس لەوە دڵنیا بێت ، کە هەموو دروست کراوێك لەسەر زەوی دا گڵە ، ئیتر چۆن گوێڕایەڵیو پەرستنی کەسێك دەکات کە گڵە ، بەسەر گوێڕایەڵی و پەرستنی پەروەردگاری دروستکراوەکاندا . یاخود چۆن گڵ رازی دەکات بە زیزکردنی پەروەردگاری بەخشندە، بە راستی ئەمە شتێکی سەرسوڕهێنەرە ) .

کەوابوو ئەو نەفسەی کە دڵنیایە بە قەدەری خودی(ﷲ)،بەهرەمەند دەبێت بە بەهرەیەکی تر کە هیچ بەهرەیەکی تری دونیا هاوکێشی ئەو بەهرەیە نابێت، کە ئەویش بەهرەی رازی بوونە لە هەر ئاستێکدا ، وەك ئەوەی کە ئەو نەفسە وا دەبینێت کە کارەکان دێنو ئەنجام دەدرێن یان نەو ، هەمووی لە ویستی پەروەردگاری جیهانیاندایە کە دادوەرو بەسۆزو دانایە ، لەبەر ئەوە رازی یە کە بەدیهێنەرەکەی ئەیەوێت بۆی ، وە دڵنیاشە کە هەمووی خەیر و چاکەیە بۆی ، وەك خوای گەورە دەفەرموێت :

﴿وَعَسَىٰٓ أَن تَكۡرَهُواْ شَيۡـٔٗا وَهُوَ خَيۡرٞ لَّكُمۡۖ وَعَسَىٰٓ أَن تُحِبُّواْ شَيۡـٔٗا وَهُوَ شَرّٞ لَّكُمۡۚ وَٱللَّهُ يَعۡلَمُ وَأَنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ٢١٦﴾ البقره. واتە : شت وا پێش دێت بۆتان، کە بەلاتانەوە ناخۆشەو بە شەڕی دەزانن کەچی خێرو چاکەیە بۆتان، جاری واش هەیە شتێکتان بەلاوە خۆشەو بە خێرو چاکەی دەزانن ، کەچی شەڕو ناخۆشی یە بۆتان ، خودی (ﷲ) دەزانێتو ئێوە نایزانن .

پێم باشە لێرەدا ئامۆژگاری یەکی پێشەوا ( شافعی) بهێنم ، کە دەفەرموێت : ( ئەی بەندەکانی خوا ئێوە با هەمیشە ئەم فەرموودە قورئانی یە دوعاتان بێت :

﴿رَبَّنَآ ءَاتِنَا مِن لَّدُنكَ رَحۡمَةً وَهَيِّئۡ لَنَا مِنۡ أَمۡرِنَا رَشَدٗا ١٠﴾ الكهف. واتە:ئەی پەروەرگارمان رەحمەتو بەزەیی خۆتمان پێ ببەخشەو رێنماییمان بفەرموو لە کارەکانماندا .

مەبەست ئەوەیە با ئێمە تەنها داوای رەحمەت بکەین، نەك ملەجیڕێ بکەین لەسەر جۆری رەحمەتەکە ، چونکە ئێمە نازانین رەحمەتی خوای گەورە لەگەڵ چیدایە ، جاری وا هەیە رەحمەتی خوای گەورە لەگەڵ نەخۆشی دایە ، جاری واش هەیە لەگەڵ زیندانی دایە، ئەو نەفسەی کە بڕوای بە قەدەر دامەزرابێت هەرگیز بە بەهرە لەخۆبایی نابێتو بە موصیبەتو ناخۆشیش پەستو دلْمەند نابێت، چونکە دلْنیایە لەوەی کە کاروباری هەمووی خەیرە .

پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت : ﴿ **عَجَبًا لأَمْرِ الْمُؤْمِنِ إِنَّ أَمْرَهُ كُلَّهُ خَيْرٌ وَلَيْسَ ذَاكَ لأَحَدٍ إِلاَّ لِلْمُؤْمِنِ إِنْ أَصَابَتْهُ سَرَّاءُ شَكَرَ فَكَانَ خَيْرًا لَهُ وَإِنْ أَصَابَتْهُ ضَرَّاءُ صَبَرَ فَكَانَ خَيْرًا لَهُ** ﴾ .

واتە : جێگەی سەرسوڕمانە ، بڕوادار هەموو کاروباری خەیرە ، ئەمەش بۆ کەس نییە تەنها بۆ بڕوادار نەبێت ، کە توشی خۆشیو ئاسودەگی دەبێت سوپاس دەکاتو سوپاسگوزارە، وە ئەگەر توشی ئەستەنگ بێت ئارامی دەنوێنێتو تەنگەتاو نابێت ، ئەمیشی بۆ دەبێتە خێرو چاکە .

هەر بەو پێ یە بووە کە نەفسی هاوڕێیانی پێغەمبەر(ﷺ)بەرزو بڵند بووە و لە ژێر سایەی سێبەری ئەو بۆچوونانەدا گیانیان گەشەی کردووە و تا وای لێهاتووە لە روانگەی ئەوانەوە تەنگژە و ئاستەنگو ئاسودەگی و خێرو خۆشی وەك یەك وابووە ، چونکە خاوەنی سوپاسو ئارامی بەردەوام بوون بەهۆی بڕوای پتەویان بە قەدەری خوای گەورە .

وەك لە ( مدارج السالكين) دا هاتووە ، کە حەزرەتی عومەر(رضي الله عنه) ئاوا دەفەرموێت : ( **لَوْ كَانَ الصَّبْرُ و الشُّكْرُ بَعِيرَين مَا بَاكَيتُ أيُّهُمَا أرْكَبُ** ) .

واتە : ئەگەر (خۆگری‌و سوپاسگوزاری) دوو حوشتر بوونایە نەمئەزانی سواری کامیان بومایە. لە هەمان سەرچاوە هاتووە ، کە ( إبن عەتاو) فەرمویەتی :

(**الرضَا سكوْنُ القَلْبِ إلى قَديمِ اخْتِيَارِ اللهِ لِلْعَبْدِ ، إنَّهُ أخْتَارَ لَهُ الأفْضَل**) واتە: رازی بوون بە قەدەر ئارامی دڵە بە شتێك کە خودی (الله) لە قەدیمدا بۆبەندەی هەڵبژاردووە، گومانیش لەوەدا نی یە کە چاکترین شتی بۆ بەندەکەی هەڵبژاردووە .

ئەمە و ئارام گرتن بە پیێی هاوڕایی زانایان پێویستە، وە لەوەش زیاتر رازی بوونە بە حوکمی خودی (الله) ، وە بنچینەی رازی بوون بە حوکمی خوا رازی بوونی بە قەدەری خودی (الله) ، وە هەست کردنە بە لوتف وسۆزی خوای گەورە بەرامبەر بە بەندەکانی ، لە ( مدارج السالكين) دا هاتووە کە زاناو خواناس ( عبدالواحد بن زيد) دەفەرموێت :

(رازی بوون دەرگای هەرە گەورەی خودی (الله) یە، بەهەشتی دنیایە، باخچەی پشودانی بەندەکانە ،کۆمەڵی رازیەکان بە قەدەری خوا تێبینی

پاداشتی خوای بەسۆز دەکەن و هەست بە خێری تەواو دەکەن لە توش بوونەکەیدا، وە هەرگیز گلەیی لە خودی (ﷲ) ناکەن، کە خاوەنی قەدەرەکەیە، جاری وا هەیە تێبینی پاداشتی رازی بوون بە قەدەر دەکەن و ئەوە وایان لیٚ دەکات، ئێش‌و ئازاری توش بوونەکەیان لە بیر دەباتەوە، وە جاری واش هەیە تێبینی و گەورەیی و دەست بالاًیی و تەواویەتی توش کەرەکە دەکەن و بەڵکو لەزەت لە توش بوونەکەیان وەردەگرن لە بەر ئەوەی لە خۆشەویستەکەیانەوەیە دەرچووە ).

باش ئەوەش بزانین مەبەست لە رازی بوون بە قەدەر ، رازی بوون بە زەلیلی و کوفر ناگەیەنێت، بەڵکو رازی بوونە بەوەی کە دیاری کراوە لە توشهات‌و ناڕەحتیەکان ، هەرگیز خودی (ﷲ) بە زەلیلی و کوفر بۆ بەندەکانی رازی نابێت .

## باوەڕ بە قـەدەر پێـچـەوانەی وابەسـتـ بوون بە هـۆکانەوە نـی یە

پێویستە هەرگیز ئەوە لە بیرو هۆشمان بەدەر نەبێت، کە ئێمە لەلایەن خودی (ﷲ) وە فەرمان پێکراوین لە کارەکانماندا هۆکان لەبەرچاو بگرین ، لەگەڵ پشت بەستن بە خودی (ﷲ) وە بڕوامان وا بێت ، کە هۆکان ئەنجام نابەخشن ئەگەر ویستی خوای گەورەی لەسەر نەبێت .

لەبەر ئەوە موسوڵمان ئەوەی لەسەر قەدەغە( حرام) کراوە کە واز لەهۆکان بهێنێت لە کارەکانیدا، بۆ نمونە : ئەگەر مرۆڤێك وازی لە کۆشش کردن هێنا بۆ بەدەست هێنانی رۆزی ئەوە لە شەرعی خوای گەورە تاوانبارە .

وه پێغەمبەر(ﷺ) روونی کردۆتەوه ، کە بە راستیو دڵنیایی هۆکان لە قەدەرن ، هەروەك لە( زاد المعاد ) دا هاتووه لە پێغەمبەریان پرسیﷺ :

﴿ أرأيتَ رُقى نسترقي بِهَا و تُقى نَتَّقِي بها ، و أَدوِيَة نَتَداوى بِهَا هَلْ تردُ بين قَدرِ الله شَيئاً ؟ پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی : هِيَ مِنْ قَدرِ الله ﴾

واتە : ئایا ئێمە کە دوعایەك دەکەین ، یان بە شتێ خۆمان دەپارێزین ، یان دەرمان دروست دەکەین دەردەکانمانی پێ تەداوی دەکەین ، ئایا ئەمە دژی قەدەری خوایە ؟ فەرموی : ئەوەش لە قەدەری خوایە .

لەبەر ئەوە عومەری کوڕی خەتاب کاتێك کە کۆمەڵێك لە خەڵکی یەمەنی بینی دەستی بە گریان کرد. بەبێ ئەوەی خواردنیان لەگەڵ خۆیان هێنابێت هاتبوون گوافیان دەکرد، هەر بۆیەش لۆمەی کردن.

لە ( مدارج السالکین) دا هاتووه کە (ابن القیم الجوزیه) فەرمویەتی:"کە یەکتاپەرستی جێبەجێ نابێت و نایەتەجێ تا وابەستو پەیوەندی نەکرێت بەو هۆیانەوە کە خوای گەورە دایناون)

هەروەها ( سەهلی کوڕی عبدالله) دەفەرموێت : ( هەرکەس تانە بدات لە جوڵانو گەڕان بە دوای پاروی حەڵاڵدا ئەوە تانە لە سوننەت دەدات، وە هەرکەس تانە لە پشت بەستن بە خوای گەورە بدات لەکاتی کارکردنندا ئەوە تانە لە باوەڕ دەدات، پشت بەستن بە خودی (اللَّهُ) لەکاتی کارکردنندا دوای لەبەرچاوگرتنی هۆکارەکانی رەوشتی پێغەمبەر(ﷺ) بووە، جا هەرکەس کار بەپێی حاڵی ئەو ئەنجام بدات باواز لە سوننەتەکەی نەهێنێت .

## راستەقینەیی بـاوەر

ئەوانەی لەمەوبەر باسمان کرد کۆمەڵە پێویستی یەك بوون کە پێویستە بڕوامان پێیان هەبێت ، بەڵام مانای باوەڕ پێیان چی یە ؟ وەچۆن دەبێت ؟ وە ئەو شتە چی یە کە راستیەتی ئەو ناوە دەگەیەنێت ؟

زانایان لەم بابەتە رای جیاوازیان هەیە ، بەڵام زانایانی سوننەت بە گشتی کۆن لەسەر ئەم دوو وتە :

**یەکەم** :ئەفەرموون : کە باوەڕ ناوێکە بەراستی زانین بە دڵ و بڕیاردان بە زمانو کارکردن بە ئەندامەکان دەگرێتە خۆی، وە ئەم وتنە رای زۆربەی زانایانی سوننەتو جەماعەتە .

**دووەم** : ئەفەرموون : (کە باوەڕ ناوێکە بەراستی زانین بە دڵ و بڕیاردان بە زمان دەگرێتە خۆی، وە ئیتر کارکردن بە ئەندامەکان لەخۆی ناگرێت ، بەڵام دەفەرموون کارکردن بە هەموو ئەوانەی کە لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) بە دروستی هاتووە لە لوتکەی کارکردن بە شەریعەتەکەیەتیو راستە و پێویستە لەسەر هەموو بڕوادارێك ) .

بەڵام بەڵگەکانی قورئانو سەننەت زیاتر پشتگیری رای یەکەم دەکاتو جیاوازی لە نێوانیاندا جیاوازی یەکی وێنەیی یە .

روونکەرەوەی عەقیدەی تەحاوی دەفەرموێت : ( ئەو جیاوازی یەی کە لە نێوان أبی حەنیفە و زانایانی سوننەتو جەماعەت هەیە جیاوازی یەکی وێنەیی یە ، کرداری ئەندامەکان کاتێك کە پێویستە بۆ باوەڕی دڵ یان بەشێك لە باوەڕ لەگەڵ هاوڕایی زانایاندا لەسەر ئەوەی کە بکەری گوناهی گەورە لەبازنەی باوەڕ دەرناچێت، بەڵکو لە ویستی خودی (اللہ) دایە کە بیەوێت

سزای بدات یان لێی ببورێت ، ئەو کێشەیە کە لەو بارەوە هەیە کێشەیەکی سەرزارەکی یە نابێتە هۆی خراپی بیروباوەڕ ) .

جا کە کار ئاوا بێت جێگەی خۆیەتی و سود بەخشە، کە بەم چەند خاڵانەی خوارەوە ئەوە روون بکەینەوە کە زانایانی سوننەت هاوهەڵوێستن لەسەری لەم بابەتەدا :

١. هەموویان هاوهەڵوێستن کە ناچێتە بازنەی باوەڕەوە ئەوەی کە بە زمان بڕیار بداتو دەری ببڕێت، بەڵام بە دڵ درۆ بکات ، ئەوانەی وا بن دووڕون واتە ( منافق) .

٢. هەروەها هاوبیرن لەسەر ئەوەی کە تەنها زانین بە دڵ بەس نی یە لە بە ئەنجام گەیاندنی ناوی ( بڕوادار ) بەڵکو پێویستە کە بڕیاردان بە زمان بێت لەگەڵ ئەو بە راست زانینەدا کە لە دڵدا جێگیر دەبێت ، ئەوەتا فیرعەونو قەومەکەی راستی موسا و هاوڕێکانی ئەزانێ لەگەڵ ئەوەشدا کافر بوون ، خوای گەورە دەفەرموێت :

٣. ﴿قَالَ لَقَدْ عَلِمْتَ مَآ أَنزَلَ هَٰٓؤُلَآءِ إِلَّا رَبُّ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ بَصَآئِرَ وَإِنِّى لَأَظُنُّكَ يَٰفِرْعَوْنُ مَثْبُورًا ﴿١٠٢﴾﴾الإسراء. واتە : ئەی فیرعەون تۆ باش دەزانیت کە ئەم نیشانە و بەڵگانە لەلایەن هیچ کەسەوە نەهاتووە، جگە لە پەروەردگاری ئاسمانەکانو زەوی ، وە بۆ ئەوەش هاتووە کە راستی من بخاتە پێش چاوی تۆ .

زانایانی سوننەت هەموو هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ئەو کەسەی کە سەلمێنرابێت ئەهلی قیبلەیە بۆ هەمیشەیی لە دۆزەخدا نامێنێتەوە ، ئەمەش

ئەو کەسە دەگرێتەوە کە بە دڵ باوەڕی بە دینی ئیسلام هەبێت باوەڕێکی پتەوی دامەزراو دوور لە هەموو گومانێك ، وە بە زمانیش لە ڕێگەی دوو شـــەهادەکەوە ئەو باوەڕەی دەر ببڕێت، جا خوا نەخواســـتە ئەگەر هەر لایەکیانی بەئەنجام گەیاندبێ واتە تەنها بە دڵ یان بە زمان ئەوە لە ئەهلی قیبلە نی یە ـ خوا پەنامان بدات ـ

٤. زانایانی سوننەتو جەماعەت کۆن لەسەر ئەوەی کە داوای زاتی (الله) لە بەندەکانی وتە و کردارە ، مەبەست لە وتە: وتەی دڵە کە بەڕاستی زانینی باوەڕەکەیە ، وە وتەی زمانەکە وتەی دوو شەهادەکەیە ، بەڵام تەنها ئەوەی کە تیایدا جیاوازییان هەیە لەسەری لەوداوایە( کردارەکەیە ) ئایا هەمووی داخڵە لە باوەڕدا؟

٥. هەموویان هاوبیرن لەسەر ئەوەی کە بەندە ئەگەر بە دڵ راستی کردو بە زمانیشی بڕیاری ئەو راستی یەی دڵی داو بەڵام ئەنجامدانی کرداری قەدەغە کرد بە ئەندامەکانی لەشی ئەوە یاخی یە لە خودی (الله) و پێغەمبەرەکەی(ﷺ) ، وە ئیتر شایستەی ئەو هەڕەشەیە دەبێت کە خوای گەورە لە قورئاندا باسی کردووە .

٦. هەروەها هەموویان کۆن لەسەر ئەوەی کە ئەو کەسەی گوناهی گەورە ئەنجام دەدات ، بە کافر دانانرێت ، مادام ئەو گوناهە بە حەڵاڵ نەزانێت و بڕیار لەسەر حەڵاڵی نەدات ، هەتا ئەگەر پێش تەوبە کردنیش لە گوناهەکە بمرێت .

لە پاشاندا پێتان رادەگەیەنم کە ڕۆچوون و قوڵکردنەوەی ئەو جیاوازی یە وێنە و تێڕوانینمان لەم باسە هیچ سودێکی گەورەو بچوکی نی یە ، لەبەر ئەوە

شوێن کەوتنی زانایانی سوننەتو جەماعەت سەلامەتترە و روکاری نیشانەکانی قورئانو سوننەت بەڵگەن لە سەری .

## زیادبوون و کەم بوونی باوەڕ

باوەڕ هەروەکو بڕوامان پێیەتی بریتی یە لە بەراست زانین لە دڵ دا و بڕیاردان بە زمانو کارکردن بە ئەندامەکانی لەش ، لەبەر ئەوە باوەڕ لە زیادبوونو کەم بووندایە ، فەرمودەکانی خوای گەورە بەڵگەن لەسەر ئەوە ، وەك دەفەرموێت :

﴿إِنَّمَا ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِرَ ٱللَّهُ وَجِلَتْ قُلُوبُهُمْ وَإِذَا تُلِيَتْ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُهُۥ زَادَتْهُمْ إِيمَٰنًا وَعَلَىٰ رَبِّهِمْ يَتَوَكَّلُونَ ۝٢﴾ الأنفال. واتە: بەڕاستی بڕواداران ئەوانەن کە ناوی خودی (ﷲ) دەبرێت ، دڵەکانیان دادەچڵەکێت، وە کە نیشانە(ئایە) ەکانی زاتی(ﷲ) یان بەسەردا دەخوێنرێتەوە بڕوایان زیاد دەکاتو پشت بە پەروەردگاریان دەبەستن .

هەروەها دەفەرموێت: ﴿هُوَ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ ٱلسَّكِينَةَ فِى قُلُوبِ ٱلْمُؤْمِنِينَ لِيَزْدَادُوٓاْ إِيمَٰنًا مَّعَ إِيمَٰنِهِمْ .. ۝٤﴾ الفتح. واتە: خوای گەورە دڵنیایی و ئارامی دابەزاندوە بۆ ناو دڵی بڕوادارەکان تا ئارامی و جێگیری زیاتریان بۆ دابین بێت لەگەڵ باوەڕەکەیاندا .

وە پێغەمبەر(ﷺ)لەم بارەوە دەفەرموێت:

﴿ الإِيمَانُ بِضْعٌ وَسَبْعُونَ أَوْ بِضْعٌ وَسِتُّونَ شُعْبَةً فَأَفْضَلُهَا قَوْلُ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَأَدْنَاهَا إِمَاطَةُ الأَذَى عَنِ الطَّرِيقِ وَالْحَيَاءُ شُعْبَةٌ مِنَ الإِيمَانِ ﴾ **متفق عليه/واللفظ للمسلم**. واتە : باوەڕ حەفتاو ئەوەندە بەشە ، هەرەبەرزەکەی وتنی (لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ) یە و لای خوارەکەی لابردنی ئازاردەرێکە لە رێگەی موسوڵمانانداا ، وە حەیاش لقێکە لە باوەڕ .

هەروەها پێغەمبەر (ﷺ)دەفەرموێت : ﴿ **أكمَلُ المؤمنينَ إيماناً أَحسَنُهُمْ أَخلاقاً** ﴾ **رواه الترمذي والحاكم**. واتە: تەواوترینی بڕوای بڕوادارەکان ئەوانەیانن کە رەوشتیان هەرە چاكو جوانە .

لە وتەی هاوڕێیانی پێغەمبەر(ﷺ)ئەمەیە ، کە لە روونکردنەوەی عەقیدەی تەحاویدا هاتووە کە ( أبی درداو)دەفەرموێت :

﴿ **مِنْ فِقهِ العَبْدِ أنْ يَتَعاهَدَ إيمانَهُ وَ مَا نَقَصَ مِنْهُ و مِنْ فقهِ العَبْدِ أنْ يَعْلَمْ أيَزدادُ هُوَ أمْ يَنْقُص** ﴾ واتە: لە تێگەیشتنی بەندەیە لە بەرنامەی خوای گەورە، کە پارێزگاری باوەڕەکەی بکات و بزانێت چی لێکەم دەبێتەوە ، هەروەها لە تێگەیشتنێتی کە بزانێت ئایا باوەڕەکەی زیاد دەکات یان کەم .

جا کە روخساری دەقەکان بەڵگە بێت لەسەر زیادی و کەمی باوەڕ ، کەوابوو ئیتر پێویست ناکات لەو زاهیرە دەرچین ، بەتایبەتی کە سود لە جیاوازی ئاڵوگۆڕکردنی بکاتو سەرزەنشتی نەفسی بکات تیایدا، ئایا زیادی کردووە یان کەم ، وە سەرنجی هۆکانی کەم بوونی بداتو لێیان دوور بکەوێتەوەو هەوڵ بدات ئەو هۆیانە بدۆزێتەوە کە بەکاریان بهێنێت بۆ گەشە کردنو زیادکردنی باوەڕەکەی و دامەزراوی و دروستی دەرونی.

# گرنگترین هۆکانی زیاد کردنی باوەڕ

١-**زانیاری و زانست** : بەڕاستی هەر زیادەیەك لە زانستو زانیاریدا دەبێتە هۆیەکی کاریگەر لە زیادکردنی یەقینو مەعریفەت ، لە روونکردنەوەی ( قەسیدەی ئیبنولقەیمدا) هاتووە ، کە ( جندب کوڕی عبدالله ی کوڕی عمرو) فەرمویەتی : " فێری باوەڕ بووین و بە دوایدا فێری قورئان بووین بە هۆیەوە گەشەو زیادی کردووە " ئەوەی مەبەستە لەم شوێنەدا ئەوەیە کە فێری زانیاری تێرو تەسەل ببین دەربارەی خودی (ﷲ) و سیفەتەکانیو کردارەکانیو نیشانەکانی ، هەروەها دەربارەی پێغەمبەرەکەی(ﷺ) و ئەو بەرنامەیەی کە هێناویەتی و رەوشتەکانیو شەریعەتەکەی.

ئەمە و بەراستی بنەمای بنچینەیی باوەڕ بڕیاردانە بە خوایەتی خودی(ﷲ)و ئەوەی کە شایستەیەتی لە سیفەتەکان ، هەروەها دان نان بە پەیامی محمد(ﷺ) دا .بەڵام چوون یەك نی یە ئەوەی کە زانیاری فراوانو هەمەلایەنەی هەیە دەربارەی ئەو مەبەستە لەگەڵ ئەوەی کە ئەو زانیاریە فراوانو هەمەلایەنانەی نی یە ، خوای گەورە دەفەرموێت :

﴿قُلْ هَلْ يَسْتَوِى ٱلَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ۗ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَـٰبِ ۝﴾ الزمر . واتە: ئایا لە یەك ئاستدان ، یان وەك یەك وان ئەوانەی کە زانیارییان هەیە و دەزانن لەگەڵ ئەوانەی کە زانیارییان نی یە و نازانن .

## ٢- کردار ( فەرمان )

لە راستی دا زۆر کارکردنی چاكو گوێڕایەڵی دەبێتە هۆی زیادکردنی یەقینو زانیاری و هەروەها باوەڕ بەهێز دەکات ، بەڵام تەمەڵی و کارنەکردنی چاكو رۆچوون لە شەهوەت بازیو تاوانو گوناهکردندا باوەڕ لاواز دەکات ـ خوا پەنامان بدات ـ جاری وا هەیە لەئاکامی ئەنجام دانی گوناهەکان بە زۆری ، هەندێ خەڵك دەگاتە ئاستی ملەجیڕیو حەلاڵ کردنی حەرامو بە رەوا زانینی تاوانەکان ، تا ئەگاتە ئەو ئاستەی پێغەمبەر بە درۆ دەخاتەوە ـ خوا پەنامان بدات ـ بۆ ئەوەی بیانوو بهێنێتەوە بۆ گوناهو تاوانەکانی ، هەروەکو هەندێك لە رابردووانی ئەم ئوممەتە دەفەرموون : { المعاصی برید الکفر }واتە : یاخی بوونو تاوان کردن پاساوی کوفرن .

سەرەڕای ئەمە دەبێت ئەوە بزانین کە بنەمای باوەڕ بە خودی (الله)ی بەرزو بڵند بڕیاردانو داننانە بە خوایەتیدا و دڵسۆزی لە پەرستن دا،و ئەو بڕیارو دانپیانانە دوو جۆرە :

(١) ئیعتیراف کردنی رواڵەتیو بە راست زانین لە دەروندا .

(٢) ئیعتیراف کردنی کرداری بە گوێڕایەڵی و پەیڕەو کردنی بەرنامەکەی .

جا هەر کەسێك تەنها جۆری یەکەمی ئەنجام دا، ئەوە باوەڕەکەی ناتەواوە ، وە دەبێت هەوڵ بدات بۆ لابردنی ئەو ناتەواوی یە بە ئەنجامدانی جۆری دووەم، ئەوسا بەقەدەر زیادکردنی گوێڕایەڵیو جێبەجێ کردنی بەرنامەکە بە کردار ، لە خودی (الله) نزیك دەبێتەوە وبڕواکە پتەو و جێگیر دەبێتو نەشونما دەکات، خوای گەورە لەم فەرمودە قودسیەدا دەفەرموێت :﴿...

وَمَنْ تَقَرَّبَ إِلَيَّ شِبْرًا تَقَرَّبْتُ إِلَيْهِ ذِرَاعًا وَمَنْ تَقَرَّبَ إِلَيَّ ذِرَاعًا تَقَرَّبْتُ إِلَيْهِ بَاعًا ﴾رواه البخاري.

واته : هەرکەسێك بستێك لێم نزيك بێتەوە ، من باڵێك لێی نزيك دەبمەوە ، وە هەر کەسێك باڵێك لێم نزيك بێتەوە من دوو باڵ لێی نزيك دەبمەوە ، گومان لەوەدا نی یە ئەو نزيك بوونوونەوەیە بە کرداری چاك و گوێڕایەڵی دەبێت .

## ٣- یادکردنەوە و بیر کردنەوە ..

مەبەست لە یاد کردنەوە ، یادکردنەوەی (ﷲ) بە هۆی سیفەتەکانی یەوە بەوەی کە شایستەی گەورەیی و بڵندی ئەو بێت ، هەروەها خوێندنەوەی قورئانەکەی ، ئەمە دەبێتە هۆی بەردەوامی و پەیوەست بوونی دەرون بە بەدیهێنەرەوە ، وە کەم یاد کردنەوەی (ﷲ) دەبێتە هۆی لەبیر کردن و بێئاگایی لە خودی (ﷲ)

لە عمیری کوڕی حبیب کە یەکێك بووە لە هاوەڵانی پێغەمبەر(ﷺ)و( رضي الله عنهم )گێڕراوەتەوە کە فەرمویەتی: ( باوەڕ زیادو کەم دەکات ) ئینجا پرسیان چۆن زیادو کەم دەکات ؟ ئەویش فەرموی: ( هەرکاتێك یادی زاتی (ﷲ) مان کردو سوپاسمان کردو بەخاوێنی رامان گرت ئەوە زیادکردنی باوەڕە ، وە هەر کاتێك بێئاگا بووین لێی و لە بیرمان کرد ئەوە کەم کردنی باوەڕە ) .

جارێکیان ( عبدالله ی کوڕی رەواحە) دەستی یەکێك لە هاوڕێکانی گرتو پێی فەرموو : (هەستە .. وەرە با بچین باوەڕمان گەشە پێ بدەین بە سەعاتێك دانیشتن لە کۆڕی بیرکردنەوەدا ) ئەمە لە روونکردنەوەی قەسیدە ( ابن قیم) دا هاتووە .

هەروەها خوای گەورە هەواڵی داوە کە یادکردنەوەی خودی (الله) لەسیفەتی بڕوادارانە لە هەموو ئاستێکیاندا ، دەفەرموێت :

﴿ٱلَّذِينَ يَذْكُرُونَ ٱللَّهَ قِيَٰمًا وَقُعُودًا وَعَلَىٰ جُنُوبِهِمْ .. ﴿١٩١﴾﴾ آل عمران. واتە: بڕوادار ئەوانەن کە یادی خودی (الله) دەکەنەوە، لەکاتی وەستانو دانیشتنو ڕاکشانیاندا .

بەڵام مەبەست لە بیرکردنەوە: بەردەوام بوون لە سەرنج دانی دروست کراوەکانی خودی (الله)، ئەمەش بە بیرکردنەوە لە بەدیهێنراوەکانی و سەرنج دان لە نیشانە و موعجیزەکانی، ئەمەو لە نیشانەکانی باوەڕ بە خودی (الله) هەست کردنە بە گەورەیی و دەستەڵاتو سیفەتە جوانو بەرزەکانی وە ئەم هەست پێکردنە لە بەردەوامی سەرج دانو تێڕوانینی مەخلوقاتەکانی خودی(الله) و کردارە درەوشاوەکانیەوە سەرچاوە دەگرێت بۆ هەمووان لەم بونەوەرە گەورەدا. لە نێو خەڵکیدا هەن کە کەڕوکوێرانە سەرنجی بونەوەری زاتی (الله) دەدەنو تەنها بە مایەی لەزەتو شەهوەت بازی دەزانن، بەراستی ئەوانە بێبڕوا و بڕوا لاوازەکانن، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَٱلَّذِينَ إِذَا ذُكِّرُوا۟ بِـَٔايَٰتِ رَبِّهِمْ لَمْ يَخِرُّوا۟ عَلَيْهَا صُمًّا وَعُمْيَانًا﴾

الفرقان . واتە: ئەوانەی بڕواداری ڕاستەقینەن کە نیشانەکانی پەروەردگاریان یاد دەخرێتەوە، کەڕوکوێرانە سەرنجیان نادەنو ڕووبوڕوویان نابنەوە ، بەڵکو لە ڕێگەی نیشانەکانی پەروەردگاریانەوە هەست بە گەورەیی و دەستەڵاتو سیفەتە جوانو بەرزەکانی دەکەنو زیاتر بڕوایان پتەو بەهێز دەبێت ، بە پێچەوانەی بێ بڕواکانو باوەڕ لاوازەکانەوە .

کەواتە ئەوانە بڕوادارن کە بیردەکەنەوە لە دروست کردنی ئاسمانەکان‌و زەوی و شتەکانی تر لە دروست کراوەکانی خودی (اللّٰه)و بیرکردنەوەکەیان کەڕوکوێرانە نی یە ، وەکو خوای گەورە لەم ئایەتەدا وەسفیان دەکات :

﴿وَيَتَفَكَّرُونَ فِي خَلْقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ رَبَّنَا مَا خَلَقْتَ هَٰذَا بَٰطِلًا سُبْحَٰنَكَ فَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ ﴿١٩١﴾﴾ آل عمران

واتە : بڕوادارانی راستەقینە ئەوانەن کە بیر دەکەنەوە لە دروست کردنی ئاسمانەکان‌و زەوی و دەڵێن: ئەی پەروەردگارا ئەمانەت بەبێ هودە دروست نەکردووە ، خاوێنی و بێ کەم‌و کورتی هەر شایستەی تۆیە .لە سزای دۆزەخ بمانپارێزە .

# بەشی دووەم

# بەتاڵ کەرەوەکانی باوەڕ

# بەتاڵ کەرەوەکانی باوەڕ

لەمەو پێش ئەوی کە لەسەر بڕوادار پێویستە بڕوای پێ ی بێت و ملەجیڕێ ی لیّ نەکات زانیت، هەروەها ماناو مەبەستی ئەو باوەڕەت زانی کە پەیوەندی بەو کاروبارانەوە هەیە.

لەم بەشەدا قسە لەو کاروبارانە دەکەین ، کە باوەڕی بەندە بەتاڵ دەکەنەوە و لە ریزی باوەڕداران وەدەری دەنێن و دەیخاتە ناو ریزی بێ باوەڕانەوە ، جا روونکردنەوەی ئەم کارە پێویستی بە پێشەکی یەك هەیە دەربارەی بنەماکانی باوەڕو ئیسلام ، واتە ئەو ئاستەی کە ئەگەر بەندەیەکی بەرپرسیار بیگاتێ بە بڕوادار دادەنرێت و بە موسوڵمان دەست نیشان دەکرێت ، وە ئەگەر لێی لا بدات و ئەو سنورە بشکێنێت بە کافر دادەنرێت ــ خوا پەنامان بدات ــ جا لەسەر ئەو بنەڕەتە ئەم بەشە دوو مەبەست و باس لە خۆ دەگرێت ، کە یەکەمیان دادەنرێت بە پێشەکی یەك بۆ دووەم ، کە ئەم دوانەن :ــ

١ــ کەی کافر دەبێت بە بڕوادار؟ ((چۆنیەتی چوونە ناو ئیسلام)) .

٢ــ کەی باوەڕدار دەبێت بە کافر ؟ (( بەتاڵکەرەوەی باوەڕ)).

## (١) کەی کافر، دەبێت بە  بڕوادار؟

لەوەی کە لە پێشەوە باسمان کرد ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە باوەڕو بنچینەکانی ( إجمالی و تفصیلی ) واتە : کوتیو درێژی هەیە ، جا هەر کەس بە کورتە بنچینەکانی باوەڕی زانی دانی نا بە راستیاندا ئەوە لە ریزی موسوڵمانان دەژمێررێت .

خوای گەورە بەهۆی لوتفو سۆزیەوە ، وەك ئاسانکاری یەك بۆ بەندەکانی بەوە رازی دەبێت ، جا هەرکەس باوەڕی هێنا بەوەی کە خودی (ﷲ) پەروەردگارە و محمد پێغەمبەر(ﷺ) رەوانەکراوە، وە بە زمان ئەو باوەڕەی دەربڕی ئەچێتە ریزی باوەڕداران و ئەبێتە شوێنکەوتەی دینی ئیسلام بەو مەرجەی نە بە دەرون نەبەزمانو نە بە وتە ئەوەی کە وتویەتی و دانی پیاناوە نەیشکێنێتو ناتەواوی نەکات ، لە رووی زانینو ئاگایی یەوە ، واتە بزانێت کە ئەو بڕوایە بەوانە ناتەواو دەبێتو پەیمانەکەی دەشکێت ، ئەمە بنچینەی چوونە ناو دینی خوایە .

## بەڵگە بنچینەیی یەکان لەسەر ئەوەی پێشەوە:

ئەوەی کە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ،کە داوا بۆ بڕواداریێتی بڕیاری ئیجمالی یە واتە کورتی یە بە کاروباری باوەڕ لەلایەن بەندەوە، کە ئەویش بڕیاردانی شایەتومانە نەك بڕیاردانی درێژی بە هەموو سیفەتێك لە سیفەتەکانی باوەڕی ئیسلام ، کۆمەڵێك فەرمودەی دروست لەگەڵ رووداوەکانی ژیاننامەکە بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە  پێغەمبەر(ﷺ)  و هاوڕێیانی (رضي الله عنهم) بڕیاریان داوە بەوەی کە هەرکەسێك بە زمان دوو شەهادەکە بدات ئەچێتە ناو ئاینی ئیسلامەوە ، وە

ئیتر لە سەرەتادا داوای لێناکرێت بۆ شتی تر بە درێژی ، ئەمانە هەندێکە لەو بەڵگانە :

## ١. فەرموودەکان :

( أ ) پێغەمبەر(ﷺ) فەرمویەتی : ﴿ **أَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ و إِنِّي رَسُولُ اللهِ ، مَا قَالَها عَبْدٌ غَيرَ شَاكٍ بِهِمَا إلاّ دَخَلَ الجَنَّةَ** ﴾ مسلم.

واتە گەواهی دەدەم کە جگە لە خودی(ﷻ) هیچ خوایەکی دیکە نی یە ، منیش رەوانەکراوی خوام، جا هەر بەندەیەك ئەمە بڵێت و گومانی تیایاندا نەبێت ، دەچێتە بەهەشت .

(ب) پێغەمبەر(ﷺ) دەفەرموێت : ﴿ **مَنْ مَاتَ وَ هُوَ يَعلَمُ أَنَهُ لا إِلَهَ إِلاّ اللهُ دَخَلَ الجَنَّةَ** ﴾ مسلم .

واتە :هەر کەس بمرێتو بە یەقین ئەوە بزانێت کە جگە لە خودی (الله) هیچ خوایەکی تر نی یە ، دەچێتە بەهەشت .

## ٢ - سوننەتو رووداوەکان :

(أ) لە فەرمودە دروستەکانی ملسم دا هاتووە : معاویەی کوڕی ئەلحەکەمی سەلەمی ویستی کەنیزەکێك ئازاد بکات لە کەفارەتی گوناهێکدا ، بۆ ئەو مەبەستە چووە خزمەتی پێغەمبەر(ﷺ)،پێغەمبەر(ﷺ) لە جاری یەکەی پرسی ، ( زاتی (ﷻ) لە کوێ یە ؟ ) کەنیزەکەکە وتی : لە ئاسمانە ، ئینجا لێی پرسی : من کێم ؟ ، وتی : تۆ رەوانەکراوی زاتی (ﷻ)ی، ئیتر پێغەمبەر(ﷺ) بە معاویەی فەرموو : ئازادی بکە .

(ب) پێشەوا مالك لە ( موطأ) دا هێناویەتی کە کوڕی سوەیدی سەقەفی لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) دەگێڕێتەوە کە بە کەنیزەکێکی فەرموو: پەروەردگارت کێ یە؟ ئەویش وتی: (ﷲ) یە ، ئینجا لێی پرسی : من کێم ؟ ، وتی : تۆ ڕەوانەکراوی زاتی (ﷲ)ی، ئینجا پێغەمبەر(ﷺ)فەرمووی : ئازادی بکە چونکە ئەوە بڕواداره .

(جـ) لە چیرۆکی موسوڵمان بوونی ئیمامی ئەبو بەکردا ( ابن كثیر) لە سیرەکەیدا هێناویەتی، أبوبكر توشی پێغەمبەر(ﷺ) بوو پێی وت: ئەی محمد ئایا ئەوە ڕاستە کە قوڕەیش دەیڵێت ؟ کە گوایە وازت لە خواکانی ئێمە هێناوە کاری ئێمەت وەلا ناوە و بە سوکی تەماشات کردووە و باو و باپیرانی ئێمەت بە کافر لەقەڵەم داوە؟

پێغەمبەر(ﷺ) فەرمووی : بەڵێ بەڕاستی و بێگومان من ڕەوانەکراوی خودی (ﷲ)م، ناردومی تا پەیامەکەی ڕابگەیەنم ، وە تۆش بانگ بکەم بۆ لای خودی (ﷲ) و پەرستنی بە تەنها ، کە ئەو هاوبەشی نی یە ، ئیتر جگە لەو کەس مەپەرستە و بەردەوام بە لەسەر گوێڕایەڵی بۆی ، پاشان هەندێ قورئانی بەسەردا خوێندەوە ئیتر ئیسلام بوو، وە بێباوەڕ بوو بە بتەکان دانی بە ڕاستی ئیسلامدانا، گەڕایەوە ناو ماڵو منداڵی بە باوەڕێکی ڕاستو ڕەوانەوە ، ئەوە بوو کە پێغەمبەری خوا(ﷺ) أبوبكری بانگ کرد .

لەو نمونانەوە بە تەواوی ڕوون بوویەوە ، کە بڕیاردانی هەردوو شەهادەکە بە زمان بەڵگەیە لەسەر موسوڵمانێتی و بڕواداریێتی مرۆڤ.

## حەقیقەتی دوو شەهادەکە:

سـەرەڕای ئەوانـەی پێشـوو، هـەروەها ئـەوەی کـە لـە موسـوڵمان بـوونی ( خالیـدی کـوڕی وەلیـد) و (توفـەیلی سـەلەمە) وکەسـانی تـردا هـاتووە لـە هاوڕێیانی پێغەمبەر ، هـەروەها چـەندەها ڕووداوی تـر لـەو جۆرانـە، کۆمـەڵێك فەرمودەی دروست هەموویان بە گشتی بەڵگەن لەسەر یەك شت ، کـە هـەموو زانایانی سوننەت هاوهەڵوێستن لە سەری کە ئەویش ئەوەیە چوونە نـاو دینـی خوا کە ئیسلامە تەنها بە هۆی بڕیاری دووشـەهادەکەوە دەبێت ، کـە لـە دڵـدا جێگیر بێتو بە زمان بوترێت ، ئیتر لە پاش ئەم بەڵگەو دەقانـە هـیچ کەسـێك بۆی نیـە بڕیـاری ناموسوڵمانێتی هـیچ کەسـێك بـدات کـە دانـی نابێـت بـە دوو شەهادەکەدا ، کەواتە دان نان بە یەکێ لـە دووشـەهادەکە بـەس نیـە، بـەڵکو پێویستە بڕیاردان و دان نان بە هەردوو شەهادەکەدا بێت .

وە ئەبێت ئەوە بزانین ، کە هیچ جیاوازی یەك لـە نێـوان زانایـانی ئیسـلامدا نی یە لەوەدا ،کە داننان بە دوو شەهادەکەدا، بە راسـت زانینیـان، ڕزگارکـەری خاوەنەکەی نی یە لە مانەوەی هەمیشەیی لە ئاگرداو ، هەروەها بـەس نـی یـە بۆ چوونە ناو باوەڕی ئیسلامەوە ، خوانەخواستە ئەگەر هاتوو ئەو دان پیانانو بەڕاسـت زانینـە دەسـتەملان بـوون لەگـەڵ تێکشـکاندنی هـەردووکیان یـان یەکێکیان ، بە هیچ جۆرێك فەرمان نادرێت بە ئیمانـداریێتی مرۆڤێـك کـە دێـت و دەڵێت من دان دەنێم بـەوەدا کـە جگـە لـە (ﷲ) هـیچ خوایـەکی تـر نـی یـە و محمدیش ڕەوانەکراوی خودی(ﷲ) یە، بەڵام زەکات یان حەج بە راست نازانم ، ( یان خوانەخواستە) زینـا بـە حـەرام نـازانم ئـیتر لـەو کاتـەدا دووشـەهادەکە

سودی پێ ناگەیەنێت ، چونکە لە هەمان کاتدا شتێکی وتووە ــ خوا پەنامان بدات ــ قورئان کە فەرمودەی خوای گەورەیەو پێغەمبەر(ﷺ)ی بە درۆخستۆتەوە، وە هەروەها هەرکەس لەسەر میللەتی ئیسلام بوو دووشەهادەکە سودی پێ ناگەیەنێت، ئەگەر بنەمایەك یان زیاتری تێکشکاند ، بۆ نمونە:

ئەگەر کەسێك بڕوای بە دووشەهادەکە هەبوو، بەڵام هاوکات ئەیوت: کە پێغەمبەر(ﷺ)بۆ سەر هەموو خەڵکی بەبێ جیاوازی رەوانە نەکراوەو ، رەوانە کردنەکەشی تا رۆژی بوژاندنەوەیە .

لەوەی پێشەوە بە تەواوی روون بووەوە کە داخڵ بوون لە ئیسلامدا تەنها بە دووشەهادەکە دەبێت . بەڵام ئەمە تایبەتە بەو کەسەوە کە لە سەرەتاوە کافر بووە وە تازە دەچێتە ناو ئایینی ئیسلامەوە ئیتر بە دانپیانانی دووشەهادەکەو بە راست زانینیان دەچێتە ریزی موسوڵمانان، بەڵام ئەوەی ــ خوا پەنامان بدات ــ کە موسوڵمان بووە و هەڵگەڕاوەتەوە، ئەوە فەرمان نادرێتەوە بە موسوڵمانێتی تا بڕیار نەداتەوە لەسەر ئەوانەی کە بەرهەڵستی کردووە لە کاروبارو بنەماکانی باوەڕ .

ئەوەی پێویستە ئاگامان لێی بێت لەو باسانەی پێشەوە جێگەی سود لێ وەرگرتنە دەربارەی حەقیقەتی باوەڕو زانایان لەسەری هاوڕان ئەمەیە کەدان پیانانی دووشەهادەکەو بەڕاست زانینیان بە رواڵەت بەسە بۆ ئەوەی ئەو کەسەی کە دووشەهادەکە دەڵێتو بە راستیان دەزانێت دابنرێت بە موسوڵمان ، ئیتر هەربەوە هەموو ئەحکامەکانی دنیایی وەك موسوڵمانێك ئەیگرێتە خۆ، بەڵام ئەوە بەس نی یە بۆ ئەوەی ئەو کەسە رزگار بکات لە ئاگر

، ئەگەر ئـەو وتـن و بەراسـت زانینـە دەسـتەملانی جێبـەجێ کـردن نـەبێت بـە ئەندامەکانی لەش ، هەروەها جێبەجێ کردنەکـەش لـە دڵـدا دەبێـت نیەتەکـە تەنها بۆ خودی(الله) بێت .

## ٢ ـ كـــەی بـاوەڕدار كـــافـــر دەبێت :

### باوەڕ بەتاڵ كەرەوەكان

لە باسەكانی پێشوودا زانیمان كە خەڵكی چۆن دەچنە ناو دینی زاتی(ﷲ) وە ، وە ئەوانەی لە دەرگای باوەڕەوە دەچنە ژوورەوە جۆراجۆرن:

هەیانە كە خوای گەورە لەسەر ئەوباوەڕەی كە بە ویستو هەستی خۆیان بووە، جێگیریان دەكات ( واتە لەسەر لوتكەی باوەڕ)كاتێك كە دەمرێت و ئەوە دووشەهادەكەو بە دڵ بە راستیان دەزانێت ، هەشیانە ـ خوا پەنامان بدات ـ لە باوەڕەكەی وەردەگەڕێتو پاشەو پاش دەگەڕێتەوە ، بەهۆی ملەجیڕێ و چاوچنۆكیەوە .

بەڵام ئەو هۆیانەی كە دەبنە مایەی لەئیسلام دەرچوون ، لەپاش چوونە ناویەوە، كۆمەڵە هۆیەكن پێش ئەوەی یەك بە یەكو بە درێژی باسیان بكەین ، بنەمایەكی گشتی دەخەینە روو كە هەموو زانایانی سوننەتو جەماعەت لەسەری هاوڕان :

### بنـــەماكە :

پیشەوا ( طـحاوي ) دەفەرموێت :

( هەموو ئەوانـەی كـە روو لـە رووگـەمان( قیبلـە) دەكـەن ، پێیـان دەڵـێین موسوڵمانو باوەڕدار مادام دان بنێن بەوەی كـە پێغەمبـەر(ﷺ) هێناویـەتی و هەواڵی لە بارەیەوە داوە و بە راستی بزانن، وە هیچ كەس لە ئەهلی رووگە بـە

کافر دانانێین بە هۆی گوناهێکەوە کە بیکات، مەگەر خوانەخواستە ئەو گوناهە بە رەوا بزانێت وە ئەوەش نالێین کە گوناه کردن زیان بە باوەڕ ناگەیەنێت و زیانی نی یە. وە موسوڵمان لە ئیسلام دەرناچێت مەگەر ملەجیڕێی بنچینەکانی باوەڕ بکات ، وە ئەوەش بە رەوا بزانێت).

لە روونکردنەوەی ئەو بناغەیەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت ،کە بەرنامەدانەر کە خودی (ﷲ)یە، دەرگای چوونە ناو دینی ئیسلامی دیاری کردووە ، کەئەویش وتنی دووشەهادەکەو بەڕاست زانینیانە ، جا هەرکەس لەو دەرگاوە چووە تاو دینی ئیسلام ، دەرناچێتەوە مەگەر بەهۆی وتنێکەوە یان کردارێکەوە یان باوەڕێکەوە ، کە پێچەوانەی ئەو وتن و بە راست زانینە دووشەهادەکە بێت ، لە پاش ئەوە هەرکەس وتن و کرداری دەقاودەقی ئەو باوەڕەی بوو، کە پێچەوانەی باوەڕە دامەزراوەکەی بوو ، ئەوە کافرە ـ خوا پەنامان بدات ـ لە دونیاو قیامەتدا .

وە ئەبێت مامەڵەی وەرگەڕاوی دینی خوای لەگەڵدا بکرێت ، کە لە هەموویان گرنگتر تەوبەکردنیەتی، جا ئەگەر تەوبەی نەکرد دەکوژرێت ( بە چەند مەرجێك ـ وەك زیان گەیاندن بە موسوڵمانان و چوونە ناو ریزی دوژمنان وبوونی دەوڵەتی ئیسلامی وروونکردنەوەی گومانەکانی و ... هتد)و لەوانە دەبێت کە بە هەمیشەیی لە دۆزەخدا دەمێننەوە ، ئەگەر لەسەر ئەو حاڵەتە بمرێت .

بەڵام ئەگەر باوەڕدارێك گوناهێکی ئەنجام دا ئیتر بە وتن بوو یان بە کردار لە شەرعدا بە گوناهبار دادەنرێت ، وە تەنها ئەو گوناهە بەڵگە نی یە لەسەر دەرچوونی لە باوەڕو ئیسلامی یەت ، ئەگەر تەوبەش نەکات، مادام لەو

گوناهەدا بەڵگە نەبێت لەسەر بەتاڵ کردنەوەی دووشەهادەکەی ، ئیتر بە کردنی ئەو گوناهە ئەکەوێتە ویستو بازاڕی خوای گەورە و بیەوێت سزای دەداتو بیەوێت لێی خۆش دەبێت .

## ئەو ئاکارانە دەبنە هۆی دەرچوون لە دینی خوا:

لێرەوە ئەوە دەزانین کە ئەو ئاکارانە دەبنە هۆی دەرچوون لە دینی خوای گەورە ، چەند جۆرێکە کە هەموویان دەگەڕێنەوە سەر ئەو بنەما گشتی یەی کە لە پێشەوە باسمان کرد ، جا ئەتوانین لەم چوار خاڵەدا کۆیان بکەینەوە و دەست نیشانیان بکەین و بە درێژی باسیان بکەین :

(١) چەشنێك کە ملەجیڕێ کردنی پەروەردگارێتی خودی (اللَّهُ) و تانەلێدانی دەگرێتەوە .

(٢) چەشنێك کە ملەجیڕێ کردنی سیفەتو ناوە جوانەکانی خودی (اللَّهُ) و تانەلێدانی دەگرێتەوە.

(٣) چەشنێك کە تانەلێدانی خوایەتی خودی (اللَّهُ) دەگرێتەوە .

(٤) چەشنێك کە ملەجیڕێی پەیامی ئیسلامو تانەلێدانی و لەکەدار کردنی پێغەمبەر(ﷺ) دەگرێتەوە.

### یەکەم :

لەسەرەتادا ئەوەمان زانی کە یەکەم چەشنی یەکتاناسی، یەکتاناسینی خودی (اللَّهُ) یە، لە پەروەردگاریەتی و خاوەنێتی دا، ئەویش باوەڕ بەوەی کە خودی (اللَّهُ) پەروەردگاری هەموو شتێکە و خاوەنیەتی، کەوابوو هەموو وتنو

بڕوایەك كە ملەجیرێی ئەو پەروەردگاریتی یە یان هەندێكی بكات ئەوە كوفرە و وەرگەڕانە لە باوەڕ ، جا لەوانە ملەجیرێ كردنی بەدیهێنراوی یەتی خودی (ﷲ) ، یان بەدیهێنراویەتی و تەگبیر بدرێتەپاڵ كەسێك یان شتێكی تر جگە لە خودی (ﷲ) ، یان داواكردنی ڕۆزی جگە لە خودی (ﷲ) ، یان وتنی شتێك بەوەی كە خودی (ﷲ) توانای تەسەروفو پارێزگاری دونیای نی یە .

هەروەها هەركەس بانگەشەی تایبەتمەندی یەك لە تایبەتمەندی یەكانی خودی (ﷲ) بۆ خۆی بكات ئەوە لە كوفرو وەرگەڕاو لە باوەڕ دەژمێردرێت، هەروەك فیرعەون وتی: ﴿فَقَالَ أَنَا۠ رَبُّكُمُ ٱلۡأَعۡلَىٰ ﴾ النازعات. واتە: من پەروەردگاری باڵادەستی ئێوەم .

**دووەم :**

خودی (ﷲ)هەندێك ناوو سیفەتی بۆخۆی سەلماندوە و هەروەها پێغەمبەر(ﷺ) ەكەشی ، هەروەها هەندێك سیفاتیشی لە خۆیو پێغەمبەر(ﷺ) ەكەی داماڵیوە ، جا هەركەسێك سیفەتێك یان ناوێك لە ناوە جوانەكانی خودی (ﷲ) كە خوای گەورە بۆ خۆی بڕیاری داوە یان لەسەر زمانی پێغەمبەر(ﷺ)ەكەیەوە هاتووە و سەلماوە لە زاتی (ﷲ) دابماڵێت ئەوە كافر دەبێتو لە بازنەی ئیسلامی یەت دەچێتە دەرەوە ، هەروەها هەر كەس سیفەتێكی ناشرین كە خوای گەورە لە خۆی بەدەركردوە یان پێغەمبەر(ﷺ) لە خوای گەورەی بەدەر كردووە ، بداتە پاڵ خودی (ﷲ) ئەوە دیسان پێی كافر دەبێتو لە دینی ئیسلام دەچێتە دەرەوە، هەروەها

هەرکەس سیفەتێکی ناتەواوی بداتە پاڵ خودی (ﷲ)یان بە سیفەتێك بە یەکێك لە دروست کراوەکان ئەوە هەمدیسان دەچێتە ریزی کافرەکانەوە ــ خوا پەنامان بدات ــ .

## سێهەم :

هەموو وتەو کردارێك دەگرێتەوە کە تانەدان بێت لە خوایەتی خودی (ﷲ) چونکە بەشی یەکەم لە دووشەهادەکە شاهیدی دانە بەوەی کە خودی (ﷲ)تەنها پەرستراوە و شایەنی پەرستنە جگە لەو هیچ کەس‌و هیچ شتێك شایستەی هیچ پەرستنێك نی یە ، جا زۆربەی وەرگەڕان‌و کافربوونی خەڵکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەم چەشنە، زۆربەی خەڵکی لە رابردوو ئێستادا بڕیاری بوونی بەدیهێنەر کە زاتی (ﷲ) یە دەدەن و زۆریشیان تایبەتمەندیەکانی پەروەردگاریەتی و سیفەت‌و ناوە جوانەکانی دەسەلمێنن ، خوای گەورە دەفەرموێت :

﴿وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ خَلَقَهُمْ لَيَقُولُنَّ ٱللَّهُ ۖ فَأَنَّىٰ يُؤْفَكُونَ ﴿٨٧﴾﴾ الزخرف. واتە : ئەگەر پرسیاریان لێ بکەیت کێ ئاسمانەکان‌و زەوی بەدیهێناوە بە دڵنیایی یەو دەڵێن: خوای بەدەستەڵات‌و زانا بەدیهێناون .

جا کەوابوو زۆربەی ئەوانەی کە توشی کوفر دەبن و دەچنە ریزی کافرانەوە هۆی ملەجیڕێ کردنیانە کە تەنها خودی (ﷲ) شایستەیە، کە هەموو خواپەرستی یەکی رووبەڕوو بکرێتەوەو تەنها ئەو بپەرسترێت، جا ئیتر ئەو ملەجیڕێ یانە لەدڵیاندا بێت یان وتن‌و کرداریان بەڵگە بێت لەسەری.

له راستیدا ئەم چەشنە کوفرە خاوەنەکەی دەخاتە دوو چەشنە کوفرەکەی پێشوش ، چونکە هەر کەسێك دانی نا بەوەدا کە خودی(ﷲ) بەدیهێنەرو ڕێکخەری هەموو شتێکە و خاوەنی ناوەجوان‌و سیفەتە تەواوو بەرزەکانە ، ئەم دانپیانانە ئەوەی لەسەر پێویست دەکات، کە دان بنێت بەوەدا کە تەنها خودی (ﷲ)شایستەی خوایەتی تەواوە..

جا ـ خوا نەخواستە ـ ئەگەر کەسێك ملەجیڕێی ئەوەی کرد و کەسێکی تری پەرست یان لە پەرستنەکەیدا کەسێکی تری کردە هاوبەش، ئەوە دانپیانانەکەی بە پەروەردگاریەتی خودی (ﷲ) بەتاڵە ، لە ( تطهیرالاعتقاد)دا هاتووە، کە زانای بەناوبانگ ( **صنعانی**) دەفەرموێت : ( هەرکەس دانی نا بە یەکتایی‌و پەروەردگارێتی خودی (ﷲ) دا پێویستە خواپەرستی تەنها بەشایستەی ئەو بزانێت وتەنها بۆ ئەوی بکات ، خۆ ئەگەر وای نەکرد ئەوا دانپیانانی یەکەمی بەتاڵە ).

لێرەدا ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە شەهادەی ﴿ لا إِلَـهَ إلاَّالله﴾ بە دووشت بەتاڵ دەبێتەوە:

یەکەم: بە شایستە نەبینین‌و بە بەدیهێنەری نەزانین،کە خودی(ﷲ) بپەرسترێت بە هەر چەشنێك لە خوا پەرستی .

دووەم: سەلماندنی ئەو شایستەیی یە بۆ هەر بەدیهێنراوێك لە بەدیهێنراوەکانی خودی (ﷲ).

هەر وتەیەك یان بیروباوەڕ و کردارێك ، یەکێك لەو دووخاڵە بیگرێتەوە، ئەوە خاوەنەکەی دەخاتە ناو کوفرو وەرگەڕانەوە لە دینی خوا .

لەبەر رۆشنایی ئەوەی پێشوودا ، هەرکەس بە وتە یان باوەڕی دەرونی یان کردار ئەوە بنوێنێت بۆ نمونە کە خودی (ﷲ) شایستەی چەمینەوە و کڕنوش نی یە ، ئەوە پێی کافر دەبێت، هەروەها بەوە بێ باوەڕ دەبێت کە لە نرخی خواپەرستی یەکان کەم بکاتەوە، یان گاڵتەیان پێ بکات، ئەگەر بە هەندێکیشیان بێت، چونکە ئەوە بەڵگەیە لەسەری کە خودی (ﷲ) بە شایستە نابینێت بۆ ئەو خواپەرستی یە ، هەروەها هەرکەسێ ملەجیڕێی شایستەیی خودی (ﷲ) بکات بۆ گوێ ڕایەڵی و پەیڕەوی کردنی فەرمانەکانی و دوورکەوتنەوە لەوانەی کە قەدەغەی کردوون ئەوە کافر دەبێت .

لە بەرامبەر ئەوانەوە هەرکەس جگە لە خودی (ﷲ) کەسێکی تری بە شایستە زانی بۆ ئەو خواپەرستیانە ، ئەویش کافر دەبێت، هەروەها هەرکەس خۆی بە شایستەی ئەو خواپەرستیانە بزانێت یان فەرمان بە خەڵکی بدات کە بۆی بکەن ، یان لەبەر خاتری ئەو بیکەن بێگومان کافر دەبێت .

هەروەها ئەوکەسەش کافر دەبێت کە ئەوکەسە بە راست بزانێتو بە داواکەی رازی بێتو ئەو خواپەرستیانە بکات .

هەروەها ئەو کەسەی کە حەز بکات بە چەشنێك لەو خواپەرستیانە بپەرسترێت ، ئەوە کافر دەبێت هەتا ئەگەر فەرمانیش نەدات بە خەڵکی کە عیبادەتی بکەن ، هەروەها هەرکەسێك خۆی بە شایستەی ئەوە بزانێت یاسا دابنێت دژی یاسای خوا بە هۆی ئەوەوە کە بووەتە فەرمانڕەوا و سولگان ئەوە کافر دەبێت ، وە ئەو کەسەی حەق بە خۆی بدات لە حەڵاڵ کردنی حەرام و حەرام کردنی حەڵاڵدا ، لەوانە یاسا دابنێتو بە پێی ئەو یاسایە ، زینا و سوود ( ڕِبا) و مەی خواردنەوە و رووتی ئافرەت رەوا بکات ، یان لابردنی

سزا لەسەر ئەو شتانەی کە خودی (ﷲ) لە قورئان‌و سوننەتدا سزای لەسەر داناون، ( مەگەر لە چوارچێوەی ئیجتیهادی زانایانی ئیسلامدا بێت).

هەروەها هەرکەسێك دان بنێت بە تاغوت و ستەمکاران و یاساو دەستوریاندا لە دژی قورئاندا بێت بە تایبەتی ئەوانەیان کە هەندێك مافیان بەخۆیان داوە ، کافر دەبێت چونکە ئەو مافانە تەنها شایستەی خوای گەورەن ، خوای گەورە دەفەرموێت :

﴿وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولاً أَنِ ٱعْبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجْتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَ..﴾ النحل. واتە : بۆ هەر ئوممەتێك پێغەمبەرێکمان رەوانە کردووە ، تا تەنها خودی (ﷲ) بپەرستن‌و لە گاغوت و ستەمکاران دوور بکەونەوە .

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿..فَمَن يَكْفُرْ بِٱلطَّٰغُوتِ وَيُؤْمِنۢ بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱسْتَمْسَكَ بِٱلْعُرْوَةِ ٱلْوُثْقَىٰ لَا ٱنفِصَامَ لَهَا ۗ وَٱللَّهُ سَمِيعٌ عَلِيمٌ ﴿٢٥٦﴾﴾ البقرە.

واتە : هەرکەس بێ‌باوەڕ بوو بە گاغوت و ستەمکاران و باوەڕدار بوو بە خودی (ﷲ) ئەوە دەستی گرتووە بە دینی راستەقینەوە و لێی جیا نابێتەوە و خودی (ﷲ) ش بیسەر و زانایە .

## چوارەم :

هەموو وتە و کردارێکە کە تانەدان و لەکەدار کردنی پەیامی ئیسلامی پیرۆزیان پێغەمبەرەکەی بگرێتەوە ، چونکە ئەمە بەشی دووەمی شەهادە بەتاڵ دەکاتەوە ، با ئەوە باش بزانین، کە بەتاڵ کردنەوەی ئەم بەشەی شەهادە کە﴿ أشهَدُ أنَّ مُحَمَّداً رَسُولُ اللهِ ﴾ یە بە یەکێك بەم دووخاڵە دەبێت:

یەکەم : تانەدان لە پێغەمبەر(ﷺ) و لەکەدار کردنی .

دووەم : ملەجیڕیٚ کردنی ئەو پەیامەی کە پێغەمبەر(ﷺ) هێناویەتی یان هەندێکیی و شورەیی دار کردنی .

جا ئەوەی کە خاڵی یەکەم دەیگرێتەوە ئەوەیە کە شتێك بدرێتە پاڵ پێغەمبەر(ﷺ)کە پێچەوانەی هەڵبژاردنی بێت ، لەلایەن خوای گەورەوە بۆ راگەیاندنی دینەکەی بۆ بەندەکانی، جا هەر کەسێك تانە بدات لە راستگۆیی و دەست پاکیو داوێن پاکیو دروستی ژیریەتی پێغەمبەر(ﷺ) ئەوا ئەو کەسە کافر دەبێت .

هەروەها هەرکەسێك جنێو بە پێغەمبەر(ﷺ) بدات یان گاڵتەی پیٚ بکات بە خودی خۆی یان بە یەکێك لە رەفتارەکانی ئەوا بێگومان کافر دەبێت .

وە ئەوەی کە خاڵی دووەم دەیگرێتەوە کە ملەجیڕیٚ کردنی هەر شتێکە ، کە پێغەمبەر(ﷺ) هێنابێتی و راگەیاندبێت و سەلمێنرابێت، کە ئەو راگەیاندووە ، جا هەرکەسێك ملەجیڕیٚی هەر شتێك لە قورئان بکات کافر دەبێت ، چونکە ئەوە بەدرۆخستنەوەی پێغەمبەرە(ﷺ) .

هەروەها هەرکەسێك ملەجیڕێی حوکمێك لەو حوکمانەی کە لە قورئان‌و سوننەتدا سەلمێنراوە بکات بێ باوەڕ دەبێت ، بەڵام بیانووی هەیە ئەو کەسەی کە ملە جیڕێی شتێك دەکات کە ناوبانگی لە دیندا پەیدا نەکردووە و کۆمەڵێکی تایبەتی نەبێت لە زانایان کەس نایزانێت تا بۆی روون دەکرێتەوە.

هەروەها هەرکەسێك ملەجیڕێی حوکمێك بکات ، کە ئیجتیهادی یەکێك لە زانایان بێت نەك رای کۆی زانایانی لەسەر بێت ئەوا کافر نابێت .

لە (( شرح النووی علی صحیح المسلم )) دا هاتووە ، کە پێشەوا ( نەوەوی) دەفەرموێت :(بەڵێ وایە هەرکەسێك ملەجیڕێی شتێك بکات لە کاروباری دین ، کە کۆی زانایان هاوڕان لەسەری ئەوەی کافر دەبێت ، بە مەرجێ لەناو موسوڵمانان‌دا بڵاو بووبێتەوە ، وەکو پێنج فەرزەی نوێژو ڕۆژووی رەمەزان و هی تریش ، مەگەر کەسێك بێت تازە باوەڕی هێنابێت و سنورەکانی شەرع نەزانێت ، جا ئەو کەسە ئەگەر لە رووی نەزانینەوە ملەجیڕێی شتێکی کرد لەو شتانە کە رای کۆی زانایانی لەسەر بوو .. کافر نابێت تا بابەتەکەی بۆ روون دەکرێتەوە ) .

# رازی بوون بە کوفر و.. رازی نەبوون بە ئیسلام .. کوفرە

جێگەی سوود پێگەیاندنە، کە بیلێین ئەوانەی ، کە لە پێشەوە باسمان کردن‌و بوونە هۆی بێ بڕوایی چەند نمونەیەك بوون و جگە لەوانە گەلێك شتی تر هەیە کە دەبنە هۆی بێ بڕوابوون –خوا پەنامان بدات– .

جا پێویستە سەرنج بدەینە کارێك ، کە گومان وا دەبرێت ناچێتە ریزی ئەوانەی پێشوو، بەلام لە راستیدا دوو شەهادەکە بەتاڵ دەکاتەوەو ملەجیڕێی یەکتا پەرستی‌و یەکتا ناسین‌و پەیام دەکات ، ئەوەش رازی بوون بە کوفرو رازی نەبوونە بە ئیسلام ، بۆ نمونە : ئەگەر کەسێك بە کەسێکی وت کە ملەجیڕێی دوو شەهادەکەی دەکرد : راست دەکەیت ، یان بە کەسێك کە دووشەهادەکەی بە زمان دەوت ، وت : درۆ دەکەیت ئەوە گومان لە کافر بوونیدا نامێنێت ، ئەگەر چی وتنەکەش بەرامبەر بە کەسی دووەم لە رووی موجامەلەشەوە بێت .

جا لێرەدا چەند شێوازێکی جوێ جوێ هەیە لە گوتار و گوفتارو هەڵوێست کە لە رووی بەڵگەداری یەوە لە رووی شەرع‌و نەریتی خەڵکی‌و زمانەوانیشەوە ، لەوە کەمتر نی یە کە بە یەکێك کە ملەجیڕێی دوو شەهادەکە بکات ، بوترێت : راست دەکەیت : یان بە یەکێك کە بە زمان دووشەهادەکە دەڵێت ، بوترێت درۆ دەکەیت . جا لەو شێوازانە ، وەك ئەمانەی لای خوارەوە :

## یەکەم : رازی بوون بە کوفر ، نمونە :

١ـ بەکافر نەکردنو نەناسینی بێ باوەڕان لە ( مُلحد ) و وەرگەڕاوەو هاوبەش پەیداکەران، یان گومان لە کافر بوونیاندا ، یان راست کردنەوەی بۆچوونێك لە بۆ چوونە بەتاڵو بێباوەڕی یەکانیان، جا هەرکەس کوفرێکی ئاشکرای لە کەسێك یان کۆمەڵێك یان حزبێك یان هۆزێك یان دینداریك لە دینەکانی تر بینیو زانی و باوەڕی وا بوو کە ئەوانە کافر نین ، یان وەرگەڕاوە نین، یان باوەڕی وابوو کە هەندێك لە بۆچوونەکانیان دروستە، ئەوە بێ گومان داخڵی کوفر دەبێت و وەك ئەوانی لێ دێت واتە کافر دەبێت ــ خوا پەنامان بدات ــ ..

بەڵام پێش ئەوەی فەرمان بدرێت بە کافر بوونو وەرگەڕانی ئەو کەسە لە دین پێویستە لەسەر موسوڵمانێکی شارەزا، کە هۆی کافر بوونو وەرگەڕانی ئەو کەسانەی بە بەڵگە بۆ روون بکاتەوە تا بە تەواوی ئەو کافر بوونەی بۆ روون ببێتەوە، چونکە زۆر لەو هۆزو حزبانە کوفریان بۆ خەڵکی بە گشتی روون نی یە،ئەوەش هەیە کافرێتی هەندێك هۆزو کۆمەڵ ئاشکراو بەناوبانگە ، لە نێوان خەڵکیدا و گومانی تێدا نی یە وەك : جولەکە و گاورو ئاگرپەرستەکان .

جا هەرکەس ملەجیڕێی کافرێتی ئەوانە بکات ، ئەوە هەر لە سەرەتادا خۆی کافر دەبێت. جا ئەوەی کە بە مەرج دادەنرێت بۆ بەکافر زانینی ئەم جۆرە لە خەڵکی ئەوەیە کە بێ باوەڕ بن بە شتێك کە زانایان لە سەری هاوڕا بن ، کەوابوو ئەگەر ئەو شتە جێگەی جیاوازی رای زانایانی بەناوبانگو متمانە پێ کراوبوو ، وەك ئەوەی هەندێ لە زانایان رایان وابوو ، بەتاڵ کەرەوە نی یە

، ئەوە ئیتر شیاو(جائز) نی یە بەکافر زانینی ئەوەی کە بە کافریان نازانێت ، وەك بە کافر زانینی کۆمەڵی ( خوارج و هەندێ کۆڕ و کۆمەڵی تر ) کە زانایان لە سەری هاوهەڵوێست نین‌و جێگەی جیاوازییانە .

٢- دۆستایەتی کردنی کافران‌و دەربڕینی هاوڕایی لەسەر دینەکەیان:

لەمەو پێش زانیووتە کە واتەی (لا إلَهَ إلاّالله ) خوا پەرستی و مل کەچ بوون جگە لە خودی (الله)بە شایستەی کەسی ترو هیچ شتێکی تر دانانێت ، وە لە سەرو هەموو ئەو بەڵگانەوە، کە ئەو شایستەیی یەی بۆ خودی (الله) سەلماندووە ، ئەم ئایەتە قورئانی یەیە کە دەفەرموێت :

﴿أَنِ ٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَٱجۡتَنِبُواْ ٱلطَّٰغُوتَ﴾.. ﴿٣٦﴾ النحل.

واتە : تەنها خودی (الله) بپەرستن‌و دوور بکەونەوە لە پەرستنی بت و گاغوتەکان. لەگەڵ ئەم دوو سەلمێنەرەدا ، ئەو هەڵوێستەی کە هاوڕایە لەگەڵ دووشەهادەکەدا دەست نیشان دەکرێت ، بەرامبەر دوژمنایەتی خودی (الله) و دینەکەی لە کافران‌و هاوبەشی پەیداکران و وەرگەڕاوەکان لە دین ، ئا ئەوەیە کە پێویستە موسوڵمان هەڵوێستی تیا وەربگرێت‌و لێی لانەدات ، لەگەڵ پارێزگاری دینەکەی لە موعامەلات کردن لە گەڵیاندا و دامەزراندنی پەیوەندی یەکان لە گەڵیاندا .

جا ئەوە ئەو سنورەیە ، کە هەر موسوڵمانێك تێی بگات، نابێت هەڵوێستێك وەربگرێت کە گونجاو و هاوڕا بێت لەگەڵ دینەکەیانداو ، یارمەتی دان بۆ سەرکەوتنیان بە سامان یان هەر شتێکی ترو دۆستایەتی کردن‌و ، بەو

هۆیەوە دۆستایەتی لەگەڵ موسوڵمانان ببڕێ و فەزڵی پەیوەندی لەگەڵ ئەوان بدات بەسەر پەیوەندی لەگەڵ موسوڵمانەکاندا . قوربانی بدات بە دووەم لە ڕێگەی یەکەمدا ، ئەوە دەبێت بە یەکێك لە بێبڕوایان و لە دینەکەی وەردەگەڕێت ــ خوا پەنامان بدات ــ مەگەر کەسێك بێت کە بە زۆر وای لێ کرابێت، وە زۆربەی ئایەتە قورئانیەکان لە ڕواڵەتدا بەڵگەن لەسەر کوفر و وەرگەڕانی ئەو کەسەی کە بەم پێویستی یە هەڵنەستێتو هەڵویست وەر نەگرێت ، جا ئەگەر بگەڕێیتەوە بۆ ئەو واتەو مەبەستەی کە دووشەهادەکە بەڵگەن لە سەری و کۆت کردەوە لەگەڵ ئەو ڕواڵەتەی کە دەقە قورئانی یەکان بەڵگەن لە سەری ، ئەوا ڕاستی یەکەت بە تەواوی بۆ دەردەکەوێت و ئەوە دەزانیت کە ئیتر تەئویلات و گۆڕانکاری و بۆچوونی جۆراجۆر گونجاو (جائز) نی یە . ئەمەش هەندێ لەو دەقانە :

(أ) خوای بالادەست دەفەرموێت : ﴿لَّا يَتَّخِذِ ٱلْمُؤْمِنُونَ ٱلْكَٰفِرِينَ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِ ٱلْمُؤْمِنِينَ ۖ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ فَلَيْسَ مِنَ ٱللَّهِ فِى شَىْءٍ إِلَّآ أَن تَتَّقُوا۟ مِنْهُمْ تُقَىٰةً﴾ آل عمران .

واتە : خوای گەورە ئەوەی قەدەغە کردووە ،کە باوەڕداران بێباوەڕان بکەنە دۆست ، جگە لە باوەڕداران ، جا هەرکەس ئەوەی کرد ئەوە بەر خەشمو قینی خوای گەورە دەکەوێت ، مەگەر کەسانێك زۆریان بۆ هێنرابێتو ناچار بووبن .

( ئیبنو جەریر) لە لێکدانەوەی ئەو ئایەتەدا دەفەرموێت : (واتە ئەی باوەڕداران هەرگیز بێباوەڕان مەکەنە دۆستو پشتیوانی خۆتان ،وە هاوڕایان

مەبن لەسەر دینەکەیان‌و فەزڵیان مەدەن بەسەر باوەڕداراندا و،هەرگیز ئاگاداریان مەکەن لە کاروبارو نهێنی یەکانی باوەڕداران).

وە خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿إِلَّآ أَن تَتَّقُواْ مِنْهُمْ تُقَىٰةً﴾ ئەوە وەك ئەو فەرمووده وایە کە دەفەرموێت: ﴿ إلاّ مَنْ أُكْرِهَ وَ قَلْبُهُ مُطْمَئِنٌ بالإيْمَانْ﴾ واتە : جگە لەو کەسەی کە زۆری بۆ دەهێنرێت ، بەڵام دڵکەی دامەزراوەبە باوەڕ .

(ب) خوای گەورە و باڵادەست دەفەرموێت : ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَتَّخِذُواْ ٱلْيَهُودَ وَٱلنَّصَٰرَىٰٓ أَوْلِيَآءَ ۘ بَعْضُهُمْ أَوْلِيَآءُ بَعْضٍ ۚ وَمَن يَتَوَلَّهُم مِّنكُمْ فَإِنَّهُۥ مِنْهُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٥١﴾ فَتَرَى ٱلَّذِينَ فِى قُلُوبِهِم مَّرَضٌ يُسَٰرِعُونَ فِيهِمْ يَقُولُونَ نَخْشَىٰٓ أَن تُصِيبَنَا دَآئِرَةٌ ۚ فَعَسَى ٱللَّهُ أَن يَأْتِىَ بِٱلْفَتْحِ أَوْ أَمْرٍ مِّنْ عِندِهِۦ فَيُصْبِحُواْ عَلَىٰ مَآ أَسَرُّواْ فِىٓ أَنفُسِهِمْ نَٰدِمِينَ﴾المائدة .

ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت لەو دوو ئایەتە پیرۆزەدا، کە خوای باڵادەست قەدەغەی موسوڵمانانی کردووە ، لەوەی کە دۆستایەتی جولەکە و گاورەکان بکەن ، وە ئەوەی باس کردووە کە هەرکەس دۆستایەتی یان بکات ئەبێت بە یەکێك لەوان، واتە : هەرکەسێك دۆستایەتی جولەکەیەك بکات ئەبێت بە جولەکە، هەروەها هەرکەس دۆستایەتی گاورێك بکات ئەبێت بە گاور، ئینجا سەرنج لەو بیانووە بدە کە بێ باوەڕان دەیهێننەوە بۆ ئەو دۆستایەتی یەی کە

دەیکەن لەگەڵ جولەکە و گاورەکاندا کە خوای گەورە ئەوبیانووە پەسەند ناکات ، کە ئەویش بیمو ترسیانە لە جولەکە و گاورەکان ، دەربارەی سامانو پلە و پایەی دنیاییان .

جا ئەو سەرنج دانە ئەوەت تێدەگەیەنێت، کە مەبەست لە (إكراه)واتە: بە زۆرو ناچاری کامەیە و سنورەکەی چی دەگرێتەوە و ئیعتیباری پێ دەکرێت .

(جـ) خوای گەورە و باڵادەست دەفەرموێت: ﴿بَشِّرِ ٱلْمُنَٰفِقِينَ بِأَنَّ لَهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا ﴿١٣٨﴾ ٱلَّذِينَ يَتَّخِذُونَ ٱلْكَٰفِرِينَ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِ ٱلْمُؤْمِنِينَ ۚ أَيَبْتَغُونَ عِندَهُمُ ٱلْعِزَّةَ فَإِنَّ ٱلْعِزَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًا﴾النساء / ١٣٨ ـ ١٣٩.

واتە : ئەی موحەممەد (ﷺ) مژدە بە دوو ڕووەکان بدە ، بەوەی کە خوای گەورە سزای ئێش پێگەیەنەری بۆ ئامادەکردوون ، ئەوانە کە بێ باوەڕان جگە لە باوەڕداران دەکەن بەدۆستو جێگەی متمانەی خۆیان ، ئایا دەیانەوی لەوانە ببنە خاوەنی عیزەتو سەربەرزی؟ با دڵنیا بن کە هەموو عزەتو سەربەرزی یەك تەنها بۆ خوایەو لای ئەوەوەیە، جا لەمەوە دەردەکەوێت کە خوای گەورە دۆستایەتی کافرانی کردووە بە تایبەتمەندی یەك لە هەرە تایبەتمەندی یەکانی دووڕووان .

(د)خوای باڵا دەست دەفەرموێت:﴿ لَّا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْآخِرِ يُوَآدُّونَ مَنْ حَآدَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَوْ كَانُوٓا۟ ءَابَآءَهُمْ أَوْ أَبْنَآءَهُمْ أَوْ إِخْوَٰنَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ ۚ﴾ المجادلة / ٢٢ .

واتە : هەرگیز هیچ قەوم‌و کۆمەڵێك نابینیت کە بڕوایان بە خودی (ﷲ) و ڕۆژی دوایی هەبێت، دۆستایەتی لەگەڵ کەسانێك بکەن کە دژایەتی خواو پێغەمبەرەکەی بکەن، جا ئەگەر باوکیان یان جگەرگۆشە و براو هۆزیشیان بن ، دەرکەوت کە خوای گەورە باوەڕی داماڵی لە دڵ‌و دەروونی ئەوانەی کە دڵەکانیان جێگەی خۆشەویستی بێ باوەڕان بێت ، ئەگەر خزمی نزیکیشیان بن ، چونکە هیچ کاتێك خۆشەویستی خودی (ﷲ) و دوژمنانی خودی (ﷲ) لە دڵێکدا کۆنابنەوە ، وەك خوای گەورە دەفەرموێت :

﴿ مَّا جَعَلَ ٱللَّهُ لِرَجُلٍ مِّن قَلۡبَيۡنِ فِي جَوۡفِهِۦۚ ﴾ الأحزاب :٤ .

واتە : خوای گەورە هەرگیز دوو دڵی لە دەروونی مرۆڤێکدا دروست نەکردووە ، تا لە یەك کاتدا دوو مەبەست لە خۆی بگرێت.

## واتای دۆستایەتی بێ باوەڕان:

ئەوانەی پێشەوە هەندێك بوون لەو دەقانەی، کە هەریەکیان بەڵگەیە لە سەر وەرگەڕانی هەر کەس لەوانەی، کە دۆستایەتی بێ باوەڕانو هاوبەشی پەیداکەران دەکات، ئیتر هیچ کەس بۆی نیە بڵێت ، واتەو مەبەستی بێ باوەڕان دیاری نەکراوە، گوایە هەندێك بڕوبیانوو دەهێننەوە بە مەبەستی ئەوەی کە دۆستایەتی بێ باوەڕان پێوەرێك نی یە کە بەهۆیەوە ئەوەی کە بێ باوەڕ دەبێت ، یان ئەوەی کە بێ باوەڕ نابێت بناسرێت ، چونکە خودی (اللّٰه) هەرگیز قەدەغەی بڕواداران ناکات، لە شتێکی دیاری نەکراو و نادیار ، وە فەرمان نادات بە وەرگەڕانی کەسێك لە دین ، بەوەی کە چۆتە ناو کارێکەوە کە دیاری نەکراوە و پەنهانە ، و پێچەوانەی ویستی خوای گەورەیە.

جا ئەگەر وترا واتەی دۆستایەتی چی یە ؟ بزانە و ئاگادار بە ! کە ئەم بێژەیە لە نزیك بوونەوەوە هاتووە، بە جۆرەها مەبەست بەکار دەهێنرێت ، زۆربەیان نزیك بوونەوە بە یارمەتی دانو سەرخستن دەگەیەنن ، وە دۆستایەتی دژی دژایەتی یە و دۆستیش دژی دوژمنە !

جا باوەڕداران دۆستی خودی (اللّٰه) و ، بێ باوەڕانیش دۆستی شەیتانن ، جا لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە دۆستایەتی بێ باوەڕان مانای نزیك بوونەوە لێیان و دەربڕینی سۆزو خۆشەویستی بۆیان ، جا بە وتە یان بە کردار یان بە نیەت بێت ، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ وَلَن تَرْضَىٰ عَنكَ ٱلْيَهُودُ وَلَا ٱلنَّصَٰرَىٰ حَتَّىٰ تَتَّبِعَ مِلَّتَهُمْ ۗ قُلْ إِنَّ هُدَى ٱللَّهِ هُوَ ٱلْهُدَىٰ ۗ وَلَئِنِ ٱتَّبَعْتَ أَهْوَآءَهُم بَعْدَ ٱلَّذِى جَآءَكَ مِنَ ٱلْعِلْمِ ۙ مَا لَكَ مِنَ ٱللَّهِ مِن وَلِىٍّ وَلَا نَصِيرٍ ﴾ البقرة : ١٢٠ .

واته : ئەی موحوممەد (ﷺ) جولەکەو گاور لێت رازی نابن ، تا شوێن ئاین‌و رێبازەکەیان نەکەویت ، جا تۆش بفەرموو رێنمایی و ئاین تەنها رێنمایی و ئاییني خودی (ﷲ) یە ، جا ئەگەر پاش ئەوەی رێنماییت پێ گەیشت‌وشوێن ئارەزووی ئەوان کەوتیت ئیتر لە دۆستایەتی خودی (ﷲ) ویارمەتی و یاریدەدانی بێ بەش دەبیت.

گوێڕایەڵی لەوەی کە ئەوان فەرمانی پێ دەکەن، خوای باڵا دەست دەفەرموێت :﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تُطِيعُواْ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يَرُدُّوكُمْ عَلَىٰٓ أَعْقَٰبِكُمْ فَتَنقَلِبُواْ خَٰسِرِينَ ﴾ آل عمران :١٤٩.

واتە: ئەی ئەوانەی کە باوەڕتان هێناوە ، ئەگەر گوێڕایەڵی ئەوانە بکەن، کە بێ باوەڕ بوون لە دین وەرتان دەگێڕنەوە بۆ کوفر ، بەوەش دەچنە ریزی زەرەرۆ مەندانەوە .

پاڵ دان پێیانەوە،خوای گەورە دەفەرموێت :﴿ وَلَا تَرْكَنُوٓاْ إِلَى ٱلَّذِينَ ظَلَمُواْ فَتَمَسَّكُمُ ٱلنَّارُ ﴾ هود:١١٣ .

واتە: ئەی باوەڕداران پاڵ مەدەنە پاڵ ئەوانەی کە ستەم دەکەن، ئەگینا سزای ئەوان ئێوەش دەگرێتەوە .

مەبەست لە پاڵ پێوە دانیان واتە ئارەزووی دۆستایەتی و رازی بوون بەوەی ، کە دەیخەنە بەر دەستی موسوڵمانانو نەرمو نیانی لە گەڵیاندا و دڵنەوایی کردنو موجامەلەیان لە سەر حسابی دین :

﴿وَدُّواْ لَوْ تُدْهِنُ فَيُدْهِنُونَ﴾ ن :٩. واتە : ئەی موحوممەد (ﷺ)بۆ باوەڕان حەز ئەکەنو ئاواتەخوازن ، کە نەرمو نیان بیت لەگەڵیانداو لە گەڵیاندا بگونجێیت ، ئیتر ئەوانیش نەرمو نیانیت لەگەڵدا دەنوێنن .

هەروەها رێزگرتنی بێ باوەڕانو نزیک بوونەوە لێیان ، ئەچێتە نێوان ئەو بابەتانەی کە باسمان کرد ، بە تایبەت هی فەرمانڕەوایانو راوێژکردنیان لە کاروباری گرنگداو، یارمەتی دانیان لە پیلان دانانو ئاژاوە نانەوە و جێ بەجێ کردنی پیلانەکانیانو هەروەها چوونە ریزی رێکخستنو پەیمانەکانیانو سیخوڕی کردن بۆیانو گوێزانەوەی نهێنی موسوڵمانان بۆیانو کوشتار کردن لە ریزەکانیاندا و بە ئەمین دانانیان لەگەڵ ئەوەدا کە خودی (الله) بە خائن دەست نیشانی کردوون ، هەروەها بە باش زانینی بیرۆکە و پرۆگرامو بۆچوونەکانیانو کار کردن بۆیان.

## ئەو بیانوانەی کە پەسەندن یان ناپەسەندن لەم شوێنەدا:

هەندێك لەوانەی کە دۆستایەتی دەکەن لەگەڵ بێباوەڕاندا بیانوو بەوە دەهێننەوە، کە لە موڵكو سامانو پلەو پایەیان دەترسن ، جا ئەم بیانووە دروست نی یە و خوای گەورە داینانێت بە بیانوو ، وە لێیان پەسەند ناکات ، چونکە ئەوانە هەمووی هەڵخەڵەتاندنی شەیتانو جوان کردنی دنیا و شتەکانی و خۆشەویست کردنیانە لای ئەو کەسانە، ئەوەی گرنگە ئەوەیەکە خوای گەورە و باڵادەست بیانوو لە هیچ کەسێك پەسەند ناکات لە دەربڕینی دۆستایەتی دا بۆ بێباوەڕانو گوێڕایەڵییان و هاوڕاییان لەسەر دینەکەیان ، جگە لە بیانوو یەك کە ئەویش زۆر لێکردنە ،خوای گەورە دەفەرموێت :

﴿ مَن كَفَرَ بِٱللَّهِ مِنۢ بَعۡدِ إِيمَـٰنِهِۦٓ إِلَّا مَنۡ أُكۡرِهَ وَقَلۡبُهُۥ مُطۡمَئِنُّۢ بِٱلۡإِيمَـٰنِ وَلَـٰكِن مَّن شَرَحَ بِٱلۡكُفۡرِ صَدۡرًا فَعَلَيۡهِمۡ غَضَبٌ مِّنَ ٱللَّهِ وَلَهُمۡ عَذَابٌ عَظِيمٌ ﴾ النحل: ١٠٦ .

واتە : هەرکەس بێ باوەڕ بێت بە خودی (ﷲ) لە پاش باوەڕ هێنانی لێی قبوڵ ناکرێت ، مەگەر کەسێك کە زۆری لێ کرابێت ، لەو کاتەشدا دڵی دامەزراو بووبێت بە باوەڕ ، بەڵام هەرکەس بە دڵ بێ باوەڕ بووبێت ئەوا ئەوانە بەر خەشمو قینی خودی (ﷲ) دەکەونو سزای ئێش پێگەیەنەرو گەورە دەچێژن ، جا لەمەوە ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە زۆر لێکردنیش سوود بە کەس ناگەیەنێت خوا نەخواستە ئەگەر کوفر کردنەکەو رازی بوون بە دۆستایەتی یەکە پەیوەست بوو بەدڵەوە ، ئەمە هەرگیز لەلایەن زاتی (ﷲ) وە بە مۆڵەت

دانانرێ بۆ زۆر لێکراو چونکە دەفەرموێت: ﴿ وَقَلْبُهُۥ مُطْمَئِنٌّۢ بِٱلْإِيمَـٰنِ ﴾

چونکە زۆرلێکردن دڵو دەرون ناگرێتەوە و هیچ کەس‌و شتێك دەستەڵاتی بەسەر دڵو دەروندا نی یە ، جگە خودی (ﷲ) بەڵکو ئەو شوێنانەی کە جێگەی زۆر لێکردنە تەنها زمان‌و ئەندامەکانی لەشە وئەو کارانەی کە پێیان ئەنجام دەدرێت کەوابوو هەرکەس بە دڵ دۆستایەتی نیشانبدا بۆ بێ باوەڕان بێ گومان بێ باوەڕە .

## سنوری ئیعتبار پێکراو لە زۆر لێکردندا

واتە : تێگەیشتن لە سنوری زۆرلێکردن لەم شوێنەدا ( مەقامی کوفر).
شیخ الاسلام (إبن تیمیە) لە پێشەوا ( أحمد ) ەوە دەگێڕێتەوە کە دەفەرموێت : (زۆر لێکردن بۆ کوفر کردن نابێت مەگەر بگاتە سزادان بە لێدان یان زنجیر کردن یان هەڕەشەکردن بە کوشتن ، ئەگینا قسە پی وتن‌و زۆر لێکردن بە قسە بە زۆرلێکردن دانانرێت بۆ کوفر کردن و دۆستایەتی بێ باوەڕان )

پێشەوا ( أحمد ) دەفەرموێت : ( ئەگەر ژنێك لە ماڵی مێردەکەیدا مارەیی یەکەی بەخشی بە مێردەکەی بۆی هەیە لێی پەشیمان ببێتەوە مەگەر بترسێ لەوەی ئەگەر پەشیمان ببێتەوە تەڵاقی بدات یان خراپ بێت لە هاوسەرێتی لەگەڵیدا، جا ترسی تەڵاقدان دادەنرێت بە زۆر لێکردن، بەڵام ئەم جۆرە زۆر لێکردنە بە زۆر لێکردن دانانرێت بۆ کوفر کردن) ، جا دەفەرموێت : (ئەگەر بەندەیەك ترسا لەوەی کە بێ باوەڕان نەهێڵن ژن بهێنێت یان بەر بەستیان

کرد لە نێوانی و نێوانی ژنەکەیدا ، ئەمە ڕێگەی پێ نادات کە بە زمان کوفر بکات ) ئەمە لە ( مجموعە التوحید) ەوە وەرگیراوە.

جا پێشەوا ( احمد) ڕای وایە و ( إبنُ تیمیّە ) یەش هاوڕایەتی، کە زۆر لێکردن لەم جێگەیەدا واتە : دەربڕینی کوفر ، جا بە زمان بێت یا دۆستایەتی کردنی بێ باوەڕان بێت دانانرێت بە زۆر لێکردن مەگەر بگاتە سزادان بە لێدان وکوشتن و زنجیر کردن ، بەڵام جگە لەمانە و نمونەیان ، لە تەماع خستنە بەردەم یان دانانی لە پلەو پایەیەکی دونیاییدا یان لە ترسی سامان و منداڵ و نیشتمان و...هتد ، بە دڵنیایی لێی پەسەند ناکرێت و سودی پێ ناگەیەنێت ، هەتاوەکو کوفر یان دۆستایەتی بێ باوەڕان بکات .

ئەمەو دەقە پێشوەکانیش بەڵگەن لەسەر ئەوە ، کە قەدەغەیە لەسەر موسوڵمان دۆستایەتی بێباوەڕان بکات وە دۆستایەتی کردنیان دا دەنرێ بە هۆیەك لەهۆیەکانی کافر بوون و وەرگەڕان لە دین ـ خوا پەنامان بدات ـ.

جا خودی (ﷲ) بڕیاری ئەوەی داوە کە خۆشەویستی دونیاو کار کردن لەبەر خاتری خۆشی و جوانیەکانی سوود بە خاوەنەکەی ناگەیەنێت، خوا نەخواستە ئەگەر شتێکی لێ دەربکەوێت کە کوفر کردن لەو ڕێگەیەدا بە پێویست بزانێت ، خوای گەورە دەفەرموێت :

﴿ذَٰلِكَ بِأَنَّهُمُ ٱسْتَحَبُّوا۟ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا عَلَى ٱلْـَٔاخِرَةِ وَأَنَّ ٱللَّهَ لَا يَهْدِى ٱلْقَوْمَ ٱلْكَـٰفِرِينَ﴾النحل:١٠٧ . واتە: ئا ئەوەیە کە ئەوان خۆشەویستی ژیانی

دنیا دەدەن بەسەر ژیانی هەمیشەیی دوارۆژدا، با دڵنیا بن کە خوای گەورە ڕێنمایی کۆمەڵی بێباوەڕان ناکات .

وە گومان لەوەدا نی یە کە دۆستایەتی بێباوەڕانو دەربڕینی خۆشەویستیو سۆز بۆیان و فەزڵ دانیان بەسەر خۆشەویستی خودی (ﷲ) و پێغەمبەرەکەی و کۆشش کردن لە ڕێگەیدا ، نمونە بۆ ئەمە ئەم فەرمودەیەی خوای گەورەیە :

﴿ لَّا تَجِدُ قَوْمًا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْأَخِرِ يُوَآدُّونَ مَنْ حَآدَّ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ وَلَوْ كَانُوٓاْ ءَابَآءَهُمْ أَوْ أَبْنَآءَهُمْ أَوْ إِخْوَٰنَهُمْ أَوْ عَشِيرَتَهُمْ ﴾المجادلة: ٢٢ .

واتە : ئەی موحوممەد (ﷺ)هیچ قەومێك نابینیت کە باوەڕیان بە زاتی (ﷲ) و ڕۆژی دوایی هەبێت، دۆستایەتی بکەن لەگەڵ کەسێکدا ، کە دژایەتی خواو پێغەمبەرەکەی بکات خۆ ئەگەر باوکیان یان جگەرگۆشەو براو هۆزیشیان بن..

کەوابوو ئیتر بیانوو نی یە بۆ هیچ مرۆڤێکی موسوڵمان کە دۆستایەتی بێباوەڕان بکات لە ترسی ماڵو سامانو گیانو هی تریش، هەرچەندە زۆر لەخەڵکی ئەمڕۆ کە ئەو جۆرە بیانوانە دێننەوە، بڕوانە چۆن خوای گەورە بیانووی ئەو جۆرانە ڕەد دەکاتەوە کە دۆستایەتی جولەکەو گاوران دەکەن کاتێك ، کە دەڵێن : ﴿ نَخْشَىٰٓ أَن تُصِيبَنَا دَآئِرَةٌ ﴾واتە : ئەترسین کە بیمو ترسمان توش بێت لێیانەوە .ئا ئەمە حاڵی زۆربەی وەرگەڕاوانە لە دینی خوا ، کەلەم ڕۆژگارەدا گیرۆدەی ئەم بەڵاو فیتنەیە بوون، سەرنج بدە چ لەیەك

چوونێك هەیە لە نێوان بیانوی کافرانی ئەمڕۆ لەگەڵ کافرانی دوێنێ ، ئەبینیت هەمان بیانوو دێننەوە، ئەوەتا ئەمڕۆ رووت تێ دەکاتو پێت دەڵێت: چۆن دۆستایەتی فلان کەسو حزب نەکەین ، کە پارێزگاری دەکرێن لەلایەن فلان دەوڵەتی زلهێزەوە ، لەگەڵ ئەوەدا، کە ئێمە ناتوانین بەرامبەریان راوەستین ، ئەم دەقانە و هی تریش بەڵگەن لە سەر ئەوەی کە خودی (الله) بیانوو لە هیچ کەسێك پەسەند ناکات لە دۆستایەتی کردن لەگەڵ بێباوەڕاندا ، مەگەر حاڵی وەك حاڵی (( عەمماری کوڕی یاسر )) بێت .

ئەمە و پێویستە کە زۆرلێکراو لە ژێر دەستەڵاتی بێباوەڕاندا بێتو دەستەڵاتیان بە سەریاندا هەبێت ، ئەو کاتە بۆی هەیە لەکاتی زۆر لێکردنەکەدا کوفر بکاتو دۆستایەتیان بکات، و هەرکات سزای لەسەر نەماو تەواو بوو بۆی نیە بگەڕێتەوە بۆ کوفر کردنو دۆستایەتیان ، جا ئەگەر سەرلەنوێ گەڕانەوە بۆ سزادانی ئەوا ئەویش بۆی هەیە بگەڕێتەوە سەر کوفر ، وەك لە پێغەمبەر(ﷺ) هوە هاتووە ، کە بە عەمماری کوڕی یاسری فەرموو : ( ئەی عەممار ئەگەر گەڕانەوە سەر سزادانت تۆش بە وتنی کوفر خۆت لە دەستیان رزگار بکە ) .

ئەمە و وەك وتمان پێویستە کە زۆرلێکراو لەژێر دەستەڵاتی بێباوەڕاندا بێت ، ( إبن القدامە حنبلی ) لە موغنی دا فەرمویەتی : ( ئەگەر سەلمێنرا کە زۆر لێکراو لە دوای سزادانی کافر نەبووبوو، واتە موسوڵمانێتی خۆی دەربڕی و رایگەیاند کە دڵی دامەزراو بووە بە باوەڕ، ئەوە ماوەتەوە لەسەر ئیسلامەتی و موسوڵمانە ،خۆ ئەگەر خوا نەخواستە لە دوای تەواو بوونی سزاکەی هەر کوفری دەرئەبڕی ئەوە فەرمان دەدرێ بە کافر بوونی هەر

لەو کاتەوە کە بە زمانی کوفری کردووە یان دۆستایەتی بێباوەڕانی دەربڕیوە، چونکە ئەوە دیارە کوفرەکە یان دۆستایەتی یەکەی بۆیان دڵیشی گرتۆتەوە، بە هەر حاڵ چاکتر وایە بۆ ئەو کەسەی کە زۆری لێدەکرێت تاکو کوفر بکات یا دۆستایەتی بێباوەڕان بکات و هاوڕا بێت لەسەر دینەکەیان ، کە ئارام بگرێت لەسەر ئەو ئازارو سزاو خۆی بە دەستەوە نەدات ئەگەر مایەی لەناوچوونیشی بێت.

بوخاری دەگێڕێتەوە، کە ( خوباب ) لە پێغەمبەرەوە(ﷺ) گێڕاویەتی یەوە کە فەرمویەتی: ﴿**قد كان من قبلكم ، يؤخذ الرجل فيحفر له في الأرض ، فيجعل فيها ، فيجاء بالمنشار فيوضع على رأسه فيجعل نصفين ، ويمشط بأمشاط الحديد ، ما دون لحمه وعظمه ، فما يصده ذلك عن دينه**﴾.

واتە : ئەی موسوڵمانینە لە پێش ئێوەدا پیاوێك دەگیراو چاڵی بۆ هەڵدەکەنراو تێی فڕێ دەدرا ئینجا مشاریان دەهێنا لە سەریەوە دوولەتیان دەکرد و بە شانەی ئاسن گۆشتەکەیان لە ئێسکەکەی جیا دەکردەوە، بەڵام ئەو حاڵەش وای نەدەکرد کە لەدینەکەی وەرگەڕێت ، وە ئەوەی لە فەرمودەی دروست دا هاتووە دەربارەی (( هاوڕێیانی خەندەق )) کە ئاگری کڵپەداریان هەڵدەبژارد لە ڕێگەی پاراستنی دینەکەیاندا لە جیاتی ژیان لە ژێر سایەی کوفردا ، شاهیدو پشتگیری فەرمودەکەی پێشووە .

پێشەوا ( قورتوبی ) لە تەفسیرەکەیدا دەفەرموێت : (زانایان کۆن لە سەر ئەوە کە ئەگەر کەسێك زۆری لێکرا بۆ کوفر و ئەویش لە دەست دانی گیانی

هەڵبژارد لە جیاتی مۆڵەتە شەرعی یەکە، ئەوە پاداشتی لای زاتی (ﷲ) زۆر زیاتر دەبێت ) .

## دووەم : رازی نەبوون بە ئیسلام :

لێرەدا باسی دوو رواڵەت لە رواڵەتەکانی رازی نەبوون بە ئیسلام دەکەین ـ خوا پەنامان بدات ـ کە خاوەنەکانیان بەرەو کوفر و وەرگەڕان دەبەن ، کە ئەمانەن :

(١) / گاڵتە کردنو سوکایەتی کردن بە شتێکی دیاری ئیسلام وەك : گاڵتەکردن و سوکایەتی کردن بە خودی (ﷲ) و پێغەمبەرەکەی ( ﷺ ) و پەڕاوەکانی یان باوەڕداران بە هۆی باوەڕەکەیانەوە ... هتد ، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ قُلْ أَبِاللَّهِ وَآيَاتِهِ وَرَسُولِهِ كُنتُمْ تَسْتَهْزِئُونَ * لَا تَعْتَذِرُوا قَدْ كَفَرْتُم بَعْدَ إِيمَانِكُمْ ﴾ التوبة :٦٥ ـ ٦٦ .

واتە : ئەی موحوممەد پێیان بڵێ ئەوە گاڵتە بە خودی (ﷲ)و نیشانە ( قورئانەکە)ی و پێغەمبەرەکەی دەکەن ، ئیتر بیانوو مەهێننەوە ، چونکە بیانوتان لێ وەرناگیرێت ئێوە بەو کارەتان کافر بوون لە پاش ئەوەی کە باوەڕتان هێنابوو.

جا وێنەی گاڵتە کردنو سوکایەتی کردن زۆرن و لە ژمارە نایەن ، گرنگ ئەوەیە هەموویان بەڵگە بن لە سەر سوکایەتی بە ئاینو رازی نەبوون بە ئاین بە گشتی، یان بەشێك لە ئاین ، جا جاری وا هەیە ئەو سوکایەتی کردنە بە گوفتارە ، جاری واش ئەبێت بە کردارو جموجوڵ و ئاماژە بۆ کردن .

(٢) دەربڕینی بێزاری و تووڕەبوون لە کاتی یاد کردنەوەی خودی(الله) وپێغەمبەرەکەی( ﷺ) دا ، یان خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز یان باس کردنی شتێك لە کاروباری ئایین ، خوای گەورە دەفەرموێت :

﴿ وَإِذَا تُتْلَىٰ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتُنَا بَيِّنَٰتٍ تَعْرِفُ فِى وُجُوهِ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ٱلْمُنكَرَ ۖ يَكَادُونَ يَسْطُونَ بِٱلَّذِينَ يَتْلُونَ عَلَيْهِمْ ءَايَٰتِنَا ﴾ الحج :٧٢ .

واتە : بێ باوەڕان کاتێك نیشانەو بەڵگە ئاشکراکانی ئێمەیان بەسەردا دەخوێنرێتەوە (مەبەست لە قورئانە)، لەنێوچاوانی بێباوەڕاندا نیشانەی بێزاری دەردەکەوێت و دەبینرێت ، تا وا ئەبێت خەریك دەبن پەلاماری ئەوانە بدەن کە نیشانە و بەڵگەکانی ئێمەیان بە سەردا دەخوێننەوە .

بەڵگە و دەقنامەی هەندێك لە زانایان دەربارەی ئەو شتانەی کە هۆکارە بۆ وەرگەڕان لە باوەڕدا، جێگەی سوود وەرگرتنە لە کۆتایی ئەم باسەدا ، کە باسی بەڵگە و دەقنامەی هەندێ لەزانایان بکەین ، دەربارەی ئەو گوفتار و کردارو بیروباوەڕانەی کە دەبنەهۆی دەرچوونی خاوەنەکانیان لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام ـ خوا پەنامان بدات ـ جا با براو خوشکی باوەڕدار بزانێت ئەوەی کە زانایان هاوڕان لەسەری ئەوە بە دڵنیایی خاوەنەکەی لە ئیسلام بە دەردەچێت ، وە ئەوەش کە زانایان تیایدا رای جیاوازیان هەیە کەمتر نی یە لەوەی کە گوناهێکی گەورەیە لە گوناهە گەورەکان:

١ـ لە پەڕاوی ( الزواجر ) دەربارەی کردنی گوناهە گەورەکان ( إبن الحجر الهيثمي )دەفەرموێت : (لەچەشنەکانی کوفر و هاوبەش دانانە، کە مرۆڤێك

سور بێت لەسەر شتێك ئیتر لە کۆن یا ئێستادا ، بە زمان بێت یان بە دڵ، ئەگەر ئەو شتە لە رووی ژیریشەوە بێ ئاکام بێت ، یا بە پێویستی بزانێت کە باوەڕی وابێت بەو شتە بە کردار یا بە زمان بیڵێت ، مادام زانایان هاو هەڵوێست بن لەسەر ئەوە، کە ئەو شتە کاروباری بێ باوەڕانە و لەباوەڕدارارنەوە هەرگیز دەرناکەوێت، هەر کە لەو مرۆڤەوە دەرکەوت بێ باوەڕە جا ئیتر لە رووی باوەڕەوە بێت یا لە رێی ملەجیڕیو سوکایەتی یەوە بێت نمونەی ئەوە وەك ئەوەی کە (( باوەڕی وا بێت کە ئەم جیهانە کۆنە و ئەزەلی یەو هەر بووە و هەر دەمێنێت کـــە ئەمە راســتەوخۆ پێچــەوانەی بیـروباوەڕی ئیسلامی یە )).

ئینجا ( **إبن الحجر** ) لەسەر ئەو بنەمایە درێژە بە باسەکە دەداتو دەفەرموێت : (بۆمان روون دەبێتەوە کە هەر کەسێك کارێك ئەنجام بدات کە زانایان لە سەری هاوڕابن کە ئەو کارە لە بێباوەڕەوە نەبێت دەرناکەوێت ، با موسوڵمانێتی خۆیشی ئاشکرا کردبێتو شەهادەی هێنابێتو خۆی بە موسوڵمان بزانێت (کافر) بێباوەڕ دەبێت، لەوانە وەك :

ڕۆیشتن بۆ کەنیسەکان لەگەڵ بێباوەڕاندا و بە هەمان جلو بەرگو خۆڕازاندنەوەی ئەوانە وە و هاوبەشی ئاهەنگەکانیان بکات ، وەك ئاهەنگی شەوی لەدایك بوون ( عید المیلاد ) یان فڕێدانی پارچە کاغەزێك پیسی یەك کە ناوێك لە ناوە جوانەکانی خوای لەسەر بێت ، یان شتێك کە قورئانی تیا نوسرابێتەوە ، یان گومانی هەبێت لە پێغەمبەرایەتی پێغەمبەرێکدا یاخود حەلاڵێك حەرام بکاتو بە رەوای بزانێت ، یان قسەی ناشرین بە پێغەمبەر محمد( ﷺ ) یان هەرکام لە پێغەمبەران ( عَلَيْهِمِ السَّلَامُ ) بڵێت یان نەفرەتی

لیّ بکات ،یان سوکایەتی پیّ بکاتو شتی وەها بداتە پالّی کە شایستەی ئەو نەبیّت لە ریّگەی زەم کردنی یەوە) .

دیسان دریّژە بە باسەکە دەداتو دەفەرمویّت : ( یان رازی بیّت بە کوفر ئەگەر راستەوخۆش نەبیّت ، وەك ئەوەی ئاماژە بکات بۆ بیّباوەڕیّك کە نەچیّتە ناو ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە ئەگەر راویّژیشی پیّ نەکات ، یاخود بلّیّت باوەڕدار درۆ دەکات ، یان دەنگی بنویّنیّ بە دەنگی کوفر، یان سوکایەتی بە بانگ بکات ، یان بلّیّت ئیتر بەسە تیّر بووم لە قورئانو نویّژو یادکردنەوە ... هتد) .

٢ـ لیّرەدا دەچینە خزمەت پیّشەوا ( إبن تیمیە ) بزانین دەربارەی ماناو مەبەستی ئەم فەرمودەیەی خودی (ﷲ) چی دەفەرمویّت :

﴿ وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ فَأُوْلَـٰٓئِكَ هُمُ ٱلْكَـٰفِرُونَ ﴾

المائدە: ٤٤ . واتە : (گومان لەوەدا نی یە کە هەر کەس باوەڕی نەبیّت بە فەرمانڕەوایەتی ئەوەی کە لەلایەن خوای گەورەوە بۆسەر پیّغەمبەر( ﷺ) هاتۆتە خوارەوە ئەوە بیّباوەڕە ).

جا هەر نەتەوەیەك فەرمان بدات بە دادوەری لە فەرمانڕەواییدا ئەوە بەبیّ گومان ئەو دادوەری یە لە ئاینەکەیانەوە فەرمانیان وەرگرتووە و کاری پیّ دەکەن ، زۆر جاری وا دەبیّت خەلّکانیّك، کە خۆیان بە موسولّمانو پەیڕەوکاری ئیسلام دەزانن بە پیّی نەریتی کۆمولاّیەتی خۆیان ، کار دەکەن، کە خوای گەورە لەو بارەیەوە هیچی نەناردۆتە خوارەوە ، کە دلّنیای کردبیّتن

که شتێکی باشه ، کەچی خۆیان بە پێویستی دەزانن  کە کارپێکردنی چاکتر لەوەی کە لە قورئانو فەرموودەدا هاتووە ، دەی ئیتر ئائەوە کوفرە .

( حـافـظ إبن الكثـير )لە تەفسـیری ( إبن الكـثـير)دا دەربارەی فەرمودەی خودی (اللهُ) :﴿ أَفَحُكْمَ ٱلْجَٰهِلِيَّةِ يَبْغُونَ ﴾ المائدة : ٥٠ .

واتە : ئایا فەرمانڕەوایی نەفامیتان  دەوێتو مەبەستتانە، دەفەرموێت : خوای گەورە بە رەوای نازانێتو رازی نابێت بۆ هیچ کەسێك کە دەرچێت لە فەرمانڕەوایەتی خوای گەورە   ، کە هەموو چاکی یەکی تیایە بۆ شوێن کەوتووانی و قەدەغەیان دەکات لە هەموو خراپەیەك، هەروەها دەرچوون لە دادوەری ئەو بۆ دادوەری یەکی ترکە بە پێی ویستو ئارەزووی پیاوانێك دانراوە کە نمونەی سەرلێشێواوی و نەفامی یەو تەنها لە خزمەتی ئەوانەدایە کە دایان ناوە و فەرمانڕەوایەتی پێدەکەن وەك ((یاسف)) کە کۆمەڵە یاسایەکی پادشایەتی بوو کە (تەتەرەکان) لە پاشاکەیانەوە (جەنگیزخان) وەریان گرتبوو کاریان پێ دەکرد .

شێخ (أحمد یاسر) لەسەر فەرموودەکەی (إبن الكـثـير) دەفەرموێت : (ئەڵێم ئایا لەگەڵ ئائەوەدا و لە یاساو بەرنامەی خوادا رێگەی پێ دەردێت ، کە موسوڵمانان لە وڵاتانی خۆیاندا فەرمانڕەوایەتی بکەن بە یاساو دەستورێ کە لە یاساو دەستوری ئەوروپایی بێباوەڕەوە وەرگیراوە؟ بە راستی موسوڵمان هەرگیز بە درێژایی مێژوو توشی ئەو بەڵایە نەبوون ، مەگەر تەنها لە سەردەمی تەتاردا بوویێت ،کە ئەو سەردەمەش بە خراپترین سەردەمەکانی ستەمو تاریکی دادەنرێت ، لەگەڵ ئەوەشدا کە موسوڵمانان مل کەچی

تەتارەکان‌و یاساکەیان نەبوون‌و بەڵکو بە یارمەتی خوای گەورە بە سەریاندا زاڵ بوون‌و یاساو دەستورەکانیان وەلا خستن‌و هێنانیانە ژێر فەرمانڕەوایەتی ئیسلام‌و یاسای ئیسلامەوە .

بەڵام بێ گومان موسوڵمانان ئێستاو لەم سەردەمەدا لە خراپترین ئاستی ستەم‌و تاریکی دان لەچاو سەردەمی تەتارەکان، چونکە زۆربەی وڵاتە ئیسلامی یەکان کار بە یاساو دەستورێك دەکەن ، کە راستەوخۆ دژایەتی بەرنامەو یاسای خوای گەورەیە، کە ئەچوێنرێت بە ( یاسف ) کە پیاوێکی بێباوەڕ دایناوبوو ) .

٣ـ لە فەتوای زانایان دەربارەی هەندێك لەوهۆزانەی کە وەرگەڕاون لە ئایینی ئیسلام ئەم وەڵامەی ( إبن تیمیە ) دێنین لە وەڵامی پرسیارێکدا فەرموویەتی دەربارەی هۆزی ( نەصیری یە) لێی کراوە، جا دەفەرموێت :( سوپاس‌و ستایش بۆ پەروەردگاری جیهانیان، ئەو هۆزەی کە پێی دەوترێت ( نوصەیری یە) ئەوان‌و جۆرەکانی تری ( قەرامتیە باتنیەکان) بێباوەڕترن لە جولەکەو گاورەکان ، بەڵکو بێباوەڕتریشن لە زۆربەی هاوبەش پەیداکەران، ئەمانە زەرەرو زیانیان بۆ موسوڵمانان زیاتر و گەورە ترە لە زەرەرو زیانی ئەو بێباوەڕانەی کە دژایەتی ئیسلامیان کردووە وەکو تەتارەکان‌و هی تریش وەك ئیفرەنجی یەکان..

لەڕاستیدا ئەمانە لەلای موسوڵمانە نەفامەکان خۆیان وا دەردەخەن کە گوایە خەریکی شیعەگەرێتین و دڵسۆزی ئەهلوبەیتی پێغەمبەرن ( ﷺ ) کە بە هیچ جۆرێك وانی یە و بەڵکو لە راستیدا بڕوایان نە بە خواو نە بە

پێغەمبەرەکەی‌و نە بە قورئانەکەی هەیە، هەروەها باوەڕیان بە فەرمانەکان‌و قەدەغەکانی خوای گەورە نی یە و، تەنانەت باوەڕیشیان بە هیچ کام لە پێغەمبەران نی یە کە لە پێش پێغەمبەری ئیسلامدا هاتوون‌و باوەڕیشیان بە پاداشت‌و بەهەشت‌و دۆزەخیش نی یە، هەروەها باوەڕیان بە هیچ ئایینێك لە ئایینە پێشوەکان نی یە) .

ئینجا( إبن تیمیە ) دەفەرموێت : ( گومان لەوەدا نی یە کە جیهاد کردنی ئەوانە و دانانی سنورە شەرعی یەکان لە سەریان لە گەورەترین گوێڕایەڵی و ئەرکەکانە و جیهاد کردنی ئەوانە گەورەترە لە جیهاد کردن دژی ئەوانەی کە کوشتاری موسوڵمانان ناکەن لە هاوبەشی پەیداکەران‌و شوێن کەوتووانی پەڕاوە ئاسمانی یەکان ، بێگومان جیهاد کردن دژی ئەمانە جیهاد کردنە دژی وەرگەڕاوەکان لە ئایین ، ئەوەتا ( أبو بکر الصدیق ) و هاوەڵانی تری پێغەمبەر(ﷺ) و ( ﷺ) دەستیان بە جیهاد کرد دژی وەرگەڕاوەکان پێش جیهاد کردن دژی بێباوەڕەکان لە شوێن کەوتووی پەڕاوە ئاسمانیەکان ) .

## خۆپاراستن لە بێباوەڕێتی ( تکفیر)
## کردنی کەسانی دیاری کراو

خاوەنی راڤەکەری ( عەقیدەی تەحاوی ) دەفەرموێت : ( بەراستی ئەو گوفتارە نارەواو داهێنراوە لادەرانەی کە ئەم شتانە دەگرێتە خۆی وەك :

١ـ نەفی کردنی ئەوەی کە پێغەمبەر( ﷺ ) سەلماندویەتی .
٢ـ سەلماندنی ئەوەی کە پێغەمبەر( ﷺ ) نەفی کردووە .
٣ـ فەرمانکردن بەوەی کە پێغەمبەر( ﷺ ) قەدەغەی کردووە .
٤ـ قەدەغە کردنی ئەوەی کە پێغەمبەر( ﷺ ) فەرمانی داوەبە کردنی.

دەقی زۆر هەیە کە بەڵگەن لەسەر ئەوەی ، کە ئەو گوفتارانە کوفرن، وە ئەوەش دەوترێت کە هەرکەس بیانڵێت ئەوە بێباوەڕە، بەڵام دەربارە کەسێکی دیار ئەگەر وترا یان پرسیار کرا لێمان ئایا شاهیدی دەدەن کە ئەو کەسە بێباوەڕە ؟ ئەوە شاهیدی لەسەر نادەین .

بەڕاستی گەورەترین ستەم ئەوەیە، کە کەسێك شاهیدی بدات لەسەر کەسێکی دیاریکراو ، کە ئەو کەسە بێباوەڕە و بە دڵنیایی خوا لێی خۆش نابێتو بەزەیی پیادا نایەتەوە و بە هەمیشەیی لە دۆزەخدا دەیهێڵێتەوە ، چونکە فەرمان دان بە بێباوەڕی کەسێك لەپاش مردن تەنها لای خودی(ﷲ) یە، لەبەر ئەوەی ئەو کەسە دیاریکراوە دوور نی یە موجتەهیدێکی نەپێکابێتو خوا لێی خۆش بووبێت ، یان لەو کەسانە بووبێت کە لەدوای ئەوە دەقی تری پێ گەیشتبێت ، یان کەسێك بووبێت باوەڕێکی پتەوی

بووبێت‌و خاوەنی چاکەی زۆر بووبێت‌و ئەو باوەڕو چاکانە بەزەیی خوای بۆ مسۆگەر کردبێت‌و لێی خۆش بووبێت ، وەکو لە صەحیحی موسلیم دا هاتووە:
﴿إذا متُ فاسحَقوني ثمَّ ذروني﴾ واتە : کە مردم بمهاڕن‌و ئینجا پەرژوبلاوم بکەنەوە !

ئەمە نیشانەی ترس‌و بیمی بوو لە خودی(الله) ، خوای گەورەش لێی خۆش بوو، بەڵام ئەبێت ئەوە بزانین کە ئەم هەڵوێستە دەربارەی سەرەنجامی ئەوانە لە دوارۆژدا ، قەدەغەمان لێ ناکات لەوەی کە ئەو کەسە سزا بدەین لە دونیادا بۆ ئەوەی قەدەغەیان بکەین لەو داهێنانەی کەدای دەهێنن، یان ئەو جۆرە گوفتارانەی کە دەیڵێن وە پێویستە تەوبەیان پێ بکەین خۆ ئەگەر تەوبەیان نەکرد ئەوە بەپێی شەرع لە گەڵیان دەجوڵێینەوە ) .جا لەو باسەوە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە پێویستە لەسەرمان خۆپارێزی بکەین لەوی دان بنێین بە بێباوەڕی کەسانێکی دیاریکراودا .

جا لێرەدا چەند خاڵێك هەن کە پێویستە لەبەر چاو بگیرێن کاتێك کە قسە لە بەتاڵ کردنەوەی ئیسلام دەکەین ، کە ئەمانەن :

یەکەم : پێویستە لێرەدا ئەوە بزانین ، کە چەند شتێکی زۆر هەیە کە بە پێچەوانەی دوو شەهادەکەیە، جا ئەو شتانە راستەو خۆو یەکسەر پێچەوانەی باوەڕە، یان پێچەوانەی باوەڕە بە پێغەمبەری خوا( ﷺ) و ئەوەی کە هێناویەتی‌و رایگەیاندووە ، جا پێویستە لەسەر هەموو یەکێك کە ئەیانزانێت‌و ئەمەش ئەزانێت کە دەق هەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوانە ئەبێت وریا بێت‌و خۆی لێیان بپارێزێت .

دووەم : ئەو کارو گوفتارانەی کە مایەو هۆی بێباوەڕبوونە ، جیاوازیان هەیە لە بارەی هێزی ئەو بەڵگەیەی کە بەڵگەیە لەسەر بێباوەڕبوون ، هەیانە بەڵگەیە لەسەر کوفر بە ڕاشکاویو هەشیانە بەڵگەیە لەسەر کوفر بەڵام بە ناڕاستەو خۆ.

سێ یەم : لێرەدا دووجۆر حوکم دەدرێت بەسەر ئەو بەندەیەدا کە کوفر دەکات :

١ـ حوکمێکی دنیایی: ئەوەیە کە ئەو کەسەی وەردەگەڕێت لە ئایین پێویستە هەموو ئەو دەقە شەرعیانەی کە شایستەن بە سەریدا جێبەجێ بکرێت .

٢ـ حوکمێکی ڕۆژی دوایی یە : کە ئەویش هەمیشە مانەوەیەتی لە دۆزەخدا جا ئەم حوکمەیان بڕیاردانی لەسەر فلانی کوڕی فلان تەنها بە تەنها پەیوەندی بە پەروەردگاری جیهانیانەوەیە، کە خاوەنی ڕۆژی لێپرسینەوەیە .

بەڵێ تەنها ئەوەندە لەسەر ئێمەیە کە بە کورتی بڵێین هەرکەس بێباوەڕ بێتو لە ئایین وەربگەڕێت لە دۆزەخدا بۆ هەمیشەیی دەمێنێتەوە و بەهەشتی لێ قەدەغە دەکرێت ، ئەمە ئەو ئاستەیە کە پێویستە موسوڵمان هەڵوێستی تیا وەربگرێت ، لە خۆیەوە بڕیار لەسەر مانەوەی کەسێکی دیاریکراو نەدات لە دۆزەخدا ، ئەگەر خوانەخواستە لە خۆیەوە ئەو بێباوەڕی و بڕیارانە لە سەر کەسانێکی دیاریکراو بدات ئەوە زیادە ڕەوی یە و دەرچوونە لە یاسای پەروەردگار . وەکو خاوەنی ( عەقیدەی تەحاوی ) دەفەرموێت : " کە دانەبەزیوەتە بەهەشت یان دۆزەخ " چۆن بڕیار دەدات کێ بەهەشتی یە و کێ دۆزەخی یە ؟ .

# کۆتایی :

## ڕوونکردنەوەیەك دەربارەی ئەوانەی یاخی دەبن لە فەرمانی خواو تاوان ئەنجام دەدەن !

ئەنجامدانی گوناه نابێتە هۆی دەرچوون لە ئایینی خوای گەورە ، لەمەو پێش فەرموودەی پێشەوا ( تەحاوی)مان هێنا کە دەفەرموێت: (هیچ کەس بە بێباوەڕ دانانێین لە ئەهلی رووگە (قیبلە) بەهۆی ئەنجامدانی گوناهێکەوە ، مادام ئەو گوناهە بە ڕەوا نەزانێت ، وەئەوەش نالێین، کە ئەنجام دانی گوناه و تاوان زیان بە باوەڕ ناگەیەنێت ) .

پێشەوا (نەوەوی) لە پەڕاوی راڤەکردنی صەحیحی موسلیم دا دەفەرموێت: (ئەی موسوڵمان بزانە ! کە بۆچوونی زانایانی فەرموودە و زانایان لە پێشینانی حەق رەو و کۆمەڵێکی تری زۆر لە زانایان وایە کە هەر کەسێك لەسەر یەکتا پەرستی بمرێت بەبێ گومان دەچێتە بەهەشت لەسەر هەر حاڵێك بێت، جا یان ساغو سەلامەتە لە گەناه و یاخی بوون وەك: منداڵ و شێت، بە تایبەتی ئەو شێتانەی کە شێتی و تێکچوونیان لە سەردەمی پێگەیشتن ( بلوغ) دا بووە، بەردەوام بووە تا مردووە..

یان ئەوەی کە پەشیمان بۆتەوە لە گوناهو هاوبەشی دانان بۆ خودی (ﷲ) وە لە دوای پەشیمان بوونەوەکەی، ئیتر نەگەڕاوەتەوە سەر کوناه ، ئەم جۆرانە دەچنە بەهەشتو بە هیچ جۆرێك ناچنە دۆزەخ ،بەڵام ئەوەی کە گوناهی هەیە و مردووە و پەشیمان نەبۆتەوە و تەوبەی نەکردووە ، ئەوە

وابەستە بە ویستی زاتی (الله) وە، ئەگەر ویستی ئەوا لێی خۆش دەبێتو دەیخاتە بەهەشت وەك بەشی یەكەم ، وە ئەگەر ویستیشی سزای بدات ئەوا سزای دەدات ئەوەندەی كە خۆی دەیەوێت ، ئینجا دەیخاتە بەهەشت ، چونكە لەوە دڵنیا بە كە خوای گەورە ئەوەی لە سەر یەكتا پەرستی مردبێت بۆ هەمیشەیی لە دۆزەخ دا نایهێڵێتەوە با گوناهیشی كردبێت ، هەروەكو چۆن خوای گەورە ئەو كەسەی لەسەر بێباوەڕی مردبێت نایخاتە بەهەشت با كرداری چاكەشی كردبێت..

ئەمە كورتەی بۆچوونی هەموو زانایانی فەرموودە و حەق ڕەوان و ( سەلەفی صالحە) لەم باسەدا ، وە فەرموودەی زۆر هەیە كە بەڵگەیە لەسەر ئەم ڕاستی یە و بە ڕاشكاوی دەفەرموێت كە بەهەشت سەرەنجامی هەر یەكێكە كە دووشەهادەكە بە دڵسۆزانە بداتو لە دەروونیدا جێگیر بێت و بە بەڵگەش بیسەلمێنێت كە لەسەر یەكتا پەرستی یە ) .

جا با هەندێك لەو فەرموودانە بە ڕاشكاوی ئەوە دەردەخات كە گوناه و گوناهە گەورەكان بە تەنها قەدەغەی چوونە بەهەشت ناكات لەسەر ئەنجامدانی :

(١) عثمان (رضي الله عنه) لە پێغەمبەر( صلى الله عليه وسلم) ەوە دەگێڕێتەوە كە دەفەرموێت:
﴿ **مَن مَاتَ وَهُو يَعْلَمُ أَنَّهُ لا إلهَ إلاَّ الله ، دَخَلَ الجنَّةَ** ﴾.

واتە : هەركەس مردو دەیزانی كە جگە لە (الله) هیچ خوایەك نی یە، دەچێتە بەهەشت

(٢) موسليم له ( عباس ابن عبدالمطلب ) (رضي الله عنه) هوه دهگێڕێتەوه که بیستم پێغەمبەر( صلى الله عليه وسلم ) ، ئەیفەرموو: ﴿ **ذاقَ طَعمَ الإيمانِ مَن رَضِيَ باللهِ رَبّاً و بالاسلامِ ديناً و بمحمدٍ رَسُولاً** ﴾ .

واته : چێژی باوەڕی چەشتووه ئەو کەسەی که رازی یه بەوەی که خودی (الله) پەروەردگارێتی و ئیسلام ئاینێتی و محمد( صلى الله عليه وسلم ) پێغەمبەرێتی .

(٣) له فەرموودەیەکی هاوڕا لەسەردا که له گێڕانەوەی موسلیمه ، که ( المعرور کوڕی سوەید) فەرمویەتی ، بیستم له ( **أبا ذر** ) (رضي الله عنه) فەرمووی ، پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمووی :﴿ **أتاني جبريل فبشرني أنه من مات لا يشرك بالله شيئا دخل الجنة ، قلت : وإن سرق ، وإن زنى ، قال : وإن سرق ، وإن زنى** ﴾ .

واته : جبریل هاته لام و موژدەی پێدام : ئەی محمد هەرکەس له ئوممەتەکەت مردو هاوبەشی بۆ زاتی (الله) دانەنا دەچێته بەهەشت، ئەفەرموێت ، پێم وت: ئەگەر زیناو دزیش بکات ؟ جبریل فەرمووی: ئەگەر زینا و دزیش بکات .

(٤) له فەرموودەیەکی هاوڕا لەسەردا ، که وتەکەی هی ( بوخاری ) یه هاتووه ، که پێغەمبەر( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی:﴿ **يدخل أهل الجنة الجنة ، وأهل النار النار ( ، ثم يقول الله تعالى): أخرجوا من النار من كان في قلبه مثقال حبة من خردل من إيمان**﴾.

واتە : خەڵكی بەهەشت دەچنە بەهەشت و خەڵكی دۆزەخ دەچنە دۆزەخ، ئینجا خودی (ﷲ) ی بالآدەست دەفەرمویّت : ئەوانە لە دۆزەخدا دەربهێنن كە بە قەدەر گەردیلەی خەردەلێك باوەڕ لە دڵیاندا هەیە .

بەڵام ئەو فەرموودانەی هاتوون لە رواڵەتدا پێچەوانەی ئەو بنەما پێشووەیە، پێویستە بە شێوەیەك لێك بدرێتەوە كە كۆكاری بكات لە نێوان دەقە شەرعی یەكاندا ، جا ئەم فەرموودانەش چەند جۆرێكن : ـ

(١) هەیانە بە راشكاوی باوەڕ لە گەردنی ئەو كەسانە دائەماڵێت كە هەندێك یاخی بوون ئەنجام دەدەن .

(٢) هەیانە یەخە داماڵینی پێغەمبەر ( ﷺ ) دەردەخات لەو كەسانەی كە هەندێك یاخی بوونو گەناه ئەنجام دەدەن .

(٣) جۆرێكی تریان ناوی هەندێك لەو گوناهو یاخی بوونانە بە بێباوەڕێتی و هاوبەش دانان ناو دەبات، جا وا هەندێك لەو فەرموودانە دەخەینە پێش چاو:

١ـ لە فەرموودەیەكی ( متفق علیه ) دا هاتووە كە پێغەمبەر ( ﷺ ) دەفەرمویّت :﴿**سباب المسلم فسوق ، وقتاله كفر**﴾

واتە : جنێودان بە موسوڵمان لادانە لە ئایینی خوا و كوشتار كردنی بێباوەڕی یە .

٢ـ لە فەرموودەیەكی ( متفق علیە ) دا هاتووە كە پێغەمبەر ( ﷺ ) فەرمویەتی :﴿ **لا ترجعوا بعدي كفارا ، يضرب بعضكم رقاب بعض** ﴾

واته :له دوای من مه‌گه‌ڕێنه‌وه بۆ بێباوه‌ڕی و کوفر که هه‌ندێکتان له گه‌ردنی هه‌ندێکی ترتان بده‌ن .

٣- لــه فه‌رمووده‌یه‌کــدا کــه ( أحمـد و ترمـذی و حـاکم رحمهم الله ) گێڕاویانه‌ته‌وه،پێغه‌مبه‌ر ( ﷺ ) ده‌فه‌رموێت: ﴿**من حلف بغير الله فقد كفر أو أشرك**﴾

واته : هه‌ر که‌سێك سوێند جگه له خودی (الله) به که‌سێك یان شتێکی تر بخوات ، ئه‌وه بێباوه‌ڕ بووه یان هاوبه‌شی بۆ خوای گه‌وره بڕیار داوه .

٤ـ له فه‌رمووده‌یه‌کی ( متفق علیه ) دا که موسلم هێناویه‌تی، پێغه‌مبه‌ر ( ﷺ) ده‌فه‌رموێت: ﴿ **لا يزني العبد حين يزني وهو مؤمن ، ولا يسرق حين يسرق وهو مؤمن ، ولا يشرب حين يشرب وهو مؤمن** ﴾ .

واته : داوێن پیس کاتێك له‌سه‌ر باوه‌ڕ دامه‌زرابێت داوێن پیسی ناکات ، هه‌روه‌ها دز کاتێك له‌سه‌ر باوه‌ڕ دامه‌زرابێت دزی ناکات ، هه‌روه‌ها عاره‌ق خۆریش کاتێك له‌سه‌ر باوه‌ڕ دامه‌زرابێت عاره‌ق ناخوات ، واته: له دزی یا داوێن پیسی یان عاره‌ق ده‌خوات له‌و کاته‌دا باوه‌ڕی نیه ..

٥ـــ لــه فه‌رمووده‌یــه‌ك دا کــه موســلم هێناویــه‌تی، پێغه‌مبــه‌ر ( ﷺ) ده‌فه‌رموێت :﴿ **من حمل علينا السلاح فليس منا ، ومن غشنا فليس منا** ﴾.

واته : هه‌رکه‌س رووبه‌ڕوومان چه‌ك هه‌ڵبگرێت له ئێمه نی یه ، هـه‌روه‌ها هه‌رکه‌س ناپاکیمان لێ بکات له ئێمه نی یه .

هەروەها ئەو فەرموودانە و فـەرموودەی تـریش هـەن ، کـە تـەنها کۆمـەڵێك نەبێت لەو خەواریجانەی کە بێباوەڕ بوون بێ لێکدانەوە داویانەتە پـاڵ تاوانـە گـەورەکان، ئـەگینا زانایـانی سـوننەتو جەماعـەت هەڵویسـتیان بـە گشـتی لێکدانەوەو گونجاندنی ئەو فەرموودانەیـە کـە بـە شـێوەیەك بگونجێـت لەگـەڵ بنەما پێشووە کەدا .

جـا ئـەو هەڵوێسـتەیان کۆڵەکـەی هاوبەشـی نێوانیانـە ، بـەڵام بۆچـوونی جیاوازیان هەیە لە لێکدانـەوەو گونجاندنـەکادا ، هەیانـە وای لێکدەداتـەوە کـە مەبەست بەهرە لەبەرچاو نەبوونە (کفـر النعمـە ) نـەك دەرچـوون لـە ئـایین ، وەهەیانە وای لێکدەداتەوە ، کە مەبەست بە ڕەوا زانینی ئەو تاوانانەیە کە لـە فەرموودەکانـدا هـاتووە ، هەیانـە وای لێکدەداتـەوە کـە مەبەسـت ترسـاندنەو بەس، هەشیانە ڕاستەوخۆ لێکدانەوەکە بـە جۆرێـك کـە لەگـەڵ ئـەو بنەمایـەدا دەگونجێت ، کـە زانایـانی فـەرموودە دایـان نـاوە کـە ﴿ **وهـي أنَّ الكَبائِر لا تُخْرِجُ مِنَ المِلَّة** ﴾ واتە : ئەنجامدانی تاوانە گەورەکان نابێتە هۆی دەرچـوون لە ئایین .

لە ڕاستی دا لێرەدا چەند بەڵگەیەکی شـەرعی هەیـە کـە پێویسـتی دەکـات ئەو فەرموودانە بەو شێوانەی لای سەرەوە لێکبدرێتەوە .. لەوانە :

یەکەم :

ئەو فەرموودە زۆرو ئاشـکرایانەی پێشـوو ، بەڵگـەن لەسـەر ئـەوەی کـە ئەوانـەی گونـاهی گـەورەیان ئـەنجام داوە و یـاخی بـوون، نامێننـەوە بـە هەمیشەیی لە دۆزەخدا، بەڵکو دەخرێنە بەهەشـت، جـا یـان پـاش سـزایەکی کاتی لە دۆزەخدا یان پاش لێبوردنیان لەلایەن خوای لێبوردەو میهرەبانەوە .

دووەم :

ئەو کارو گوفتارانەی، کە لە هەندێك لە فەرموودەکاندا وەسف کراون، بە کوفر ، ئەگەر هۆی وەرگەڕان بوونیانە لە ئایینی خودی (اللَّه)، ئەوە لە دونیادا ئەو بڕیارەیان بەسەردا دەدرا کە هەموو زانایان لە سەری هاوڕان و پێغەمبەر ( ﷺ)یش بەم دەقە لە فەرموودەیەکدا فەرموویەتی و بڕیاری لەسەر داوە، کە ئەویش کوشتنیەتی: ﴿مَنْ بَدَّلَ دِينَهُ فَاقْتُلُوهُ﴾ واتە : هەرکەس دینەکەی گۆڕی و لەئایین وەرگەڕا بیکوژن..

هەروەها دەبینین خوای گەورە بڕیاری داوەبە بڕینی دەستی دز و دار لێدانی زینا کەرو تۆمەتکار بە زینا جا ئەگەر ئەوانە (دز و زیناکەرو تۆمەتکار) بێباوەڕ بوونایە روونتر بلێین بە هۆی ئەو گوناهانەیانەوە، بەوە دابنرانایە کە وەرگەڕاون لە دین، ئەوە سزاکەیان دەست بڕینو دار لێدان نەدەبوو، بەڵکو کوشتن دەبوو وەك لە فەرموودەکەدا هاتووە .

سـێیەم :

ئێمە دەبینین لە قورئانی پیرۆزدا گەلێك دەق هەیە ، کە خوای گەورە بە پیێ ئەو دەقانە بکەری گوناهە گەورەکانی لە ریزی بڕواداراندا هەژماردووەو سیفەتی بڕواو برایەتی باوەڕی تیادەست نیشان کردوون .

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ وَإِن طَآئِفَتَانِ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ٱقْتَتَلُواْ فَأَصْلِحُواْ بَيْنَهُمَا ﴾ الحجرات:٩.

واتە : ئەگەر دوو کۆمەڵ لە باوەڕداران کەوتنە کوشتاری یەکتری بکەونە نێوانیان و چارەسەریان بکەن .

هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّمَا ٱلۡمُؤۡمِنُونَ إِخۡوَةٌ فَأَصۡلِحُواْ بَيۡنَ أَخَوَيۡكُمۡ﴾ الحجرات:١٠.

واتە : باوەڕداران برای یەکترن کەواتە چارەسەری نێوان براکانتان بکەن .

***

## زانایانی سوننەت سزای تاوانبارانیان بە پێی دەقە شەرعی یەکان دەست نیشان کردووە

جا زانایانی سوننەت بڕیاری ئەوەیان داوە ، کە ئەوانەی تاوانی گەورە ئەنجام دەدەن ، بە وەرگەڕاو لە دین دانانرێن مەگەر تاوانەکەیان وابەستە بێت بە هۆیەك لە هۆیەکانی کوفرەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو زانایانە نافەرموون کە تاوان کردن زیان بە باوەڕ ناگەیەنێت ، وەك ئەوەی کە کۆمەڵێك بڕوایان وایە کە پێیان دەوترێت ( المرجئە ).

ئەمانە وا دەردەبڕن ، کە تاوان هەرچەند گەورەش بێت زیان بە خاوەنەکەی ناگەیەنێت ، مادام باوەڕدار بێت ، ئەم جۆرە باوەڕە راستەوخۆ پێچەوانەی فەرموودەکانی خواو پێغەمبەرە ( ﷺ)، بەڵام زانایینی سوننەت وا دەبینن کە ئەنجامدانی تاوان دەبێتە هۆی سزادان بە پێی قورئانو فەرموودەکانی پێغەمبەر ( ﷺ) هەروەها ئەو تاوانانە کار دەکەنە سەر زیادو کەمی باوەڕ، نەك مانەوەی یان لەدەست دانی، جا گومان لە بۆچوونی کۆمەڵی ( المرجئە) دا لەوەدایە ، کە تەنها سەیری رواڵەتی هەندێ دەق دەکەن، کە

لەمەو پێش باسکراون، کە بەڵگەن لەسەر ئەوەی هەر کەسێك لەسەر یەکتا پەرستی بمرێت دەچێتە بەهەشت، وەکو ئەم فەرموودەیەی پێغەمبەر(ﷺ) کە دەفەرموێت :

﴿ **مَن مَاتَ وَهُو يَعْلَمُ أَنَّهُ لا إلهَ إلاَّ الله ، دَخَلَ الجَنَّةَ** ﴾.

واتە : هەرکەس مردو دەیزانی کە جگە لە (الله) هیچ خوایەکی تر نی یە، دەچێتە بەهەشت.. جا کۆمەڵی ( المرجئە ) گومانیان وەهایە کە( چوونە بەهەشتی ئەوانە یان سزا نەدانیان ) بەڵام هیچ پێویستی یەك لەو نێوانەدا نی یە، بەڵکو بەبێ گومان خوای گەورە سزای تاوانباران بە پێی ویستی خۆی – چەندی مەبەست بێت – سزایان دەدات و لە سەرنجامدا دەیانخاتە بەهەشت ، وابەست بن بەم فەرموودەیەی خوای گەورە کە دەفەرموێت :

﴿ لَيْسَ عَلَى ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ جُنَاحٌ فِيمَا طَعِمُوٓاْ إِذَا مَا ٱتَّقَواْ وَّءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ ﴾ المائدە: ٩٣ .

واتە : ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە و کرداری چاك ئەنجام دەدەن گوناهیان لەسەر نی یە لەسەر ئەوەی کە عارەقیان خواردۆتەوە پێش قەدەغە کردنی، ئەگەر خۆپارێز بن لە قەدەغەکراوەکانداو کردارە چاکەکان بە پێی بەرنامەی خوای مەزن ئەنجام بدەن. یاخود بڵێین: ئەوانەی کە لەمەو پێش مردون و عارەقیان خواردۆتەوە ئەگەر خۆیان لە تاوان پاراستبێت و کردارە چاکەکانیان ئەنجام دابێت، ئەوە لەسەر عارەق خواردنەوەکەیان گوناهیان لەسەر نی یە..

له راستی دا ئه‌م ئایه‌ته له‌سه‌ر ئه‌وانه هاتووه که له هاوه‌ڵان مردوون پێش قه‌ده‌غه کردنه‌که‌، وه‌ك له هۆی هاتنه خواره‌وه‌دا به‌ڵگه‌ی له‌سه‌ر هه‌یه‌، هه‌روه‌ها هاتووه که ( إبن قدامه بن عبدالله ) عاره‌قی خوارده‌وه پاش قه‌ده‌غه کردنی جا کۆمه‌ڵێك ئه‌و فه‌رمووده‌یه‌ی خوای گه‌وره‌یان له‌و ئایه‌ته‌دا به‌و شێوه‌یه لێکداوه‌ته‌وه ، که ده‌رباره‌ی ئه‌و مه‌سه‌له‌یه‌ی (ئیبنوقودامه) بگونجێت، به‌ڵام که ئه‌وه‌ی ( إبن قدامه ) یان بۆ عومه‌ری کوڕی خه‌تاب (رضي الله عنه) و علی کوڕی ئه‌بی تالب (رضي الله عنه) و هاوڕێیانی(رضي الله عنهم) بڕیاریان دا که ئه‌گه‌ر ( إبن قدامه ) و ئه‌وانه‌ی که دوای قه‌ده‌غه‌کردنی عاره‌ق عاره‌قیان خواردۆته‌وه داننیان نا به حه‌رامی عاره‌قدا ئه‌وا داریان لێ نادرێت ، خۆ ئه‌گه‌ر به ره‌وایان زانی ئه‌وا ده‌کوژرێن ، جا حه‌زره‌تی عومه‌ر به ( إبن قدامه )ی فه‌رموو : ( جا تۆش ئه‌گه‌ر خۆت بپاراستایه و کرداری چاکه‌ت ئه‌نجام بدایه عاره‌قت نه‌ده‌خوارده‌وه ) .

# گوناهە گەورەکان

ئا ئەوە حوکمی تاوانو گوناهەکانە چ بچوك یان گەورە، خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی( ﷺ)، ترساندوینیان و ئاگاداریان کردووین لەوەی، کە بکەوینە گوناهەوە، جا پێویستە لەسەر باوەڕدار کە هەمیشە وریا بێت، تا توشی گوناهکردن نەبێت، بۆ ئەوەش با هەمیشە خەریکی خواپەرستی بێتو، زیاتر و زیاتر لە خوا نزیك بێتەوەو تەمبەڵی نەکاتو سنورەکانی خوا نەشکێنێت، وە هەرگیز نەڵێت: جا چی یە ئەم گوناهە بچوکە و هەڵەیە، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ مَن يَعْمَلْ سُوٓءًا يُجْزَ بِهِۦ وَلَا يَجِدْ لَهُۥ مِن دُونِ ٱللَّهِ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا ﴾ النساء: ١٢٣. واتە : هەرکەس خراپەیەك ئەنجام بدات بچوك یان گەورە لەسەری سزا دەدرێت وە جگە لە خوا کەس سەرپەرشتیارو یارمەتی دەری نی یە، واتە : کەس ناتوانێت رزگاری بکات..

وە هەندێك لە زانایان دەفەرموون : ئەی باوەڕدار هەرگیز گوناهی بچوك بە هەڵەیەکی بچوك مەزانەو بەبێ نرخ سەیری مەکە، بەڵکو سەیری گەورەیی ئەو کەسە بکە، کە لە فەرمانی دەردەچیتو لێی یاخی دەبیت کە زاتی (الله) یە .

پێشەوا ( حەسەنی بەصری) دەفەرموێت :

﴿ **تركُ الخَطيئَةِ أيسَرُ منْ طَلَبِ التَّوبَةِ** ﴾. واتە : وازهێنان لە هەڵەیەك ئاسانترە لە داوای پەشیمان بوونەوە گەڕانەوە بۆلای خوای گەورە .

لەگەڵ ئەوەشدا ، گومان لەوەدا نیە کە خوای گەورە هەندێك تاوان‌و یاخی بوونی بە گرنگ گرتووە و هەڕەشەی کردووە لەوانەی کە دەیکەن، هەروەها پێغەمبەریش( ﷺ) لە بارەی هەندێك لەو گوناهانەوە گوزارشی داوە بە (لەناوبەرەکان) ( المهلکات ) دەست نیشانی کردوون، وە لە هەندێك لە فەرموودەکانیدا باسی هەندێکیانی کردووە و ناوی بردوون بە تیابەرەکان ( المهلکات )، نمونە لەو فەرموودە پیرۆزانە :

١ـ لە ( صحیح مسلم) دا هاتووە کە عبدالرحمن ی کوڕی أبوبکر (رضي الله عنه ) لە باوکیەوە دەگێڕێتەوە کە فەرموویەتی ئێمە لە خزمەتی پێغەمبەر( ﷺ) دا بووین فەرمووی : ﴿ **أَلاَ أُنَبِّئُكُمْ بِأَكْبَرِ الكَبائِرِ ( ثلاثاً ) : الإشْرَاكُ بِاللهِ وَ عقُوقُ الوَالِدَيْنِ وَ شَهادَةُ الزُّورِ وَ كان ( ﷺ) مُتَّكِئاً فَجلَسَ فَما زَالَ يُكَرِرُهَا حَتى قُلْنَا لَيتَهُ سَكَتَ** ﴾..

واتە : ئەتانەوێ کە ئاگادارتان بکەم لە تاوانە گەورەکان ( سێ جار): (١) هاوبەش دانە پاڵ خودی (الله) ..

(٢) ئازار دانی دایك‌و باوك..

(٣) شایەتی درۆ یان گوفتاری درۆ، جا پێغەمبەر( ﷺ) راکشابوو، دانیشت‌و بەردەوام دووبارەی دەکردەوە، هەتا وتمان خۆزگە بێ دەنگ دەبوو.

٢ـ لە (صحیح مسلم) دا هاتووە کە ( أبی هریرە) گێڕاویەتی یەوە کە پێغەمبەر( ﷺ) فەرموویەتی : ﴿ **اجتنبوا السبع الموبقات " ، قالوا : يا رسول الله وما هن ؟ قال : " الشرك بالله ، والسحر ، وقتل النفس التي حرم الله إلا بالحق ، وأكل الربا ، وأكل مال اليتيم ، والتولي يوم الزحف ، وقذف المحصنات المؤمنات الغافلات** ﴾

واته : لەو حەوت گوناهە کە تیابەرو فەوتێنەرە دوور بکەونەوە، وتیان ئەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ئەوانە کامانەن ؟ فەرمووی :

١ـ هاوبەش بڕیاردان بۆ زاتی (الله) .

٢ـ سـیحر .

٣ـ کوشتنی کەسێك بە ناحەق کە خوای گەورە قەدەغەی کردووە .

٤ـ خواردنی ماڵی هەتیو .

٥ـ خواردنی سوو ( رِبا ) .

٦ـ راکردن‌و روو وەرگەڕان لە رۆژی غەزادا .

٧ـ تۆمەتبارکردنی ئافرەتی داوێن پاکی بێ ئاگا لە هەموو شتێك .

هەروەها فەرموودەی تر هەیە، کە هەندێ گوناهی تیا باس کردووە و بە گوناهی گەورە دەست نیشانی کردووە، لە راستیدا گوناهە گەورەکان لە چەند فەرمودەیەکدا کۆنەکراونەتەوە، ئەویش دیارە بۆ ئەوەیە کە بڕواداران هەوڵ بدەن لێی دوور بکەونەوە، نەبا گوناهێك بکەن‌و ئەو گوناهە لەگوناهە گەورەکان بێت، لەگەڵ ئەمەشدا کۆمەڵێ لە زانایان‌و پێشینان وئەوانەی دوای ئەوان بۆچوونیان وایە کە گوناهەکان دوو جۆرن :

یەکەم: گوناهە بچوکەکان

دووەم: گوناهە گەورەکان

## پێناسەی گوناهی گەورە :

زانایان بە گشتی جیاوازییان هەیە لە بۆچوونیاندا لە پێناسە کردنی گوناهە گەورەکاندا و جیاکردنەوەی لە گوناهە بچوکەکان، بەڵام زۆربەیان رایان وایە کە گوناهی گەورە، هەموو گوناهێکە کە سزای لەسەر دانرابێت و هەڕەشە لە بکەرەکەی کرابێت بە دۆزەخ یان نەفرین یان خەشم لێگرتن، ئەمە لە (عبدالله) ی کوڕی عەبباس و حەسەنی بەصری یەوە (رضي الله عنهم)هاتووە..

چاکترین وتەیەك لە پێناسەی گوناهە گەورەکاندا جیاکردنەوەی لە گوناهە بچوکەکاندا هاتووە ، ئەم وتەیەی پێشەوا ( **العز بن عبدالسلام**) ە کە لە پەڕاوی (**القواعد**) دا هاتووە، فەرموویەتی :( ئەگەر ویستت جیاوازی نێوان گوناهە بچوکەکانو گەورەکان بزانیت، خراپەی گوناهەکە بێنە بەرامبەری بکە لەگەڵ خراپەی گوناهە گەورەکان، کە دەقی لەسەر هاتووە، ئەوە بێگومان لە گوناهە بچوکەکانە، خۆ ئەگەر خراپەی ئەو گوناهە وەك کەمترین خراپەی گوناهە گەورەکان بوو یان زیاتر بوو، ئەوە بێ گومان لە گوناهە گەورەکانە، بۆ نمونە:

هەرکەس قسەی ناشرینی بە خودی (الله) یان پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم) وت، یان سوکایەتی بە پێغەمبەران ( **علیهم السلام** ) کرد، یان یەکێکیانی بە درۆخستەوە، یان لاپەڕەکانی قورئانی فڕێ دایە ناو پیسی، ئەمانە لە هەرە گوناهە گەرەکانن ، هەرچەندە لە شەرع دا بە ئاشکرا بە گوناهی گەورە دەست نیشان نەکراون، هەروەها گرتنی ئافرەتێکی داوێن پاكو زیناکردنی یان گرتنی موسوڵمانێكو کوشتنی ، گومان لەوەدا نی یە کە خراپەی ئەوانە گەورەتر و زیاترە لە خواردنی ماڵی هەتیو، کە دەقی لەسەر هاتووە، کە لە گوناهە

گەورەکانە ، هەروەها رێنمایی کردنی بێباوەڕان بۆ سەر موسوڵمانان، کە بزانی ئەمانە بۆ کوشتن‌و بێڕێز کردنی موسوڵمانان دەچن و ماڵو سامانیان تالآن دەکەن‌و خانە وێرانیان دەکەن‌و ناموسیان دەشکێنن، جا دیارە خراپەی ئەم گوناهە گەورەتر و زیاترە لە پشت هەڵکردن بەبێبیانوو لە رۆژی هێرشکردندا بۆ سەر بێباوەڕان کە بە پێی دەق لە گوناهە گەورەکان دیاری کراوە) .

## هەندێك لە گوناهە گەورەکان

لێرەدا ئەوە دەزانین کە ئەوەی زانایان دەست نیشانیان کردووە بۆ جیاکردنەوەی گوناهە بچوك‌و گەورەکان شتێکی یەك لا کەرەوە نی یە، وە ئەوە دەزانین کە دەقەکان هەندێکیان هاتوون بە ناساندنی هەندێ لە گوناهە گەورەکان، وە هەندێکیان پێناسەی هەندێ لە گوناهە گەورەکانی کردووە، جا لێرەدا چەند جۆرێك لە تاوان‌و گوناهەکان هەن کە شمولی گوناهە بچوك‌و گەورەکان دەکەن، جا ئەرکی تۆی باوەڕدار ئەوەیە کە هەوڵ بدەیت بەو پەڕی توانا لە کردنی هەموو تاوان‌و گوناهێك دوور بکەویتەوەو هەوڵی تەواو بدەیت بۆ خۆپاراستن لەو گوناهە گەورانەی کە دەقی لەسەر هاتووە..

هەروەها هەرگیز گوناهە بچوکەکان چەند بچوك بن بە بچوك‌و کەم بایەخیان مەزانە، چونکە زانایان هاوڕان لەسەر ئەوەی کە سوربوون لەسەر گوناهی بچوك دەبێتە گوناهی گەورە، جا لێرەدا هەندێك لە گوناهە گەورەکان ناو

دەبەین و دەست نیشانیان دەکەین کە زانای بەرز ( إبن الحجر الهیثمي ) لە پەڕاوە بەرزەکەیدا ( الزواجر من إرتکاب الکبائر ) دا هێناویەتی، لەوانە :

((هاوبەشی دانانی گەورە ـ خوا پەنامان بدات ـ ، هاوبەشی دانانی بچوك (رِّبا)، رۆچوون لە نارەواکاندا، خەشمو کین، حەسودی، خۆبەزل زانین، لەخۆ ڕازی بوون، خۆنواندن، پشت کردنە خەڵكو روو وەرگەڕان لێیان و بە سوك سەیر کردنیان، حەز کردن بە مەدحێك بە شتێك کە نەیکردبێت ، فێربوونی زانستو زانیاری تەنها بە مەبەستی ژیانی دنیا، شارینەوەی زانستیو زانیاریو ئاشکرا نەکردنی، لەبیرچوونەوەی قورئان، دژایەتی کردن بە مەبەستی سوکایەتی کردن بە قورئان یان بە ئایین بە گشتی ، بەردەوام بوون لەسەر تاوان، دەرخستنی عەورەت بۆ بێگانە بێ ناچاری، وازهێنان لە نوێژکردن بە ئەنقەست، دواخستنی نوێژ بە عەمدی لە کاتی خۆی، تەواو نەکردنی ریز لە نوێژداو رێكو پێك نەکردنی، گۆڕستان کردن بە مزگەوت و شوێنی نوێژ، داگیرساندنی چرا لەسەر گۆڕستان ، رۆیشتن بە نێوان خەڵکیدا لە کاتی جومعەدا، دەنگ بەرز کردنەوە و هاوار کردن لە کاتی موصیبەتدا..))

هەروەها هی تریش، هەرکەس بیەوێت سەرنجی پەڕاوە بە نرخەکەی بدات .

## هۆکانی رزگار بوونی تاوانکاران له سـزادان:

ئەگەر بڕوادارێك توشی تاوان کردن بوو، بەبێ گومان خوای گەورە هەمیشە دەرگای لێخۆش بوونی لەسەر پشتە بۆ گەڕانەوە و پەشیمان بوونەوەی ئەو بەندەیەی لەو تاوانەی کە کردویەتی، بۆئەوەی رزگاری بێت لەو سزایەی کە خوای مەزن بۆی بڕیار داوە ، جا ئەگەر بەڕاستی پەشیمان ببێتەوە و دەست بکات بە خوا پەرستی، ئەوا رزگاری دەبێت لە سزا .

خاوەنی ( العقيدة الطحاوية ) دەفەرموێت : (بکەری تاوانو گوناهەکان رزگاری دەبێت لە سزا بە هۆی نزیکەی دە هۆکارەوە کە لە قورئانو سوننەت وەرگیراوە) کە ئەمانەن : ـ

## هۆی یـەکـەم: تەوبە

خوای گەورە دەفەرموێت:﴿فَخَلَفَ مِنۢ بَعۡدِهِمۡ خَلۡفٌ أَضَاعُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَٱتَّبَعُواْ ٱلشَّهَوَٰتِۖ فَسَوۡفَ يَلۡقَوۡنَ غَيًّا * إِلَّا مَن تَابَ وَءَامَنَ وَعَمِلَ صَٰلِحٗا فَأُوْلَٰٓئِكَ يَدۡخُلُونَ ٱلۡجَنَّةَ وَلَا يُظۡلَمُونَ شَيۡـٔٗا﴾مريم:٦٠ .

واتە : لێیان بەجێ ما کۆمەڵە نەتەوەیەك ، کە نوێژەکانیان فەوتانو وەك پێویست ئەنجامیان نەدا و شوێن ئارەزووبازی کەوتن، کە توشی سزای دۆزەخیان دەکات ، مەگەر کەسێك کە پەشیمان دەبێتەوە و خواناسی و کاری چاکە دەکات ئەوانە دەخرێنە بەهەشتو هیچ ستەمێکیان لێ ناکرێت .

بەڵام ئەبێت ئەوە بزانین ئەو پەشیمان بوونەوەی کە تاوانکار لە سزا رزگار دەکات دەبێت پەشیمانی تەواو و دڵسۆزانە بێت ، لە ناو جەرگەی دڵەوە

گەڕانەوە بێت بۆ لای پەروەردگار و سور بوون بێت لەسەر نەگەڕانەوە بۆ تاوان ، جا ئەگەر وا بێت ئەوە ئەو تەوبەیە دەبێتە هۆی لێ خۆش بوون‌و رزگار بوون لە سزادان بە رای هەموو زانایان .

## هۆی دووەم: داوای لێ خۆش بوون

خوای گەورە دەفەرموێت :﴿ وَمَا كَانَ ٱللَّهُ مُعَذِّبَهُمۡ وَهُمۡ يَسۡتَغۡفِرُونَ﴾ الانفال : ٣٣ .

واتە : ئەی موحەممەد خوای گەورە ئوممەتەکەت سزا نادات ، مادام داوای لێبوردن‌و لێ خۆش بوون بکەن، لە راستی دا داوای لێ خۆش بوون دەچێتە واتەی پەشیمان بوونەوە، داوای لێ خۆش بوون داوای لێ بووردنە لە خودی (الله) لەو گوناهو تاوانانەی کە بەندە ئەنجامی دەدات‌و توشی دەبێت، کە پەشیمان بوونەوەو سور بوونی لەسەر نەگەڕانەوە بۆ ئەو گوناهو تاوانانە لە داهاتودا دەگرێتە خۆی.

## هۆی سێیەم: ئەنجامدانی چاکەکان

خوای گەورە دەفەرموێت :﴿إِنَّ ٱلۡحَسَنَٰتِ يُذۡهِبۡنَ ٱلسَّيِّـَٔاتِۚ ذَٰلِكَ ذِكۡرَىٰ لِلذَّٰكِرِينَ﴾ هود: ١١٤. واتە : بە دڵنیایی چاکەکان دەبنە هۆی رامالینی خراپەکان .

## هۆی چوارەم: دووچار بوون بە توشهاتە دونیایی یەکانەوە

له فەرموودەیەکی ( متفق علیه ) دا پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت : " ما یصیب المسلم ، من نصب ولا وصب ، ولا هم ولا حزن ولا أڗی ولا غم ، حتی الشوکه یشاکها ، إلا کفر الله بها من خگایاه " .

واتە :هەرموسوڵمانێك ئەگەر توشی نەخۆشی یان بەڵاو غەم و خەفەتو دڵتەنگیو ئازارێك بێت، ئەگەر دڕکێکیش بێت بچێت بە شوێنێکیدا خوای گەورە بە هۆیەوە لە گوناهێك لە گوناهەکانی خۆش دەبێت .

**هۆی پێنجەم: سزای گۆڕ**

**هۆی شەشەم: نارەحەتی و تەنگەتاویەکانی رۆژی قیامەت**

**هۆی حەوتەم: تکاکردنی ئەوانەی کە خوای گەورە رێگەی تکاکردنیان پێ دەدات.**

**هۆی هەشتەم: دۆعای بڕواداران و داوای لێخۆش بوون لە خودی (الله) لە ژیاندا و چ لە مردندا .**

**هۆی نۆهەم: ئەوەی کە لە پاداشتی خێرو خوێندنی قورئانو حەج کردنی لەجیاتی و رەوانە دەکرێت بۆ مردویەکی باوەڕدار**

زانایانی حەدیس هاوڕان لەسەر ئەوەی کە مردوو لە بڕواداران سودمەند دەبن لە چاکەی زیندووەکان بە پێی ئەم دووخاڵە :

١ـ به هۆی ئەو هۆکارانەوە کە مردوو لە ژیانیدا کردوویەتی ، هەروەك جێگیرە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) کە فەرموویەتی : ﴿ **إذا مات ابن آدم انقطع عمله إلا من ثلاث من صدقة جارية أو علم ينتفع به أو ولد صالح يدعو له**﴾ .

واتە : مرۆڤ کە مرد کارو پەیوەندی بە دونیاوە دەپچڕێت لە سێ ڕێگاوە نەبێت ـ خێرێکی بەردەوام ـ منداڵێکی چاك کە دۆعای خێری بۆ بکات ـ زانیاری یەك کە لە دوای خۆی سودی لێ وەربگیرێت ، بە واتەیەکی تر سود بەخش بێت بە بەردەوامی .

٢ـ دۆعای خێری موسوڵمانانو داوای لێ خۆش بوون بۆی و خێرو حەج کردن لە جیاتی، جا زانایان لە بارەی خواپەرستی یە بەدەنیەکانەوە ( جسدی) وەك : ڕۆژوو، نوێژ ، خوێندنی قورئان، یاد کردنەوە .. بۆچوونی جیاوازیان هەیە بە تایبەت پێشەوایان ( **أبو حنيفه و أحمد** ) وە کۆمەڵێ سەلەفی دەفەرمون: هەرچی بۆ بکرێت پێی دەگات، بەڵام ئەوەی کە بەناوبانگە لە بۆچوونی پێشەوایان (**شافعی و مالك**) ئەوەیە کە پێی ناگات ، بەڵگە لەسەر گەیشتنی خێر بۆ مردوو ئەوەیە کە لە (**صحيحين**) موسلیمو بوخاری لە عائیشەوە(رضي الله عنها) دەگێڕنەوە:

﴿ **أن رجلا أتى النبي** ( ﷺ ) **فقال : يا رسول الله ، إن أمي افتلتت نفسها ولم توص ، وأظنها لو تكلمت تصدقت ، أفلها أجر ، إن تصدقت عنها؟ قال : ( نعم )**﴾. **متفق عليه** ، وتەی موسلیم .

واتە : پیاوێك هاتە خزمەت پێغەمبەرو وتی : ئەی پێغەمبەری خوا دایکم هۆشی لە دەست داو وەسیەتی نەکرد ، ئەگەر هۆشی ببوایەو قسەی بکردایە

خێری دەکرد، ئایا ئەگەر من خێری بۆ بکەم پاداشتی دەست دەکەوێت ؟پێغەمبەر( ﷺ) فەرمووی : بەڵێ .

هەروەها هەر لە ( صحیحین) دا هاتووە لە عائیشە( رچی الله عنها)، کە پێغەمبەر ( ﷺ) فەرمویەتی :﴿ **من مات وعلیه صیام صام عنه ولیه** ﴾

واتە : هەرکەس مردو رۆژووی لەسەر بوو کەس و کاری دەتوانێت لە جیاتی بە رۆژوو بێت .

وە بەڵگە لەسەر گەیشتنی پاداشتی حەج لەجیاتی ـ لە ( صحیح البخاری) دا هاتووە لە عبداللەی کوڕی عەباسەوە ، کە ئافرەتێك لە هۆزی ( جوهەینە) هاتە خزمەتی پێغەمبەر ( ﷺ)و عەرزی کرد:(دایکم فەرزی کردبوو لەسەر خۆی کە حەج بکات، بەڵام تا مرد حەجی نەکرد، ئایا لەجیاتی ئەو حەج بکەم ؟ فەرمووی: حەجی بۆ بکە، سەرنج بدە ئەگەر دایکت قەرزێکی لەسەر بێت و بۆی بدەیتەوە، خاوەن قەرز داوای دەکاتەوە ! کەوابوو خوای گەورە شایستە ترە بۆ ئەو کارە )

وەئەمە بە هیچ جۆرێك دژایەتی فەرموودەی خوای باڵادەست ناکات کە دەفەرموێت :﴿وَأَن لَّيۡسَ لِلۡإِنسَٰنِ إِلَّا مَا سَعَىٰ ﴾ النجم: ٣٩ . واتە : مرۆڤ جگە لە کۆششی خۆی هیچی تری دەست ناکەوێت .

هەروەها دەفەرموێت :﴿ وَلَا تُجۡزَوۡنَ إِلَّا مَا كُنتُمۡ تَعۡمَلُونَ ﴾یس:٥٤ .

واتە : جگە لەوەی کە ئەنجامی دەدەن پاداشتی هیچ شتێکی دی وەرناگرن .

چونکە موسوڵمان کە دەچێتە ناو ئایینی ئیسلامەوە، بە هۆی بڕواداریەتی یەوە هەڵسوکەوتی ئیمانی لەگەڵ یەکدا و دەستی یارمەتی درێژکردن بۆ یەکتری و بەزەیی هاتنەوە بە یەکتریدا لەگەڵ برا بڕوادارەکانیدا دەبەسرێت بەیەکەوە، جا ئەمە یارمەتی دەرێکە کە هانیان بدات لە سەر دۆعای خێر بۆ برا بڕوادارەکان لە پاش مردنیو داوای لێخۆش بوون بۆی ، هەروەها رەوانەکردنی پاداشتی خواپەرستی و چاکە بۆی..

دواین وتە ئەوەیە کە مردو سودمەند دەبێت بەو خێرو چاکانەی کە لەلایەن براو خوشکە بڕوادارەکانیانەوە بۆیان دەکرێتە دیاری، (خوا خۆی زانایە) وە بە ئاشکرا دژایەتی ئایەتە قورئانی یەکان ناکات ، بەڵام ئەوەی کە جێگەی تێبینی یە ئەوەیە کە هەندێك نەریتو داهێنراو هاتۆتە گۆڕێ کە ئەو باسەی رابردوو نایان گرێتەوە و هیچ بەڵگەیەکی شەرعی نی یە کە دەری خستبێت ، کە زانایەك لە زانایان رێگەی پێ دابێت وەکو بەکرێ گرتنی کەسانێ کە قورئان بخوێننو پاداشتەکەی رەوانە بکەن بۆ مردوو ، ئەم کارە هیچ کەس رێگەی پێ نەداوە ، بەڵام زانایان جیاوازییان هەیە لە رێگە پێدانی بەکرێ گرتندا بۆ فێرکردنی قورئان ، واتە بۆ فێرکردنی ، هەندێك لە زانایان رێگەیان داوە بەوەی کەسێك بەکرێ بگیرێت بۆ فێرکردنی قورئان، بەڵام بەکرێ گرتن بۆ خوێندنو هەدیە کردنی بۆ مردوو یان بەکرێ گرتنی کەسێك بۆ کردنی نوێژ لە جیاتی مردوو یان بۆ رۆژوو بۆ گرتنەوەی ، ئەمە هیچ جیاوازی یەکی زانایانی لەسەر نی یە بۆ رێگە پێدانی ، یانی جائیز نی یە .

دوا وته و داوامان

سوپاس و ستایش

بۆ پەروەردگاری جیهانیان ،

کە یارمەتی داین بۆ ئەم کارە پیرۆزە

مامۆستا / حسین قادر پێنجوینی

پێرست


| بابەت | ژمارە |
| --- | --- |
| پێشەکی | ٥ |
| **بەشی یەکەم : بنچینەکانی باوەڕ** | ٩ |
| **یەکەم: باوەڕ بە خودا** | ١٣ |
| أ- یەکتایی پەروەردگاریێتی | ١٣ |
| ب- یەکتا ناسینی خودی (الله) لە خوایەتیدا، پەرستن | ١٨ |
| ج- یەکتا ناسینی خودی (الله) لەناو سیفاتدا | ٢٣ |
| چەشنەکانی سیفات | ٢٦ |
| **دووەم: باوەڕ بە فریشتەکان** | ٣١ |
| چۆنیەتی دروست بونیان | ٣٣ |
| پەیوەندی فریشتەکان بە خودی ( ﷲ) وە | ٣٥ |
| پەیوەندی فریشتەکان بە بونەوەر | ٣٥ |
| پەیوەندی فریشتەکان بە مرۆڤەوە | ٣٦ |
| ژمارەی فریشتەکان | ٣٩ |
| کارتێکردنی فریشتە لە ژیانی مرۆڤـدا | ٤١ |
| **سێیەم: باوەڕ بەو پێغەمبەر و رەوانەکراوانەی کە لە قورئاندا ناوبراون** | ٤٣ |
| ئەپێغەمبەرو ڕەوانەکراوانەی ناویان لەقورئاندا هاتوە | ٤٣ |
| کۆششکار و خاوەن توناکان (أولو العزم) | ٤٥ |

| | |
|---|---|
| ئەوەی پێویستە لە سەرمان بەرامبەر پێغەمبەران | ٤٧ |
| باوەڕ بە پێغەمبەری ئیسلام محمد(ﷺ) | ٥٠ |
| **چوارەم: باوەڕ بە پەڕاوەکانی خودی ( ﷲ)** | ٥٦ |
| ئەو پەڕاوانەی لە قورئاندا ناویان هاتوە | ٥٥ |
| باوەڕمان بەجیازی قورئان لە پەڕاوەکانی تر | ٥٨ |
| ئەو بەڵگانەی ڕوونکەرەوەی گۆڕنکاین لەپەڕاوەکانی تردا | ٥٩ |
| **پێنجەم: باوەڕ بە ڕۆژی دوایی** | ٦٣ |
| گرنگی دانی قورئان بەم ڕۆژەو حیکمەتەکەی | ٦٣ |
| بەڵگەکانی ڕۆژی دوایی ڕەواندنەوەی گومانی بێبڕوایانن | ٦٨ |
| درێژەی بڕوابوون بە ڕۆژی دوایی: | ٧٤ |
| ١- فیتنەی گۆڕ پرسیاری دوو فریشتە | ٧٤ |
| ٢- سزاو بەهرەکانی گۆڕ | ٧٥ |
| ٣- نیشانەکانی ڕۆژی دوایی | ٧٧ |
| نیشانە گەورەکان: | ٨٠ |
| ١-هەڵهاتنی ڕۆژ لە ڕۆژئاواوە | ٨٠ |
| ٢-دەرچونی (دابە) | ٨١ |
| ٣-دەرکەوتنی دەجال | ٨٢ |
| ٤-دابەزینی حەزرەتی عیسا | ٨٤ |
| ٥-دەرکەوتنی یەئجوج و مەئجوج | ٨٥ |
| ٤-سەرەتای ڕۆژی دوایی | ٨٧ |

| | |
|---|---|
| | |
| ٥-بوژانەوە(البعث) | ٨٨ |
| ٦-کۆکردنەوە (الحشر) | ٨٩ |
| ٧-پاداشتی کردەوەکان | ٩٠ |
| ٨-خستنە ڕوو لێپرسینەوە | ٩١ |
| ٩-حەوز (الحوض) | ٩٥ |
| ١٠-ترازوو (المیزان) | ٩٦ |
| ١١-پرد (الصراط) | ٩٧ |
| ١٢-بەهەشت و دۆزەخ | ٩٩ |
| **شەشەم: باوەڕ بە قەزا و قەدەری خودی (ﷻ)** | ١٠٣ |
| مانای باوەڕ بەقەدەر | ١٠٥ |
| بەڵگە هێنانەوەی بێ بڕواکان بەقەدەر | ١٠٩ |
| شاردنەوەی قەدەر و کەراهیەتی ڕۆچون | ١١١ |
| دیاردەو و شوێنی قەدەر لە بیروباوەڕی موسوڵماندا | ١١٢ |
| باوەڕ بە قەدەر پێچەوانەی وابەست بوون بە هۆکانەوە نی یە | ١١٨ |
| راستەقینەیی باوەر | ١٢٠ |
| زیادبوون و کەم بوونی باوەڕ | ١٢٣ |
| گرنگترین هۆکانی زیاد کردنی باوەڕ | ١٢٥ |

| | |
|---|---|
| **بەشی دووەم:**<br>**بەتاڵ کەرەوەکانی باوەڕ** | ١٤٠ |
| ١- کەی کافر دەبێتە بڕوادار | ١٣٤ |
| ٢- کەی باوەڕدار کافر دەبێت | ١٤٠ |
| ئەو ئاکارانەی دەبنە هۆی دەرچون لەدینی خوا | ١٤٢ |
| رازی بوون بە کوفر و رازی نەبوون بە ئیسلام ... کوفرە | ١٥٠ |
| ١-ڕازی بوون بە کوفر | ١٥١ |
| واتای دۆستایەتی بێ باوەڕان | ١٥٧ |
| ٢-ڕازی نەبوون بەئیسلام | ١٦٦ |
| خۆپاراستن لە بێباوەڕێتی ( تکفیر) کردنی کەسانی دیاری کراودا | ١٧٣ |
| <u>*کۆتایی*</u> :روونکردنەوەیەك دەربارەی ئەوانەی یاخی دەبن لە فەرمانی خواو تاوان ئەنجام دەدەن | ١٧٦ |
| زانایانی سوننەت سزای تاوانبارانیان بە پێی دەقە شەرعی یەکان دەست نیشان کردووە | ١٨٣ |
| گوناهە گەورەکان | ١٨٦ |
| هۆکانی رزگار بوونی تاوانکاران لە سـزادان | ١٩٢ |
| پێرست | ١٩٩ |




ئیمان بە خودا واتە باوەڕهێنان بە بوونی، بەوەی یەك خودای تاك و تەنهایە، پەروەردگارمانە، خودامانە.
ئیمانمان بە فریشتەکان هەیە لەو سنوورەدا کە قورئان و سوننەت هەواڵیان لە بارەیانەوە پێگەیاندووین. ئەوانیش ئافەریدەکراوی نوورانین کە بە هەستەکانمان نایانبینین.
بنچینەکانی ئیمان شەشن، ئیمان بە خودای گەورە، بە فریشتەکان، بە کتێبە ئاسمانیەکان، بە نێردراو و پێغەمبەران، بە ڕۆژی دوایی، بە قەدەر بە خێر و بە شەڕی یەوە.

Sara Bookshop
ISBN-10: 1236748298
9 781236 748294

کتێبخانەی سارا
بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە
نرخ 3500

کتێبخانەی سارا